ئایندە

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات
ژمارە (٥)، ساڵی سێیەم، پاییزی ٢٠٢٢ز، ١٤٤٤ك، ٢٧٢٢ کوردی

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا

لێکەوتەکانی لەسەر جیهان و هەرێمی کوردستان

چەردەیەك لەسەر پێغەمبەرناسی لای مەحوی

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا - هۆکارەکان - سیناریۆکان

گازی سروشتی هەرێمی کوردستان لەنێو ململانێ جیهانییەکاندا

جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا

لێکەوتەکانی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

ئایندە

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ژمارە (٥)، پاییزی ٢٠٢٢ ز - ١٤٤٤ ك - ٢٧٢٢ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

(Ahmadwerti@yahoo.com - 07504486227)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی کوردی

ڕێکان تەحسین ساڵەیی

(Rikan.tahseen@gmail.com - 07507264864)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی عەرەبی

یوسف کەمال هەولێری

(Stampoahy@gmail.com - 07503791474)

دیزاینی ناوەوە و بەرگ

ڕابەر ئەحمەد وەرتی

دەستەی نووسەران

یاسین عەبدوڵڵا وەرتی هیدایەت جەمال قەرەداغی هەردی ئەنوەر

ڕاوێژکاران

پ.د. عوسمان عەلی د. عبدالرحمن صالح میران

نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی عەلی ئیبراهیم حەسەن

ناوەرۆك

سەروتار	٤
شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا.. هۆکارەکان .. سیناریۆکان	٦
جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی	٢٥
جەنگی ئۆکرانیا و ڕووسیا.. سەرج و تێبینی	٤٠
جەنگی ڕوسیا - ئۆکراینا و کاریگەری لەسەر ئابووری و وزە لەجیهاندا مێژووی ململانێی نێوان ڕوسیا و ئۆکراینا	٥٣
لێکەوتەکانی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە سەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست	٦١
گازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە نێو ململانێ جیهانیەکاندا	٧١
شەڕ لە ناو یەکماڵدا	٧٦
پرسگەکانی ئایندەناسی: پیشەسازی چەکسازی و نەخشەی خۆپرچەککردن لەداهاتوودا: پرسگەی دووەم	٨٤
پەروەردەی ئیسلامی و شوناسی گەلێك	١٠٥
کاریگەری چیرۆکی منداڵان لە سەر پەروەردەیەکی تەندروست	١٠٨
چەردەیەک لەسەر پێغەمبەرناسیی لای مەحوی	١١٢
بنەماکانی بەختەوەری خێزان	١٢١
ئایا وڵاتانی ئەوڕوپا ناچارن سنوورەکانی خۆیان بە ڕووی کۆچبەراندا بکەنەوە؟!	١٢٤
مەرجەکانی بڵاوکردنەوە	١٢٨
بەشی عەرەبی	١٢٩

نووسینەکان گوزارشت لە ڕای خاوەنەکانیان دەکەن و
گۆڤاری ئایندە لێیان بەرپرسیار نییە

تەوەری ژمارە

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی لەسەر جیهان و هەرێمی کوردستان

سەروتار

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا

سەرنووسەر

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە لە ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٢ بە پەلاماردانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا دەستی پێکرد، بە یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی چارەگی یەکەمی ئەم سەدەیە دێتە هەژمار، کە پاڵنەرەکانی فرە چەشنن و ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و جوگرافی و ئەمنی و سەربازی و تەنانەت ئاینی لەخۆ دەگرێت.

کاریگەری و لێکەوتەکانی شەڕەکەش لەسەر زۆربەی وڵاتانی جیهان دەرکەوتوون و لە ئایندەشدا زیاتر دەردەکەون، جگە لە زیانە مرۆییەکانی و، پەلکێشکردنی وڵاتانی تر بۆ بوون بە لایەنداری بەرە و جەمسەرێکی شەڕەکە و ناسەقامگیری زیاتری جیهان و دروستبوونی دۆخێکی ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیش، شەڕەکە دەبێتە مایەی برسێتی زیاتر و کاریگەری گەورەی لەسەر ئاسایشی خۆراك دەبێت لە جیهاندا.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی (هیومان رایتس وۆچ) لە راپۆرتێکدا کە ماوەیەك لەمەوبەر بڵاوی کردەوە، هۆشداری دا کە هێرشەکەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا دەبێتە مایەی زیادبوونی برسێتی لە جیهاندا و بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا.

ڕێکخراوی ناوبراو، ئاماژەی بەوەداوە کە ڕووسیا و ئۆکرانیا، سەرچاوەی سەرەکی هەناردەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانن بۆ ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیاو پشێوی و ئاڵۆزییەکانی پەیوەست بە شەڕی ئەو دو وڵاتە، لە ئێستاوە بۆتە هۆی زیادبوونی نرخی مادده خۆراکییەکان کە خۆی لەبنەڕەتدا نرخی خۆراك لە بەرزبوونەوەدا بوو و ئەمەش بۆتە مایەی قوڵتربوونەوەی هەژاری.

جەختیش لەوە دەکاتەوە بەبێ گرتنەبەری ڕێکاری تەواو لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی گەیاندنی خۆراك و بەرگەگرتنی توانای تێچوونی کڕینی خۆراك، ئەوا شەڕەکە قەیرانی خۆراك لە جیهاندا

قوڵتر دەکاتەوە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا. هەر بۆیە ڕێکخراوەکە داوا لە حکومەتەکان ڕێکاری پێویست لەو بارەوە بگرنە بەر.

هەروەها بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ناسراو بە (فاو)، مەترسییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیای لەسەر ئاسایشی خۆراک لە جیهاندا خستۆتەڕوو و ڕوونیکردۆتەوە کە شەڕەکە بەڕێژەی (٩,٣٪) کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراک لە وڵاتانی ئاسیا هەبووە، بەڵام کاریگەرییەکەی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای باکوور تەنها (١,١٪)ە.

هەر بەپێی راپۆرتەکە، شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا، بەڕێژەی (٢٢,٨٪) کاریگەری لەسەر وڵاتانی ئەفریقیا و بەڕێژەی (٩,٨٪) لەسەر وڵاتانی ئەمریکای باشوور هەبووە.

زۆرترین کاریگەری شەڕەکەش لەسەر ئەفریقیای ناوەڕاست بووە کە پلەی یەکەمی زیانەکانی بەرکەوتووە بەڕێژەی (٦٢٪)، کۆنگۆش لە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی (٥٢٪)، ئینجا وڵاتانی سۆماڵ و مالاوی و مۆزەمبیق دێن.

لامان سەیر نەبێت کە ئەو شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا ئەم هەموو کاریگەرییەی هەبێت بە تایبەت لە بواری ئابووری و ئاسایشی خۆراکدا، چونکە ئۆکرانیا وەك پێنجەم گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری کشتوکاڵی دێتە هەژمار و بە سەبەتەی خۆراکی جیهان ناسراوە، وە بە ڕێژەی (١٩٪)ی گەنم و (١٤٪)ی جۆ و (٤٪)ی زەیت بۆ جیهان دابین دەکات، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە و بەهۆی ئەو شەڕەوە کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە دەستی پێکردووە ئەو خۆراکانە نرخیان زۆر بەرز بۆتەوە بە شێوەیەك لەماوەی (١٤) ساڵی رابردوودا وێنەیان نەبووە.

ڕێکخراوی فاو پێشترهوشداری لەوە دابوو کە لەوانەیە نرخە جیهانییەکانی خۆراك و کالاکان بەڕێژەی(٨ و ٢٠٪) بەرز ببنەوە لە ئەنجامی ئەو شەڕ و ململانێیەی لە ئۆکرانیا لە ئارادایە.

لەبەر گرنگی ئەم ڕووداوە و کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر جیهان و وڵاتی خۆمان، تەوەری ئەمجارەی گۆڤاری (ئایندە) مان تەرخان کردووە بۆ تاوتوێکردنی ڕەهەند و ئەگەر و دەرەنجامەکانی شەڕەکە، بە سوپاسەوە ژمارەیەك نووسەر و ئەکادیمی و شارەزای بوارەکە لەم تەوەرەیەدا بەشدارییان کردووە و شیکارییان بۆ دۆخی شەڕەکە و دوای شەڕەکە کردووە.

شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، هۆکارەکان .. سیناریۆکان

مەولوود باوەموراد

سەرەتایەکی پێویست

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا وا نزیکدەبێتەوە لە پێنانە هەشتەمین مانگی هەڵایسانی، بەڵام هێشتا بەرەکانی شەڕ زیاتر لە سەرەتاکانی دەسپێکردنی گەرمتر و ئاڵۆزتر بووە، بۆیە هەر گفتوگۆ و شرۆڤەیەك بۆ پێشبینیکردن، یان بۆ دەسنیشانکردنی ئەو دوا وێسگەیەی دەبێتە چارەنووسی کۆتایی شەڕ کارێکی ئەستەمە، ڕووداوە خێراگۆڕاوەکانی گۆڕەپانی شەڕ لەلایەك و ئەو فاکتە ئاڵۆز و فرە جەمسەر و فرە جۆرانەی لە دروستکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم قەیرانەدا بەشدارن لەلای دووهەمەوە، هۆکاری سەرەکیە بۆ کراوەنەوەی ئاقارەکانی شەڕ و ئاڕاستەی ڕووداوەکان بەڕووی هەرجۆرە گریمانەیەکدا.

بەر لە چوونە ناو قسەکردن لەسەر قۆناغی ئێستای شەڕ و سیناریۆکانی ئاڕاستە و گریمانەکردنی ئاقارەکانی، پێویستمان بە پێشەکیەکی کورتە وەك سەرەتایەك بۆ ئاماژەکردن بە چەند لایەن و بوارێکی وەك جۆر و ڕۆڵی سەردەکە کەخاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوەن لە هەڵگیرسان و ئەنجامەکانی، بەهەمانشێوە جیوپۆلەتیکی وڵاتەکان جێکەوتەی ئەرێنی ونەرێنی خۆی هەیە لەسەر ئاڕاستەی ڕووداوەکان سەرباری دیمەنی دیمۆگرافی پێکاتەی دانیشتوان و ژمارەیان لەهەردوو لاتدا:

یەکەم: کۆماری یەکیەتی ڕووسیا:

فیدراسیۆنی ڕووسیا، میراتگری «یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی» ڕابردوە، کورتکراوەکەی «یەکیەتی سۆڤیەت» بوو، ئەم کۆمارە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ بە سەرکردایەتی «ڤلادیمیر ئیلیچ لینین»دامەزرابوو.

کێشە ناوخۆییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت و شۆڕش و یاخیبوونەکانی جەماوەری کۆمارە ئەوروپیەکانی سەر بە یەکیەتی سۆڤیەت، کەلەلایەن حزبە شیوعیەکانەوە بەڕێوە دەبران «میخایل گورباشۆف»ی دوایین

سەرۆك و هەشتەمین سەرۆكی یەكیەتی سۆڤیەتی پاش شۆڕشی ئۆكتۆبەر گەیاندە ئەوەی لەڕۆژی ١٩٩١/١٢/٢٥ دا وتارێك ئاڕاستەی گەلی سۆڤیەت بكات و تیایدا هەڵوەشاندنەوەی نووسینگەی سەرۆك كۆمارەكانی یەكیەتی سۆڤیەتی ڕاگەیاند، و تەواوی دەسەڵاتەكانی خۆی بەدەسەڵاتی چەكی ئەتۆمیشەوە ڕادەستی «بۆریس یەلسن» كرد وەك سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت، بۆ ڕۆژی دوای ئەوە ١٩٩١/١١/٢٦بە دەرچوونی ڕاگەیەنراوی ناسراو بە» ئێچ ١٤٢» لەلایەن «ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت»[١] وە كۆتایی بە هەبوونی یاسایی «یەكیەتی كۆمارەكانی سۆسیالیستی سۆڤیەت» هێنراو، ئاڵای سوری سۆڤیەت لەسەر كۆشكی «كرملن» و دامودەزگە فەرمیەكانی ئەو وڵاتە هێنرایە خوارەوە، لەبری ئەو ئاڵای سێ ڕەنگی ڕووسیا لەجێی هەڵكرا.

بە چەند ڕۆژێك بەر لەم بەروارانەی سەرەوە لە ١٩٩١/١٢/٢١ ژمارەیەك لە سەركردەی كۆمارەكانی سۆڤیەت كۆبوونەوەیەكیان لە شاری «ئەلما ئاتا»یان ئەلماتی كازاخستان گرێدا كە بریتی بوون لە (ڕووسیا، بیلاڕوس، ئۆكرانیا، ئەرمینیا، مۆڵدۆڤا، كازاغستان، تاجیكستان، توركمانستان، ئۆزبەگستان، قیرقیزستان، ئازەربایجان.) ئەم یانزە وڵاتە شەشیان لەكۆمارە موسڵمان نشینەكانی یەكیەتی سۆڤیەت بوون»كازاغستان، تاجیكستان، توركمانستان، ئۆزبەگستان، قیرقیزستان، ئازەبایجان) - زۆربەیان لە ڕەچەڵەكە جیاوازەكانی توركن-. لە كۆبوونەوەكەدا پرۆتۆكۆلی پرەنسیپ و ئامانجەكانی ڕێكخستنەوەیەكی نوێی پەیوەندی نێوان كۆمارەكانی سۆڤیەت واژۆكرا لەژێر ناونیشانی «یەكیەتی وڵاتە سەربەخۆكانی ڕووسیا» لەكۆبوونەوەكەدا سێ بڕیاری گرنگ دران:

١- هەر وڵاتێكی ئەم فیدراسیۆنە لەسنوورەكانی خۆیاندا وڵاتی سەربەخۆن، هەركاتێك ویستیان دەتوانن جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیەنن.

٢- ڕووسیا نوێنەرایەتی یەكیەتی وڵاتە سەربەخۆكان بكات لە وەرگرتنی كورسی ئەنجومەنی ئاسایسی نێودەوڵەتی.

٣-كۆدی بەكارهێنانی چەكی ئەتۆمی بەدەست ئەو كەسەوە بێت كە دەبێتە سەرۆكی ڕووسیا، بەڵام بەبێ ڕەزامەندی سێ كۆمارەكەیتر بەكاری نەهێنێ «ڕووسیا، كازاخستان، ئۆكرانیا».

هەر لەو کۆبوونەوەدا بڕیاری کۆتاییهێنان بەکیەتی سۆڤیەت درا، وەك لە سەرەوە ئاماژەی بۆکرا چوار ڕۆژ دوای ئەو بەرواره ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت هەڵوەشاندنەوەی کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی ڕاگەیاند.

*جیۆپۆلەتیکی ڕووسیا:

ڕووسیا لە ڕووی ڕووبەرەوە گەورەترین وڵاتی جیهانە، دووهێندەی دووهەم وڵاتی گەورەی جیهانە کە «کەنەدا»یە-(١٧،١)ملیۆن کم٢-، سنووره جوگرافیەکانی دەکەوێتە هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا، هاوسنووره لەگەڵ دوو ئۆقیانووسی گەوره» ئۆقیانووسی ئارام» لە ڕۆژهەڵاتەوە کردویەتیە هاو سنور لەگەڵ ویلایەتی ئالاسکای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، «ئۆقیانووسی بە ستەڵەکی باکوور» هەموو باکووری ڕووسیای لەسەره، لە باکوور وباشووری ڕۆژئاواوە دراوسێی فیلەندا و بیلاڕوس وئۆکرانیایە، لەگەڵ ژمارەیەك لە وڵاتانی ئاسیا وەك جۆرجیا وئێران لەدەریای قەزوێنەوە، لە باشوورەوە هاوسنووری چین و هندستان و کۆریا و یابان وچەندین وڵاتیتره، بەگشتی هاوسنووره لەگەڵ ١٥ وڵاتدا.

*ژمارەی دانیشتوان وپێکهاتەی:

ژمارەی دانیشتوانی ڕووسیا لە دوا سەرژمێری فەرمی ئەو ئەوڵاتە ٢٠١٢ی «١٤٩» ملیۆن کەسە، واتە بەو ڕووبەره فراوانەوە دانیشتوانی کەمتر لە وڵاتی «پاکستان ٢٣٨ ملیۆن» و «بەنگلادش ١٦٤» و«ئەندۆنیسیا ٢٧٥ ملیۆن»[٢] زۆربەی دانیشتوانی ڕوسیا سەربە ئاینی مەسیحی ئەرسۆزەکیسی کەنیسەی مەشریقین، بەڕەگەز سلاڤین و پێکهاتەی ڕووسی زمان ٦٧٪ دانیشتوان پێدەهێنن.

*سەرۆکی وڵات:

لە ئێستای زەمەنی شەڕی ڕووسیا/ ئۆکرانیادا «ڤلادیمێر پۆتین» سەرۆکی وڵاتی ڕوسیایە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٢ شاری «سان پترسبورگ» لە پاشماوەکانی سیستمی سۆسیالیستی ڕابردوە، لەهەناوی دەزگای هەواڵگری (KGB)یەوە هاتووەتە ناو دنیای سیاسیەت، لە ساڵی ١٩٧٥ وە پەیوەندی بە دەزگای هەواڵگری «ك.ج.ب» یەکیەتی سۆڤیەتی جارانەوە کردووە لە بەشی ڕووبەڕبوونەوەی سیخوری، ساڵی ١٩٩١ لە پلەی «کۆلۆنێل»دا دەستی لە کارکردن لەودەزگایە کێشاوەتەوە، خوێندنی یاسای تەواوکردوە، هەڵگری بڕوانامەی

دکتۆرایە لە فەلسەفەی ئابووریدا، لە سـالی ٩٩٩١دا یەکێك بوو لەوسێ کەسەی کرانە جێگر لە نووسینگەی تایبەتی سەرۆك- سەرۆك یەلسن- لە ئەنجومەنی وەزیرانی ڕووسیا، لەکانونی یەکەمی هەمان ساڵدا، سەرۆك کۆمار «بۆریس یلسن» بەشێوەیەکی کوتوپڕ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەسەرۆکایەتی ڕوسیا ڕاگەیانـد و پۆستەکەی ڕادەستی ڤلادیمیر پۆتین کرد، وەك سەرۆکـی کاربەڕێکەری سەرۆکی ڕووسیا.

لە ساڵی ٢٠٠٠وە تا ئێستە لە لـوتکەی دەسەڵاتی ڕوسیادایە وەك سـەرۆك کۆمار و جـارێکیش وەك سـەرۆك وەزیـران، بەگوێرەی یاسـا دەبوو ساڵی ٢٠٢٤ کـۆتایی بە خولی سـەرۆك کۆماری بێت، بەڵام لەم دواییانەدا گـۆڕانکاری لە دەستوری ڕوسیادا کرا، کە ڕێگە دەدات سـەرۆك پۆتین تا ساڵی ٢٠٣٥، لە پۆستەکەیـدا بمێنێتەوە، سەرۆك پۆتین بەوە ناسراوە کـە دەستێکی پۆڵاینی هەبووە لە دامرکـاندنەوەی جوداخوازی وخۆپیشـاندان و ناسەقامگیریەکـانی ڕوسیادا، تاسەرئێسقان ناسیۆنالیستێکی ڕوسی نەژادە.

لە ساڵانـی «٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥» پلەی یەکەمی لەنێـو کەسایەتیە کاریگەر وخاوەن نفوزەکانی جیهاندا بەدەستهێناوە بەگوێرەی گۆڤاری «فۆرس»ی ئەمریکی.

سەرۆك پۆتین لەکاروباری وڵاتدا بایەخی خۆی لەسەر دوو بوار چڕکردوەتەوە:

١-کاروباری بەرگـری و بەهێزکردنی هێزی بەرگری ڕووسیا بەهەمـوو جۆر و پێکهاتە وئاست وئەرکەکانیانەوە.

٢-کاروباری سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیـا، هەمیشە چاوی لەسەر پڕکردنەوی بۆشاییەکانە بۆ دۆزینەوەی کەلەبەری ئامـادەیی ڕووسیا لە گـۆڕەپانی نێودەوڵەتـی و دەستێوەردانە کێشەی وڵاتان، وەك خـۆی دەڵێت: ئێمە مژدەی خەڵەتێنەری دیموکراتیەت و ئازادی ئەمشتانەمان پێنییە، لە کوێ سـەقامگیری وپاراستنی ئاسایشـی وڵاتێك پێویستی بە ئێمە هەبێت لەوێ ئامادەین... بۆ ئەم دووئەرکەش دووهاوبیر و متمانە پێکراوی هەن «سێرگی لاڤرۆڤ» وەزیری دەرەوە لە سـاڵی ٢٠٠٤ وە، «سێرگی شویگۆ» وەزیری بەرگری لە ساڵی ٢٠١٢ وە، هەردووکیان ئەندامی حزبەکەی سەرۆك پۆتینن «حزبی ڕووسیای یەکپارچە» لەپشـت پـەردەوە قسەی ئەوە هەیە کـە لەحاڵەتی نەمانی سەرۆك بۆتین لەپۆستەکەیدا شویگـۆ جێگرەوەی دەبێت.[٣]

ئەلیکسەندەر دۆگـین کـە بە فەیلەسوف و خاوەن تیۆری چوارەمـی سیاسیەت و عەقڵی

له كۆنەوە «كلۆز ڤیج» بەگوتە بەناوبانگەكەی گوزارشی لەوە كردووە: كە شەڕ شتێك نیە جگە لە بەردەوامی سیاسەت نەبێ بەڵام بە ئامرازگەلی تر

پۆتین دادەنرێت، دەربارەی پۆتین دەڵێت: ڕووسیا ئەمڕۆ پۆتینە، پۆتین داهاتووی ڕووسیایە، پۆتین تا لەژیاندایە زەعیمە.(٤)

دووهەم: وڵاتی ئۆكرانیا:

*جیۆپۆلەتیك ودیمۆگرافیا:

یەكێكە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ ڕووسیا، لە باكوورەوە بیلا ڕووسیا، پۆڵەندا و مەجەر و سلوفاكیا لە ڕۆژئاواوە، دەریای ڕەش ودەریای ئازۆفت و دورگەی قرم ومۆڵداڤیا و ڕۆمانیا لەباشوورەوە سنووره جوگرافیەكانی ئەم وڵاتە دەسنیشاندەكەن، لە ڕووی ڕووبەرەوە بە گەورەترین وڵاتی ئەوروپا دێتە ئەژماركردن. هەروەها بە یەكەم وڵاتی ئەوروپا دادەنرێت لەڕووی بەرهەمهێنانی دانەوێلەوە(گەنم، جۆ، زەڕات، ڕۆنی گوڵبەڕۆژە،...هتد.

سەرزەمینی ئۆكرانیا لە مێژوودا شوێنی سەرهەڵدان و گەشەكردنی سلاڤی نەژادەكانە لەو بەشەی جیهاندا، كە بەزمانەكانی ڕووسی و ئۆكرانی و بیلاڕووسی و پۆڵۆنی قسە دەكەن، سەربەهەمان ڕەچەڵەكی زمانن، هەموویان لە سەدەی نۆیەمی زاینیەوە تاماوەیەكی زۆر لەچوارچێوەی دەوڵەتی «ڕوس كییڤدا» بوون.

ژمارەی دانیشتوانی بەگوێرەی خەمڵاندنی بانكی نێودەوڵەتی لەساڵی ٢٠٢١دا نزیكەی «٤٤» ملیۆن كەسە لەڕووی دیمۆگرافیەوە ٧٨٪ دانیشتوانەكەی ئۆكرانی نەژادن، ١٧٪ ڕوسی نەژادن و سەربەكەنیسەی ئۆرسۆزەكسی شەرقی ڕوسین، بەشی هەرەزۆریان دەكەونە ڕۆژهەڵاتی ئۆكرانیا لەناوچەی دۆمباس، بەشەكەیتری دانشتوان دابەشبوون بەسەر ڕۆمانی بیلاڕوسی ومەجەریدا. لەڕوی ئاینیەوە- جگە لە پێكهاتەی ڕوسی نەژاد- زۆربەی دانیشتوانەكەی مەسیحی سەربە مەزهەبی كەنیسەی ئۆرسۆزەكسی مەشریقین لە كییڤی پایتەختدایە.

***مێژووی نوێی پەیوەندی ڕووسیا و ئۆکرانیا:**

ئۆکرانیا یەکێکە لە وڵاتانی دامەزرێنەری یەکیەتی سۆڤیەتی جاران، هەرلەسەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە لە ساڵی ١٩٢٢دا، بووەتە کۆمارێکی ئەو وڵاتە بەناوی «کۆماری ئۆکرانیای سۆسیالیستی سۆڤیەتی» هەتا کۆتایی هاتنی یەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، دواتر بووەتە یەکێك لە وڵاتە پێکهێنەرەکانی «فیدراسیۆنی وڵاتە سەربەخۆکانی ڕووسیا» و لە ٢٠١٨/٥/١٩ لەو فیدراسیۆنەش کشایەوە.

ئۆکرانیا لەڕووی سەربازیەوە بە خاوەن دووهەم گەورەترین سوپای ئەورووپا دادەنرێت، لەبەر ئەوەی لەوڵاتانی سەرەتای دامەزراندنی یەکیەتی سۆڤیەت بووە، وەجێکەوتەیەکی گرنگی جوگرافی هەیە وەك هێڵی پشتەوەی پەیمانی وارشۆ، جێگەی بایەخی سەربازی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران بووە، بنکەی ئەتۆمی چرنۆبڵ و کارگەی گەورەی پیشەسازی سەربازی دروستکردنی تەقەمەنی و ڕۆکێت و تانك و زرێپۆش و جۆرەها تۆپی دورهاوێژ، تا ئەو ڕادەیەی ئێستە ئۆکرانیا بەقەبرستانی تانك و زرێپۆشە لەکارکەوتووەکانی سەردەمی سۆڤیەتی جاران دادەنرێت، هەروەها گەورەترین بنکەی ئوستوڵی جەنگی یەکیەتی سۆڤیەت و ئێستای ڕوسیا لە بەندەری «سیڤاستۆپۆڵ»ی دورگەی قرمە، دورگەی قرم پێشتر بەشێك بووە لە وڵاتی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران، لەساڵی ١٩٥٤دا بەفەرمانی «نیکیتا خرۆشۆف» خراوەتە سەر کۆماری ئۆکرانیای سۆسیالیستی سۆڤیەتی، خرۆشۆف خێزانەکەی ئۆکرانی بوو، بۆیە بەتانەلێدانەوە ئەم بڕیارەیان ناونابوو «دیاری خرۆشۆف». بەم شێوەیە دورگەی قرمی سۆڤیەتی، بوویە دورگەی قرمی ئۆکرانی، و لەساڵی ٢٠١٤دا ڕوسیا داگیریکرد و بوویە دورگەری قرمی ڕوسی.

بەسەرنجدان لەم گرنگیانەی ئۆکرانیا «بریجنسکی» ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیي

فراوانبوونی ناتۆ بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات مەترسییەکی ڕوونە لەسەر ئاسایشی ڕووسیا، ئەگەر تەماحی ناتۆ نەبووایە بۆ ڕاکێشانی ئۆکرانیا بۆناو لیستی ئەندامانی، ئەوە کێشەیەکم لەگەڵ ئۆکرانیا نەدەبوو

ئەمریکی وتوویەتی: ئەگەر ڕوسیا دەسبەسەر ئۆکرانیادا بگرێت، دەتوانێت سەرلەنوێ ئیمپراتۆریەتەکەی بونیاد بنێتەوە. بەمانایەکیتر ئەم قسەیەی لێدەگێڕنەوە: ڕوسیا لەگەڵ ئۆکرانیا ئیمپراتوریەتە، بەبێ ئۆکرانیا تەنها دەوڵەتێکە وهیچیتر.(٥)

*سەرۆکی وڵات:

لە ئێستای کاتی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا «فلادیمیر زلینیسکی» سەرۆك کۆماری ئۆکرانیایە، لە ساڵی ١٩٧٨ لەدایك وباوکێکی یەهودی ناوچەی ڕووسی نشینی ڕۆژهەڵاتی باشووری ئۆکرانیا لەدایکبووە، لەزانکۆی کییڤ کۆلێژی یاسای تەواوکردوە، زمانەکانی جگە لە ئۆکرانی ڕوسی و ئینگلیزی و عیبری دەزانێت. زلینیسکی هیچ پێشینە و ئەزمونێکی کاری سیاسی نیە، ئەکتەرێکی شانۆکار وسینەمایی کۆمیدیە، خاوەنی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی فیلم و فیلمی کارتۆنی درامای کۆمیدی سیاسیە، وەك لە درامای «خزمەتکاری گەلدا» خۆی ڕۆڵی سەرۆك کۆماری تیادەبینی، دەنگدانەوەی باشی لەناو خەڵکی ئۆکرانیا لێکەوتەوە و بەجەماوەری ناساند.

خۆی بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٩ی سەرۆکایەتی کۆماری ئۆکرانیا پاڵاوت و لەخولی دووهەمدا بە بەدەستهێنانی ٧٣٫٢٪ دەنگەکان پۆستەکەی لە ڕکابەرەکەی بردەوە، شارەزایان فاکتەری بەهێزی بردنەوەی زیلینسکی دەگێڕنەوە بۆ فراوانی پەیوەندیەکانی لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و تۆڕەکانیتری پەیوەندی ئەلکترۆنی.

پاساو و ئامانجەکانی شەڕەکە لەدیدی ڕووسیاوە:

وەك لە کۆنەوە «کلۆز ڤیج» بەگوتە بەناوبانگەکەی گوزارشی لەوە کردووە: کە شەڕ شتێك نیە جگە لە بەردەوامی سیاسەت نەبێ بەڵام بە ئامرازگەلی تر.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕووسیا لە بەرەبەیانی ٢٠٢٢/٢/٢٤ دا هێرشی سەربازی کردە سەرخاکی ئۆکرانیا، دەبێت لەدیدی سەرکردایەتی ڕووسیاوە سۆراخی پاساوە سیاسیەکانی شەڕەکە بکرێت، کە سەرۆك پۆتین ناوی نابوو «کردەی سەربازی» ئەگەرچی ئەم ناولێنانە لەکاتی خۆیدا بۆهێورکردنەوەی وڵاتانی جیهان بەگشتی و خاوکردنەوەی کاردانەوەکانی وڵاتانی ئەوروپا وئەمریکا بوو، هەندێك لەلایەنگرانی ڕوسیا وای لێکدەدەنەوە ئەم ناولێنانە واتای «تەمێکردنی» ئۆکرانیایە نەك هەوڵی داگیرکردنی.

سەرۆك پۆتین لە وتارێکی درێژی پێش دەسپێکردنی هەڵمەتە سەربازیەکەی بۆسەر ئۆکرانیا پاساوەکانی لە سێ خاڵدا دەسنیشانکرد، دواتر لەچەندین وتار وبۆنەی جیاوازدا بە دەربڕینی جیاواز هەمان پاساوەکانی هێرشەکە و ئامانجە سیاسیەکانی ڕوسیای لەجەنگەکەدا لەو خاڵانەدا دووبارە دەکردەوە:

١-ئۆکرانیابووەتەمۆڵگەی پیلانگێڕی ڕۆژئاوا و پەیمانی ناتۆ وئەمریکا و هاوبەشەکانیان، بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا، ئۆکرانیا دەیەوێت ببێتە بەشێك لە پەیمانی ناتۆ و سنوورەکانی وڵاتەکەمان لەسەرداخات و دوژمن بێنێتە سەرماڵمان، ئەمریکا و ناتۆ و هاوبەشەکانیان دەیانەوێت گەمارۆی سیاسیی وسەربازی وڵاتەکەمان بدەن، بنکەی ئەتۆمی سەربازی بێننە ناوماڵمان وسەروەری وئاسایشی نەتەوەییمان وێرانکەن، لەهەر ساتێکی گونجاودا ڕوسیای ئیتحادی دابەشبکەنەوە. ئۆکرانیایان کردوەتە سەرزەمینی تۆڕی جاسوسی، لەڕێگەی دەیان ڕێکخراوی جۆراوجۆری بەناو مەدەنیەوە.

٢- دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا، بەدەست نازیە نوێکانی ئۆکرانیاوە گیرۆدەبوون، تەنها لەبەرئەوەی بەرەچەڵەك ڕووسین و لایەنداریان بۆنیشتمانی ڕووسیا هەیە.

٣- دەبێ سیستمی یەك جەمسەری جیهان نەمێنێ، ڕووسیا و لایەنەکانیتر بەشداری بڕیارە جیهانیەکان بن و ڕۆڵیان هەبێت لەکێشە جیهانیەکاندا، ئەمریکا و پەیمانی ناتۆ وهاوبەشەکانیان، جیهانێکی یەك جەمسەری ناعادیلانە وناهاوسەنگ بە زەبروزەنگ بەڕێوە دەبەن.

وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا وپەیمانی ناتۆ دید وتێگەشتن و ڕوانینیان بۆ ئەم پاساوانە هەرچۆن بێت، بەڵام لەبیرکردنەوەی سەرۆك پۆتیندا بابەتگەلێکی ستراتیژی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا و پێگەی جیۆسیاسیی جیهانیی ڕووسیایە، سەرباری ئەوەی کە سەرۆك پۆتین لە قووڵایی بیرکردنەوەیدا ناسیۆنالیستێکی ڕووسییە، چاوی لەسەر شکۆ و مەزنی مرۆڤی ڕووسییە، لەهەر جێگەیەکی دنیادا هەبێت.

بۆ زیاتر دڵنیابوون لەم بۆچوونانەی سەرەوە، کە سەرۆك پۆتین تەنها وەك بانگەشەی پاساوی کردە سەربازیەکەی ڕایگەیاندون، پێگەی ئەلکترۆنی «ناشیۆناڵ ئینترێست»ی ئەمریکی دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووسی ڕوسی «کۆنستانتین ڕیمشکۆف»ی بڵاوکردوەتەوە بە ناونیشانی «سەرۆك پۆتین بیر لەچی دەکاتەوە وچی

هەندێ لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکەن، ئەم ڕق وکینەیە هی سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتە کە ڕووسەکان حاکمی وڵاتەکە بوون، گەلی ئۆکرانیایان چەوساندوەتەوە و بەچاوی سوك وەك بەردەست لێیانڕوانیون

دەوێت؟» گفتوگۆکە لە ٢٠٢٢/٦/١٧دا لە سان پترسبورگ ئەنجامدراوە:

* فراوانبوونی ناتۆ بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات مەترسییەکی ڕوونە لەسەر ئاسایشی ڕووسیا، ئەگەر تەماحی ناتۆ نەبووایە بۆ ڕاکێشانی ئۆکرانیا بۆناو لیستی ئەندامانی، ئەوە کێشەیەکم لەگەڵ ئۆکرانیا نەدەبوو، پێشتر پەیوندی ئاسایم هەبووە لەگەڵ سەرکردە ئۆکرانیەکانی سەربە ڕۆژئاوا، پێویستە ناتۆ لەسنورەکانی ڕوسیا دووركەوێتەوە.

* لە ئۆکرانیا سوکایەتی بەمافی گەلی ڕووسیا کراوە، ناتوانێت ئەوە قبوڵ بکات کە پاراستنی مافی کەمینە ڕەگەزیەکان فەرمانێکی واجبە، بەڵام بۆ گەلی ڕوسی وانەبێت، پێیوایە بەجێهێشتنی گەلەکەت لە تەنگاوبوونیاندا، کارێکی عەیبە ومۆری سەرشۆڕیە، بۆیە پاراستنیان مایەی شەرەفمەندی وشانازیە بەهەر نرخێك بێت.

* ئێمە هەوڵی دووبارە تەرتیبکردنی سیستمی جیهانی دەدەینەوە، بێ پەنابردنە بەرجەنگێکی ئەتۆمی جیهانی، دەبێت ڕۆژئاوا هەر شێوازێکی سیاسی ناوخۆیی ڕوسیا قبوڵ بکات، لەسەربنەمای هەڵنەهاوێردن.

لە کۆتاییدا نووسەری دیمانەکە پێشبینی ئەوە دەکات کە: ئەم ململانێیە لە ئۆکرانیادا بۆ ماوەی ٤ تا ٥ ساڵیتر بخایەنێت، هەموولایەك ئامادەیی بۆئەوە وەردەگرن چونکە هیچ بناغەیەك نیە بتوانرێت ئاشتی لەسەر دابمەزرێنرێ.(٦)

لەم خاڵانەی سەرەوەدا ئەوەندەی پێوەندی بە خاڵی یەکەم، واتە کشانی پەیمانی ناتۆوە هەیە بەرەو ڕوسیا، پێشتر لە ساڵی ١٩٩١دا لە گفتوگۆی یەکخستنەوەی هەردوو بەشی ئەڵمانیادا، لە نێوان «جیمس بەیکەری» وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و «گورباشۆف»دا، لەسەرئەوە ڕێککەوتبوون کە پەیمانی ناتۆ ئەندامیەتی وڵاتانی ئەورووپی سەر بەیەکیەتی سۆڤیەتی جاران قبوڵ نەکات، جیمس بەیکەر بەڵێنی دابووێ کە: یەك بست بەرەو ڕۆژهەڵات نایەین.(٧) بەڵام پاش ساڵی ١٩٩١

لەکۆی «١٦» کۆماری سۆڤیەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا «١٤» یان ڕۆشتنە ناو پەیمانی ناتۆ، جگە لە ئۆکرانیا و بیلاڕوس، بۆریس یەلسن سەرۆك کۆماری ڕوسیا لە ١٩٩٤دا لەسەر ئەو ڕفتارەی ناتۆ ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی ئەمریکا و ناتۆ کرد.

سەبارەت بە خاڵی دووهەم: ساڵانێکی زۆرە ناکۆکی و شەڕ و نائارامی و ململانێیەکی توند، لە نێوان ڕووسی نەژادەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا کە هاوسنورە لەگەڵ ڕووسیا، لە ناوچەکانی «لۆهانسك» و «دۆنیتسك» کە بەگشتی ناوچەی «دۆمباس» پێکدەهێنن بوونی هەیە، بەتایبەت پاش داگیرکردنی دورگەی قرم -٢٠١٤- ڕوسیا ئەم ناوچانەشی خستە ژێر ڕکێفی سەربازی خۆی، وەك دوو ناوچەی سەربەخۆ لە ئۆکرانیا و سەربە وڵاتی دایك ناساندنی، ئەگەرچی جوداخوازانی ئەو ناوچانە تائێستەش بەچەکداری و لایەنگری ڕوسیاماونەتەوە، بەڵام جیابوونەوەیان لە ئۆکرانیا وەك دوو دەوڵەت یان وەك ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەستوری سەری نەگرت، بەشێك لە ئۆکرانیەکانی ئەوناوچانە، -ڕەنگە بشێ ناویان بنێین ئۆکرانچیەکان- ئەم هەنگاوەیان بەخیانەت لە نیشتمان و کلکایەتی بۆ ڕوسیا لە قەڵەمدا، نەك هەرئەوەی بەهەرشێوەیەك بۆیان بلوێ هەڵئەکوتنە سەریان و زیانیان پێدەگەیەنن و لە زۆربەی کاروبارەکان حکومیەکان دوریاندەخەنەوە، بەڵکو گروپی چەکداریی تایبەتیان لەناو سوپای ئۆکرانیادا هەیە بەناوی «ئازۆف» ئەمانە پێیانوایە نەتەوەی ئۆکرانیا سەردەستەی نەتەوە سلاڤیەکانە و ڕوسەکان مافی ڕابەرایەتی ئەوانیان نیە، هەندێ لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکەن، ئەم ڕق وکینەیە هی سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتە کە ڕووسەکان حاکمی وڵاتەکە بوون، گەلی ئۆکرانیایان چەوساندوەتەوە و بە چاوی سوك وەك بەردەست لێیانڕوانیون.

خاڵی سێهەم کە ڕووسیا بەدەستیەوە هەراسانە، سیستمی یەك جەمسەریی جیهانە کە ئەمریکا و هاوبەشەکانی سەرۆکایەتی و کۆنترۆڵیان کردووە، بڕیار و ڕێوشوێنەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی نێوان گەلانی جیهان و کێشە و قەیرانەکانی ناعادیلانە و بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان دەستێوەردانی تیا دەکەن... ڕێگە بەهیچ دەوڵەت یان کۆمەڵە دەوڵەتێك نادەن مەگەر بەمەرجی قبوڵکردن و سەرلەبەریی پرەنسیپ و بەهاکان و ڕێکارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی سیستمی سەرمایەداری لیبراڵیەتی نەبێت وە بەرجەستەکردنی ئەو پرەنسیپ و بەهایانە

لە ڕێکخستنی دەوڵەت و ئیدارەی کۆمەڵگەدا.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی کاتی شەڕ:

لەگەڵ ئـەوەی هەموو چالاکی وجووڵەیەکی مرۆڤ ئاوێتەی کـــاتە، نەمـــان و وەستانی کات مانای وەستانی هەموو ژیانە، بەڵام جیـا لەم دیدە گشـــتگیرە، هەر کار وجوڵە و هەڵوێست و بڕیارێکـــی سیاسی، پێویستی بە هەڵبژاردنی کـــات و هەلومەرجی گونجاوی تایبەت بە خۆی هەیە، بەتایبەت لەپرسێکی مەترسیداری وەك بڕیاری جەنـــــــگ، کە دراوەکان و پێشهاتەکان و دۆخی ژینگەی سیاسی ناوخۆیی، و حسابکردنێکی ورد بـــۆ کاردانەوە نێودەوڵەتیەکانی وڵاتـــان، ڕەنگە هەموو ئەمانە و زۆر فـــاکتەری تریش، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیـــان هەیە لەدیاریکردنی کاتی شەڕدا، وەك وەڵامێك بـــۆ پرسیاری لێدانی جەخماخەی شەڕلەم کاتەدا بۆ؟ شرۆڤەکارانی سەربازی و ستراتیژی جەنگ و ســـیاسەت چەند بۆچوونێکیان لەمبارەوە خستوەتەڕوو:

١- جوڵاندنی ناوخۆیی: شـــەڕ لە سەردەمی ئێستادا تەنها بەشە کلاسیکیەکەی نیە، کە سوپا و چەك و کەرەسەی جەنگی تانك و ڕۆکێتی خیراتر لەدەنگ و توانای لۆجستی و...هتد، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت، بەڵکو بیرۆکەی ستراتیژیەتی شـــەڕی موتوربەکراو- هجین-یش بەکـــاردەبرێت، بەتایبەت بەهۆی ئەو پەیوەنـدیە ئاڵوگۆڕکـراوە خێرا و هەمیشەیی و پێـــکەوە بەسـراوە فرە جۆر و فرە ڕەهەندانەی وڵاتان وگەلانی جیهانی پێکەوە بەستووە، ئابوری، دارایی، بازرگانی، تەکنۆلۆجی، و تـــەکنەلۆجـــیای زانیاری و گـــەیاندنی ئەنتەرنێـــــت، و سەدان بواریتری گـــرنگ، بەگوێرەی تیۆری شەڕی هەجین، سەرکردایەتی ڕوسیا چاوی لەسەر ئەوەبووە کە جگە لە بەشە ڕوسی نەژادەکەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا، بەخۆپیشاندان و هاندانی جەماوەر لەدژی دەسەڵاتی ئـــۆکرانیا بەشە مەدەنیەکەی شەڕەکە لەئەستۆ دەگرن، بەڵکو دەیان نوخبەی سەربازی وسیاسی و جەماوەری ئۆکرانیا ئامادەی تەقاندنەوەی دۆخەکە دەبن و ڕۆڵی کردە سەربازیەکە دەبێتە پشتیوانی و ئەرکەکە بەخەڵکی ئۆکرانیا دەسپێرێ.

٢- خوێندنەوەی ڕووسیا بۆدۆخی ئێستای پەیمانی ناتۆ، وەك هێزی هاوبەشی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە هاوپەیمانیەتیەکی سەربازی ماوە بە سەرچووی پەراوێزکەوتووی بێناوەرۆکی لەبەریەکـــهەڵوەشاوە، هیچکـــام لە وڵاتانی ئەندامی خۆیان بە خـــاوەنی ناکەن، لەگەڵ تەواوبوونی ســـەردەمی جەنگی ساردا ڕۆڵی

کردەیی و واقیعی نەمـــاوە، جێگەی متمانەی ئەندامانیشی نیە، هەروەك سەرۆك سارکوزی وتبووی: پەیمانی ناتـــۆ لەمێشکەوە مردووە، وەك سەرۆك پۆتین لــــە ووتارەکەیدا بەڕوونی ئاماژەی بە بەسەرچوونی سەردەمی ناتۆ کرد.

بەڵام بەپێچەوانەی پێشبینیەکانی ڕووسیا، نـــاتۆ کۆبوونەوەی لــوتکەی سەرانی ناتۆی لە مـــەدریدی پایتەخـــتی ئیسپانیا لە٢٨/ حوزەیرانی /٢٠٢٢ دا گــرێدا و ستراتیژیەتی تا ســاڵی ٢٠٣٠ دارشت، بەوەرگرتنی هەردوو وڵاتی سوید وفیلـەندا، وەك دوو ئەنـــدامی نوێ خۆی نۆژەنکردەوە، بەتێکڕا هاودەنگبوون لەسەر هاوکاری ئۆکرانیا.(٨)

٣- **قەیرانەکانی پەتای کۆرۆنا**، سەرۆك پۆتین و سەرکردایـــەتی سیاسی ڕووسیا، گرەویان لەسەرئەوە کردووە کە وڵاتانی جیهان تووشی قەیرانی پەتای کۆرۆنا بوون، گیرۆدەی دەیان قەیرانی دەروونـــی وکۆمەڵایەتی و ئابووری وتادەگاتە کـــار و بەرهەمهێنان و بازار وکار و خوێندن وگەشتوگوزار، لەوەها دۆخێکدا چاوەڕێ ناکرێت هیچ وڵاتێك خۆی بکات بەناو ئاگری شەڕی ئۆکرانیادا، بەتایبەت ئەمریکا کـــۆرۆنا ژیانی کۆمەڵایەتی وئابوری سیاسەتی ئەو وڵاتەی لەبێژنگ دابوو تاڕادەی دۆڕانـــــدنی سەرۆك کۆمار -ترەمپ- لە هـــەڵبژاردنی خولی سەرۆکایەتیـدا. بەزۆری بە بەیاننامەی ئیدانە و هەڕەشە و پشتیوانی مەعنەوی گەلی ئۆکرانیا تەواو دەبێت.

بەڵام تا ئێستە تەنها ئەمریکا بە «١٥» گوژمە، بایی٧,٣٢ ملیار دۆلار کۆمەکی چەك و تفاقی پێشـــکەوتووی جەنگی بۆ سوپای ئۆکرانیا ناردوە.

٤-وێناکردنــــــی دوولایەنەی سەرکردایەتی سیاسی ڕووسیا بۆ سەرۆك کۆماری ئۆکرانیا زیلینسکی، کـە کـــــەسێکی بــێ ئەزموون و خیبرەی ســــــیاسی وسەربازیە، لەسەرێکەوە بەرگەی ئیدارە وبەردەوامی شەڕەکە ناگرێت و لەوانەیە لەکەمترین کاتدا یان بەدانوسان ڕازی دەبێت بەداواکانی ڕووسیا، یان وڵات بەجێدەهێڵێت و هـــەڵدێت، و لە سەرێکیترەوە هێندە ئالودەی لیبراڵیەت و دیمــــــوکراتیەتە، گریمانەی ئەوە دەکـــرێ لەکتوپڕێکدا وڵاتەکە بکات بەناو پەیمانی ناتۆدا، و مـــەترسیەکەی ڕووسیا بکاتە واقیع.

سیناریۆ پێشبینیکراوەکانی ئاڕاستە و کۆتایی شەڕ:

وێنستۆن چەرچڵ ڕایوایە سیاســـەت واتە: توانای پێشبینیکردنی ئەوەی سبەی ڕوو دەدات یان هەفتەی داهاتوو، یان مانگی داهاتوو، یان ساڵی داهاتوو، سیـــاسەت یانی توانای

چین گەورەترین وەبەرهێنانی لە ئۆکرانیادا هەیە، هیچ بەرژەوەندییەکی لەم شەڕەدا نییە

تەفسیرکردنی ڕونەدانی ئەوەی چاوەڕواندەکرا ڕوبدات.(٩)

لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەکەوە، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت قۆناغ بەقۆناغ لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتەکان و پەرەسەندنی ڕووداوەکان لەگۆڕەپانی شەڕدا، و هاوکات لەگەڵ لێدوانەکانی بەرپرسانی سیاسی و سەربازی هەردوولای ئۆکرانیا و ڕووسیا، لەولاشەوە لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەورووپا و ئەمریکا و پەیمانی ناتۆ، وەك لایەنی پشتیوانی ئۆکرانیا، چەندین سیناریۆی جیاواز بە دید و وێناکردنی جیاواز و زۆرجار ئاوێتە بە تاموبۆنی بەرەیەکی شەڕەکە، لەلایەن دەزگا وناوەندەکانی لێکۆڵینەوە پسپۆڕانی بواری سەربازی و ڕۆژنامەنووسانی جەنگ خراونەتەڕوو، لەکۆی گشتیدا دەکرێت ئاماژە بەخاڵە هاوبەشەکان وخاڵی گرنگی جیاوازیش بکرێت.

بە پێویستی دەبینم سەرەتا ئاوڕێك لەو پێشبینیە بدەمەوە کە هەرلەسەرەتای جەنگەکەوە پێیانوابوو کۆماری چین بەئیلهام وەرگرتن لەم پەلامارە سەربازیەی ڕووسیا، ئەویش پەلاماری تایوان دەدات و دێتە بەرەی جەنگی ڕوسیا و شەڕەکە بەخێرایی بەرەو جەنگی جیهانی سێهەم دادەخزێت، لە پێناوی گۆڕینی سیستمی یەك جەمسەریی جیهانیدا کە ئەمریکا بە هاوکاریی هاوبەشە ئەورووپیەکانی و پەیمانی ناتۆ سەرکردایەتی دەکات، بەڵام پێشبینیەکە وادەرنەچوو، چونکە ڕاستە چین پێداگری لەسەر گۆڕینی سیستمی یەك جەمسەری جیهان دەکات، قۆرخکردن و کۆنترۆڵکردنی بڕیار وهەڵوێست و پەیوەندیە جیهانیەکان لەلایەن یەك هێزەوە ڕەتدەکاتەوە، بە پەراوێزخستنی چین وهێزە خاوەن پێگە جیهانیەکانیتری لەقەڵەم دەدات، لەمەدا هاودەنگ وپشتیوان ولایەنگری ڕوسیایە، جگە لەپشتگیری ڕاگەیەندن و هاوسۆزی و لێدوانی بەرپرسان لە چەند هەڵوێستە جیاجیاکاندا، شتێکی کردەیی ڕوینەداوە.

لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ساڵانەی وڵاتانی "G20 لە دورگەی بالی وڵاتی ئەندۆنیسیا، هەردوو وەزیری دەرەوەی چین و ئەمریکا کۆبوونەوەیەکی درێژیان گرێدا، دکتۆر

«گاو»لێکۆڵەری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی پەکین، لە گفتۆیەکی لەگەڵ کەناڵی جەزیرە ئاماژەی بەوە کرد: کە ئەمریکا وچین شەریکی سەرەکی بازرگانی یەکترن، دوو وڵاتـــی گەورەی ئابوری جیهانن، خاوەن هێزی ئەتۆمی جیهانن، دەبێ لە شەڕ وئاڵۆزبوونی پەیوەندیەکانیان دورکەونەوە، چین گەورەترین وەبەرهێنانی لە ئۆکرانیادا هەیە،[١٠] هـیچ بەرژەوەندییەکی لەم شەڕەدا نییە.

ئاڵوگۆڕی بازرگـانی ساڵانەی نێوان یەکیەتی ئەوروپا و چین بۆ ساڵی ٢٠٢١ بڕی «٨٢٨» ملیار دۆلار بووە.

ئاڵوگۆڕی بازرگانی ساڵانەی نێوان ئەمریکا و چین بۆ ساڵی ٢٠٢١ بـــڕی «٧٥٥» ملیار دۆلار بووە.[١١]

ئاڵوگۆڕی بازرگانی ساڵانەی نێوان ڕووسیا و چین بۆساڵی ٢٠٢١ بڕی «١٤٧» ملیار دۆلار بووە.[١٢]

سیناریۆکان:

بە لەبەرچاوگرتنی توندبوونەوە وگەرمبوونی گۆڕەپانـــەکانی چەنگەکە لەسەرەتای مانگی تەموزەوە، بەشێك لە سیـــناریۆکانی پێشبینی ئەنجامی شەڕەکە بەم جۆرە لێکدراونەتەوە:

١- کۆتایی هێنانی شەڕ لەلایەن ڕووسیاوە، ڕوودانی ئەم سیناریۆیە گرێدراوی دوو ئەگەرە:

أ- پاش گـــرتنی شـــارەکـــانی «لۆهانسك» و«دۆنیتسك» ناوچەی «دۆمباس»ی ڕوسی نشین، ئێستـــا تەواوی ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵات وەك «خێرسۆن» بەندەری گەورەی «ماریۆپۆڵ» و دەریای «ئازۆف» هەتا دورگـــەی «قرم» لەژێر کۆنترۆڵی سەربازی دەریایی و زەمینی ڕوسیادایە کە دەکاتە پێنج یەکی خاکی ئۆکرانیا، هەروەك سەرۆکی ڕوسیا پاراستنی ناوچە ڕوسی نشینەکانی لەدەست نازیە نوێکانی ئۆکرانیای لەسەر ئاستی جیهان کردبووە پاساوی کردە سەربازیەکەی، بۆئەوەی لەلایەك خۆی لـــە کەوتنە ناو زەلکاوی ئۆکرانیا بپارێزێ، هەروەك ئەمریکا و ناتۆ دەیانەوێت ئەزموونی ئەفغانستانی لەگەڵ دووبارە بکەنەوە، لەلای دووهەمەوە ڕووسیا دڵنیایە لەوەی داگیرکردنی یان خۆبەدەستەوەدانی ئۆکرانیا لە ئەستەمەوە نزیکە، جگە لەوەی ڕۆژئاوا دەیەوێت ئەم شەڕەی

ڕووسیا دڵنیایە لەوەی داگیرکردنی یان خۆبەدەستەوەدانی ئۆکرانیا لە ئەستەمەوە نزیکە، جگە لەوەی ڕۆژئاوا دەیەوێت ئەم شەڕەی کە ڕووسیا تیایدا نادۆڕێت بەڵام بەگرانترین تێچووی مادی و ڕۆحی بۆی تەواو بێت

ئەکید توانای کشانەوەشی نییە، چونکە هەیبەتی وڵاتەکە و گرەوی سەرۆك پۆتینی پێوە بەندە، تەنها چارە دەبێتە پەنا بردنەبەر هەوڵە دیبلۆماسیەکانی پشتپەردە و ڕاگەیاندنی ئاگربەس وپاشان دانوستان

کە ڕووسیا تیایدا نادۆڕێت بەڵام بەگرانترین تێچووی مادی و ڕۆحی بۆی تەواو بێت، لەلای سێهەمەوە بەرگری سوپا و گەلی ئۆکرانیاش رووسیای بەگیرهێناوە، لەسەرەتای جەنگەکەدا ٢٠٪ تانك و زرێپۆشی ڕووسیایان تێك شکاندبوو، دواتر پاش بەستنەوەی هەموو ناوچەکە بەجوگرافیای ڕووسیاوە، لەسەر دیاریکردنی سنورە جوگرافیەکانی نێوانیان لەگەڵ ئۆکرانیا دەکەونە دانوستان.

لەمبارەوە «سێرگی سترۆکان» گەورە لێکۆڵەری سەربازی ڕووسی لە ٩/٧/ لە ڕۆژنامەی»کۆمێرسانت» نوسیوویەتی: شەڕی ناوچەی «دۆمباس» چارەنووسی هەموو شەڕەکە لە ئۆکرانیادا دیاریدەکات.

شەڕ هەرچەندە درێژە بکێشێ، تموحی ڕووسیا هەرچەند فراوان بێت، دورخستنەوەی مەترسی بەجیهانی بوونی ئەم شەڕە کاتێك ڕووسیا هەست بە دۆڕاندنی شەڕەکە بکات، تەنها قبوڵکردنی ئەم سیناریۆیە بەهەرجۆرێك پیادە بکرێت.

ب- دووبارە گرتنەوەی کیێڤی پایتەخت لەلایەن ڕووسیاوە، ڕووسیا لە یەکەم ڕۆژی شەڕەکەوە ٢٠٢٢/٢/٢٤ بە دابەزاندنی هێزی چەکدار لە ئاسمانەوە بۆ ناو فڕۆکەخانەی «هۆستۆمێل» لەچەند کیلۆمەتری کیێڤی پایتەخت، بە مەبەستی بڵاوەپێکردنیان لەناو کێیڤدا تا دەست بەسەر دامودەزگە ناوەندیەکانی حکومەتدا بگرێت، و چارەنووسی سەرۆکی وڵات زیلینسکی بە گرتن یان کوشتن یان هەڵاتنی بۆ مەنفا تەواو بکرێت، حکومەتێکی کاتی لەلایەنگرانی ڕوسیا ڕادەگەیەنێت، ئەم پلانە سەرینەگرت، بەڵام ئێستا ڕوسیا خەریکی لە شکرکێشی زۆر زیاترە بۆشەڕگەکانی لەناو ئۆکرانیادا، سەرۆك پۆتین لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٧ لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرکردە پەرلەمانیەکانی حزبەکەی ڕایگەیاند پێویستە هەموولایەك ئەوە بزانن، کە ئێمە بەشێوەیەکی گشتی هێشتا ئەرکە جدیەکانمان دەستپێنەکردوە، لێکۆڵەرانی بواری سەربازی ڕوسی ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرۆك پۆتین خۆی بۆ ستراتیژیەتی جەنگی درێژخایەن و پشودرێژ ئامادە کردووە و، هێشتا

روسیا بەردەوامـــــە لەپلاندانان بۆدەستگرتن بەسەر پایتەختی ئۆکرانیادا، ســـەرکردە سەربازیەکان دەڵێن: ئەم ئامانجە کە لەوپەڕی لوتکەدایە هێشتا لەبەردەستە وجێگەی باسە، گریمانەی ئەوەدەکرێت کە ســوپای ڕوســیا شەڕەکە لە سێگۆشەی باشـــوری ڕۆژهەڵاتەوە بگوێزێتەوە بۆ دوبـــارە داگیرکردنەوەی کییڤ، هەمان سیناریۆی ســـەرەتای شەڕەکە دووبارە بکاتەوە، لە ئـــەگەری سەرگرتنیدا لەلای خۆیەوە کۆتـــایی کردە سەربازیەکە و ڕاگرتنی شەڕ ڕاگەیەنێت.

٢- **ڕێککەوتنی ناچاری:** ئـــەگەرچی لە سەرەتای جەنـــگەوە بـــەردەوام ســـەرۆك پۆتین بە متمانە بەخۆبوونەوە ڕایدەگەیەنێت: ئێمە بۆ هەموو ئەنجامێك ئامادەین!! بەڵام ئەم سیناریۆیە لەسەر ماندوبوونی ئۆکرانیەکان لە قورسی زانەکانی وێـــرانکردن وخاپورکردنی هەموو شتی ئۆکرانیا لەلایەن ڕوسیاوە، شارەکان و بـــــەندەرەکان و ڕێگاکان و قوتابخانە و کـــــۆمپانیا وکێڵگەکان، و..هتد، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی قورس وسیاسەتی بەستوتماککردنی هەمووشـــــتی سەرزەوی ئۆکرانیا، سەرباری کێشەی ئاوارە ناوخۆییەکان وکوژران وبریندار بـــــوونی ژمارەیەکی زۆر لە سوپاکەیان، سەرۆك زیلینسکی لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەکرد: ڕۆژانە بەتێکڕا «١٠٠» سەربازی ئۆکرانی دەکوژرێن و «٥٠٠» یش بریندار دەبن، هەروەها متمانە نەبوونی سەرکردایەتی ئۆکرانیا لەوەی ئەوروپا لەماوەی درێژخایەندا بەهۆی گیرۆدەبوونی بە قەیرانی ووزە«نەوت وغاز» و هـــەڵاوسانی دارایی وگرانی خۆراك وبژێوی و بێکاری وداکشانی بەرهەمهێنان و..هتد نەتوانن وەك پێویست هاوکاری ئۆکرانیا بکەن، لە بەرامبەردا، هاوکاریە سەربازیەکانی ئەمریکا و ناتۆ بۆ ئۆکرانیا، زیانەکانی کـــوژران و برینداربوونی سەربازی سوپاکەی زیـــاتر و زۆرتر بکات، و قەیرانی گەمارۆی ئابوری و کێشەی لۆجستی بۆ دروست بکات بەجۆرێك نەتوانێ پلانەکانی لەماوەیەکی کورتدا جێبەجێ بکات وشەڕەکە

گریمانەی ئەوە دەکرێت، لەکوتوپڕێکدا بەژمارەی دیاریکراو و لەشوێنی دیاریکراو و لە ماوەی دیاریکراودا بەچەکی ئەتۆمی چەند شارێکی ئۆکرانیا بۆردومان بکات، و ئەزموونە تاڵەکەی ئەمریکا لە ناکازاکی و هێرۆشیمای یابان دووبارە بکاتەوە

لەبەرژەوەندی خۆی یەکلا بکاتەوە، ئەکید توانای کشانەوەشی نییە، چونکە هەیبەتی وڵاتەکە و گرەوی سەرۆك پۆتینی پێوە بەندە، تەنها چارە دەبێتە پەنا بردنەبەر هەوڵە دیبلۆماسیەکانی پشتپەردە و ڕاگەیاندنی ئاگربەس وپاشان دانوستان.

٣- سیناریۆ مەترسیدارەکە: ئەگەرچی ڕوودانی ئەم سیناریۆیە لە ئەستەمەوە نزیکە، بەڵام هەندێ لێکۆڵەر و چاودێری سیاسی بەدووری نابینن، لەوانە «تۆماس فریدمان»، هەر لەسەرەتای شەڕەکەوە، سەرۆك پۆتین ڕایگەیاند، بێ ئەملاو ئەولا دەبێت ڕووسیا ئامانجەکانی بێنێتەدی بە ڕێکەوتن بێت یان شەڕ، ئەم سیناریۆیە پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت، ئەگەر ئەوروپا و ئەمریکا و ناتۆ بە بەچەك وکەرەسەی پێشکەوتوو ونوێ بە لۆجستیکی سەربازی و دارایی و پێویستیەکانیتر بەردەوامبوون لەیارمەتیدانی ئۆکرانیا و لێنەگەران، دانوسان و ڕێکەوتن لەگەڵ ڕووسیا قبوڵ بکات، بەمەش ڕووسیا توشی جەنگێکی تاقەتپڕوکێنی درێژخایەن دەبێت، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمریکا و هاوبەشەکانی لەناتۆ سیاسەتی خستنە زەلکاوی ئۆکرانیای لەگەڵ پەیڕەو دەکەن، هەروەك «سێرگی لاڤرۆڤ»وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە لێدوانێکیدا لە ٢٠٢٢/٦/٥، ئاماژەی بەوە کرد کە: وڵاتانی ڕۆژئاوا ئۆکرانیا وەك ئامرازی ماندووکردن وبێزارکردن و دۆڕاندنی ڕووسیا لەم شەڕەدا بەکاردێنن، بەوەی ناهێڵن دانوسان لەگەڵ ڕووسیا بکات. کاتێك ڕووسیا هەستی بەماندوبوونی سوپاکەی کرد و گەمارۆی ئابووریش باری دارایی داتەپاند و توانای بەردەوامکردنی پشتیوانی شەڕی لاوازبوو، شەڕ بەئاقاری خوێنبەربوونی سەربازیدا دەڕوات-النزیف العسکری- بەم شێوازە تەقلیدیەی شەڕ وکەرەسەی شەڕی بۆیەکلا ناکرێتەوە، گریمانەی ئەوە دەکرێت، لەکوتوپڕێکدا بەژمارەی دیاریکراو و لەشوێنی دیاریکراو و لە ماوەی دیاریکراودا بەچەکی ئەتۆمی چەند شارێکی ئۆکرانیا بۆردومان بکات، و ئەزموونە تاڵەکەی ئەمریکا لە ناکازاکی و هێرۆشیمای یابان دووبارە بکاتەوە و خۆی ئامادەی لەئەستۆگرتنی ئەنجامەکانی بکات.

بەمەش ورەی سوپای ئۆکرانیا دادەڕووخێت و سەرکردایەتی سیاسی ئۆکرانیا ناچاری خۆبەدەستەودان بۆ دانوسان و تەسلیمبوون بەخواستەکانی ڕووسیا دەبن.

چەندین سیناریۆی تریش هەن، لەوانە: ڕووسیا شەڕەکە بە ئەوروپایی بکات،

بەبۆردومانی ڕۆکێت یان فڕۆکە وڵاتێکی پەیمانی ناتۆی هاوسنوری ئۆکرانیا بۆردومان بکات، سیناریۆیەکیتر ئەوەیە کە کاتێك شەڕ گەشتە ئەو ئاستی تاقەتپڕوکێنە، دەوربەرە سەربازیەکەی سەرۆك پۆتین لە سەرۆکایەتی لایدەن یان کودەتای بەسەردا بکەن، یان ئۆکرانیا بتوانێت ئەوەندە سەرکەوتنی سەربازی لە گۆڕەپانی شەڕدا بەدەستبێنێ ڕووسیا ناچاری دانوسان بکات.

پەراوێزەکان:

١-الموسوعة السياسية، عبدالوهاب الكيالـــي، المؤسسة العربية للـدراسات والنشر، بيروت، الجـــزو الاول، الطبعة: ١٩٩٠ ص:٣٤,

٢- بڕوانە پەیجی ویکیبیدیای تایبەت بەم سێ وڵاتە.

٣-بشير البكرى، سيرغى شويغو وزير الدفاع الأقرب الى بوتين، الصفحة الإلكترونية: العربي الجديد، ١٦/مارس/٢٠٢٢.

٤-محمد المنشاوي، نبووه برجنسكى، مركز الدراسات الأسيويه الصينيه، نشر المقال: ٢٦/ نيسان/٢٠٢٢.

٥- کەناڵی الجزيره، بەرنامە «المقابلة» على زوفەیری، دیدار لەگەڵ ئەلکسەندەر دۆگین، ٢٠٢١/١١/١٤.

٦-بڕوانە سایتی «العربى الجديد» ، ڕۆژی: ١٦/ مارس/٢٠٢٢.

٧-محمد المنشاوى، سەرچاوەی پێشوو.

٨-إحسان رفاعى، الناتو يعقد قمته وعينه على اروسيا والصين، قناه إيرو نيوز، ٢٠٢٢/٦/٢٨.

٩-عمار بوجلال، النظم السياسيه، جامعة الأمير عبدالقادر للعلوم الإسلامية، قسم الصحافه، ص:٧.

١٠-گفتوگۆی دەنـــگی دکتـــۆر «گاو» لەگەڵ پەیامنێری کەناڵی جەزیرە، ڕۆژی: ٢٠٢٢/٧/٨.

١١-کەناڵی عەرەبی ڕوسیا اليوم، ڕاپۆرتی بازرگانی، ٩/مایس/٢٠٢٢.

١٢- ماڵپەڕی سپۆتنیکی ڕوسی، التبادل التجارى بين روسيا والصين لعام٢٠٢١، يوم النشر:٢٠٢٢/١/١٤.

پرۆفایل:

ناو و شوێنی لەدایکبوون: مەولود موراد محێدین، هەڵەبجەی شەهید، ١٩٦٤/٧/١.

خوێندن:

١-کۆلێژی کارگێــڕی و ئابووری/ بەشی ئابووری زانکۆی موسڵ.

٢-کۆلێژی یاسا زانکۆی سەلاحەدین.

٣- ماستەر لە زانستی سیاسەت «نظام الحزب الواحد وأثره في الحقوق السياسية للمواطن»

* نووسینەکان:

١- ئیسلام و دیموکراتیەت.

٢-کورد و مافی چارەی خۆنووسین.

٣-پرسی حزب و کێشەکانی حزبایەتی.

٤-دەعوە و سیاسەت.

* کاری سیاسی:

ئەندامی دامــەزرێنەر و ئەنـــدامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیــــسلامیی لە شوباتی ١٩٩٤ بۆ ٢٠٠٣، ئــەندامی مەکتەبی سیاسی ٢٠١٧.

*کار و پۆستی فەرمی:

١-جێگری ئەمیـــنداری گشتـــی یەکگرتوو لەئەنجومەنی حوکمــــی عێراق نـێوان ٢٠٠٤-٢٠٠٥.

٢- ئــــەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠١٣-٢٠١٤.

٣- وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان.

٤-وەزیری گـــواستنەوە وگـــەیاندن، لە ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٨.

* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا لە بەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی

مظفر کاکل تۆفیق

خوێندکاری دکتۆرا لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی - زانکۆی ئۆرلیان - فەڕەنسا

دەستپێک:

لە ٢٤ی شوباتی ئەمساڵ، ڤلادیمێر پوتین لە وتارێکی تەلەڤزیۆنیدا فەرمانی بە سوپای وڵاتەکەی کرد بە ئەنجامدانی «ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی تایبەت» لەناو خاکی ئۆکرانیا، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ڕووسیا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکرد. ئەو هێرشە سەربازییەی ڕووسیا لە لایەن وڵاتان و ڕێکخراوەکان بە «لەشکرکێشی»، «داگیرکاری» ،«دوژمنکاری» لە قەڵەم دراوە. بە شێوەیەکی گشتیش، لە یاسای نێودەوڵەتیدا بە جەنگێکی نێودەوڵەتی دادەنرێت. ئەو جەنگە جارێکی تر ڕۆڵ و کاریگەری وڵاتە زلهێزەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەم وتارە دەرفەتێکە بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ پاساو و بیانووەکانی پشتی ئەم جەنگە و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر ئەم جەنگە و وە تا چ ڕاددەیەک جێبەجێ دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەو پرسیار و کێشە یاساییانە دەخەینە ڕوو: ئایا پاساوەکانی ڕووسیا بۆ هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا لە ڕوانگەی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی دروست و ڕەوان؟ لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بە سەرپێچی بۆ سەر چ پرەنسیپێکی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت؟ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هەرێمایەتییەکان، بە تایبەتیش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا دەتوانن چ ڕۆڵێک بگێڕن لەم جەنگەدا؟ ئۆکرانیا و دەوڵەتانی تر، چ چارەیەکی تری یاساییان هەیە؟ ڕۆڵی دادگا نێودەوڵەتییەکان لەو جەنگەدا چیە؟

لە سێ بەشی پوختدا، هەوڵی وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە دەدەین:

بەشی یەکەم: هەڵسەنگاندنی پاساوە یاساییەکانی لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لە ژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا

لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا لەسەر بنەمای مادده ٥١ ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ ڕەواییەکی یاسایی نییە

لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا کۆمەڵێک پرەنسیـــــپی گرینگ کە بڕ بڕەی پشتی ڕێکخـــــراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و ئەو ڕێکخراوەی لەسەر دروست بووە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەتایبەتیش پرەنسیپی ســـــەروەری دەوڵەتان لە پـــــیادەکردنی دەسەڵاتی ڕەهایان. هۆکاری سەرەکی پاراستنی ئەو پرەنسیپەش تاوەکو ئەمڕۆ، پرەنسیپی قەدەخەکردنی بەکارهێنانی هێزە کە لە مادده دووی بڕگە چواری چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان دا ئاماژەی پێکراوە. ئەو ماددەیە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا داوا لە وڵاتە ئەندامەکانی دەکات (کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان، خۆیان بە دوور بگرن لە هەڕەشەی پەنابردنە بەر هێز یان بەکارهێنانی هێز، دژی یەکێتی خاک یان سەربەخۆیی سیاسی هەر وڵاتێک، یان بە هەر شێوەیەک بێت کە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەگونجێت). دەستێوەردانی ڕووسیا لە کاروباری ناوخۆی ئۆکراینا، لە ڕێگەی بە سەربەخۆ ناساندنی هـــــەر دوو کۆماری جوداخوازی لۆگانسک و دۆنێتسک و وە بەستنی چەندین پەیماننامە لەگەڵیان، پێشێلکارییەکی ئاشکرای یەکێتی و سەروەری خاکی ئۆکرانیایە. جگە لەوەش، ڕووسیا بەو هێرشەی، بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆ بە هۆی ئەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی خستووەتە مەترسییەوە.

ئەو پرەنسیپەی سەرەوە بە درێژایی مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەیان جار پێشێل کراوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی لەو بارەیەوە نەگۆڕە. ئاشکرایە کە بەکارهێنانی هێز بە شـــێوەیەکی گشتی قەدەخەیە، بەڵام نەوەک بە ڕەهـــایی، چونکە سێ هەڵاوێردە لەناو چارتی ناوبراو هـــەن کە ماف بە وڵاتانی ئەندام دەدەن کە پەنا ببەنە بەر بەکارهێنانی هێز بە شێوەیەکی مەشروع.

هەڵاوێردەی یەکەم، کـاتێک ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ژێر ڕۆشنایی بەندی حەوتی چارتـــــی نەتەوە یەکـــگرتووەکان، هەڵدەستێت بە گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. نموونەی زیندووش بۆ ئەم حاڵەتە بریتییە لە بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایش (١٩٩١) بەمەبەستی پاراستنی کوردەکانی عێراق و دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین، وە بڕیاری ١٩٧٣ی (٢٠١١) سەبارەت بە لیبیا. لە جەنگی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا، ئەنجوومەنی ئاسایش

نەیتوانیوە هیچ بڕیارێک دەربکات بەهۆی ئەوەی کە ڕووسیا ئەندامــــی هەمیشەیی ئەو ڕێکخراوەیە و مافی ڤیتۆی هەیە. لە بەشی دووەم، بە شێوەیەکی وردتر ئەو خاڵە ڕوون دەکەمەوە.

هەڵاوێردەی دووەم، کە لە مادده ٥١ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکـــــان دا هاتووە، زۆرترین مشت و مڕی بەدوای خۆی داهێناوە بە درێژایی مێژووی ئەم ڕێکخراوە. بەگوێرەی ئەو ماددەیە کاتێک دەوڵەتێک هێرشێکی لەشکری (دوژمنکاری) دەکرێتە سـەر و تا ئەو کاتەی کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەوڵەتی هێرش بۆ کراو مافێکی ڕەوا و سروشتی هەیە، کە بەرگری لە خۆی بکات، جا ئەو بەرگرییە بە تەنیا بێت یان بەکۆمەڵ بێت لە گەڵ وڵاتانی تر. نموونەش بۆ ئەو ماددەیە، داگیرکردنی ئەفغانستان بوو لە ٢٠٠١ لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بە مــەبەستی شەرعــــییەت دان بـــەم هێرشە، بەرپرسانی ڕووسیا هەر لە سەرەتاوە هێرشەکەیان بەستەوە بە بەرگری ڕەوای ڕووسیا دژی ئەو مەترسییە ئاسایشیانەی کە سەرچاوەکانیان ئۆکـــرانیا و ناتۆیە. ڤلادیمیر پوتین لە وتارەکەی ٢٤ی شوبات، ڕوونی کردەوە کە یەکێک لە ئامانجەکانی «ئۆپەراسیۆنی سەربازی تایبەت پاراستنی ئەو ڕووسیانەیە کە بۆ ماوەی هەشت ساڵە لە هەر دوو هەرێمی لۆگانسک و دۆنێتسک ڕووبەڕوی تۆقاندن و کـــــۆمەڵکوژی (جینۆساید) بوونەتەوە، وە هەروەها داماڵینی ئۆکرانیایە لە چەک و پاککردنەوەیەتی لە نازییەکان. هەر لەم وتارەیدا، پۆتین ڕای گەیاند کە ڕووسیا، پشت بە ماددەی ٥١ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە.

هیچ گومان لەوەدا نیـــیە کـە ڕووسیا ڕاڤەیەکی فراوانی بۆ ئەم ماددەیە کردووە، بەتایبەتیش بۆ چەمکی دوژمنکاری. وە سوودی لە حاڵەتەکانی بەرگری ڕەوای تاک و بەکۆمەڵ وەرگرتووە. خودی کێشەکە پەیوەستە بە نەبوونی پێناسەی چەمکی دوژمنکاری لە هەمان مادده دا، بۆیە وڵاتان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان ڕاڤەی بۆ دەکەن. بەهۆی گرینگی هەبوونی پێناسەیەکی ورد، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بڕیاری ٣٣١٤ (١٩٧٤) بەم جۆرە پێناسەی کردووە (پەنا بردنە بەر هێزە لەلایەن دەوڵەتێکەوە دژی سەروەری، یەکێتی خاک یان سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتێکی تر، یان بەر هەر شێوازێکی تر کە نەگونجاو بێت لەگەڵ چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان).

بە گوێرەی ڕێساکانی عورفی نێودەوڵەتی چەند مەرجێک پێویستە هەبن بۆ ڕەوایی دان بە بەکارهێنانی هێز لەسەر بنەمای ماددەی ٥١. یەکەم: پێویستە کە دوژمنکارییەکە ڕووی دابێت دژی دەوڵەتی هێرش بۆ کرا. دووەم: دوژمنکارییەکە ڕوودانی زۆر نزیک بێت و دەوڵەتی هێرش بۆ کراو جگە لە بەکارهێنانی هێز، هیچ ڕیگە چارەیەکی تری ئاشتییانەی نەبێت بۆ پێشگرتن لە هێرشەکە. سێیەم: کاردانەوەی دەوڵەتی هێرش بۆ کراو درەنگ نەکەوێت و وە هاوبەرامبەری دوژمنکارییەکە بێت. چوارەم: پێویستە دەوڵەتی هێرش بۆ کراو هەر زوو ئاگاداری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکاتەوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو مەرجانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا لەسەر بنەمای ماددە ٥١ ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ ڕەواییەکی یاسایی نییە، لەبەر ئەوەی هیچ یەکێك لەو مەرجانەی سەرەوەی تێدا جێگیر نەبووە. ڕونتر بڵێین، ئۆکرانیا هیچ کاتیک هێرشی سەربازی نەکردووەتە سەر ڕووسیا، بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەنجامی داوە تەنیا بەرگریکردن بووە لە خاکەکەی، کە مافێکی سروشتی خۆیەتی بەگوێرەی هەمان ماددە. واتە بە ئەندام بوونی ئۆکرانیا لە ناتۆ ناچێتە ناو چوارچێوەی تاوانی دوژمنکاری دژ بە ڕووسیا، بەڵکوو تەنیا وەکو هەڕەشەیەکی ئاسایشی دوور دەبینرێت. هەروەها، دەبوو ڕووسیا پێش دەستپێکردنی ئەو هێرشە، ئەنجوومەنی ئاسایشی ئاگادار کردبوایەوە، نەوەک دواتر.

لەبەر ئەوەی ئۆکرانیا هێرشی سەربازی نەکردووەتە سەر ڕووسیا، کەواتە ئەو تیۆرییەی کە ڕووسیا پشتی پێ بەستووە بریتییە لە بەرگری ڕەوای پێشوەختە، واتە دەوڵەتێک دەتوانێت پەلاماری دەوڵەتێکی تر بدات تەنانەت پێش ئەوەی هێرشە سەربازییەکە ڕووی دابێت. داهێنەری ئەو تیۆرییە لە یاسای نێودەوڵەتی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کاتێک لە ٢٠٠٣ لەسەر ئەو بنەمایە عێراقی داگیر کرد. هەر هەمان تیۆریشی بەکار هێنا بۆ تیرۆر کردنی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران لە ٣ کانوونی دووەمی ٢٠٢٠. هەڵبەت ئەو تیۆرییە لەگەڵ ئامانجی ماددە ٥١ دا ناگونجێت، هەر بۆیە تاوەکو ئەمڕۆش لەلایەن زۆربەی وڵاتان ڕەت کراوەتەوە، چونکە ئازادییەکی زۆر بە دەوڵەتان دەدات و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ پەنا بردنە بەر هێز. تەنانەت دادگای دادی نێودەوڵەتیش لە کێشەی چالاکییە سەربازی و نیمچە سەربازییەکانی نیکاراگوای (١٩٨٦) بە نایاسایی لە قەڵەمیداوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەگوێرەی ئەو ماددەیە دەبێت دوژمنکارییەکە

سەرەتا ڕوویدا بێت، ئینجا دەوڵەتەکە مافی وەڵامدانەوەی دەبێت.

بەرگری ڕەوای بەکۆمەڵ، پاساوێکی تری ڕووسیایە لەو جەنگەدا. بەگوێرەی بڕیاری دادگای دادی نێودەوڵەتی لە کێشەی نیگاراکوا (١٩٨٦)، کاتێک ئەو وڵاتەی کە جەنگەکە لەسەر خاکەکەی ڕووی داوە، ڕەزامەندی دەدات بە دەستێوەردانی سەربازی لە ناوخۆی وڵاتەکەی و داوای هاوکاری لە دەوڵەتانی تر دەکات کە هاوکاری بکەن، ئەو دەستێوەردانە مەشروعە. نموونەی زیندووش عێراقە، کاتێک لە ٢٥ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ لە ڕێگەی نامەیەکی ڕەسمییەوە لە پێش ئەنجوومەنی ئاسایش داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە هاوکاری سەربازی بکەن لە جەنگی دژ بە داعش.

بە پێچەوانەوە ئۆکرانیا هیچ کاتێک داوای هاوکاری سەربازی لە ڕووسیا نەکردووە، بەڵکو ئەوە هەر دوو هەرێمی جوداخوازی لۆگانسک و دۆنێتسک بوون کە ئەو داوایەیان کردووە. تەنانەت ئەگەر واش بێت، ئەمە ڕەوایی بە لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا نادات، لەبەر ئەوەی لە یاسای نێودەوڵەتیدا، بە سەربەخۆ ناساندنی تاک لایەنەی هەر دوو هەرێمەکە لەلایەن ڕووسیاوە، ڕاستەوخۆ نایان کات بە دەوڵەت و هەر وەکو بەشێکی ئۆکرانیا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لە کۆتاییشدا، لە وتارەکەی ٢٤ی شوباتی پوتین، خاڵێکی گرینگ بەدی دەکەین کە ئەویش بریتییە لە بەراوردکردنی ئەو داگیرکارییەیە لەگەڵ دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا لە عێراق یان هی ناتۆ لە لیبیا، بە ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت، بۆ چی هەمان کاردانەوەیان بە دوای خۆیان نەهێنا؟

لە کۆتاییشدا، گریمانەی کۆمەڵکوژکردنی ڕووسەکانی هەر دوو هەرێمی لۆگانسک و دۆنیتسک کە ڕووسیا وەکو پاساوی دەستێوەردانی مرۆڤانە بەکاری هێنا، تەنیا مەبەست لێی پاراستنی ڕووسەکانی ئۆکرانیا نییە، چونکە بە ڕوانین لە قەبارەی لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا، کە تەنانەت کار گەیشتە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیش، زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا بۆ مەبەستی سەرەکی پاراستنی ڕووسەکانی ئەو دوو هەرێمە بێت، بەڵکو بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانییە لە کییڤ. بە کورت و پوختی، پاساوی دەستێوەردانی مرۆیی، بەبێ گڵۆپی سەوزی ئەنجوومەنی ئاسایش ناشەرعییە. بەڵگەش بۆ ئەمە، دەستێوەردانی ناتۆ بوو لە کۆسۆڤۆ لە ١٩٩٩.

بەشی دووەم: ڕۆڵ و هەڵوێستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا لە جەنگی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا

جەنگی نێودەوڵەتی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا ڕۆڵ و کاریگەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە سەرەکیترین ئامانجی ئەو ڕێکخراوەیە، بە شێوەیەکی جددی خستە ژێر پرسیارەوە و وەکو ڕێکخراوێکی بێ دەسەڵات دەری خست. زۆربەی ڕەخنەکانیش ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی کران، کە دەسەڵاتی بڕیاردانی ئەو ڕێکخراوەیە و تایبەتمەندە بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. بە گوێرەی بەندی حەوتی ئەو چارتە، ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانێت ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە خۆی دەبینێتەوە لە سەپاندنی سزای ئابووری و ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێز دژی سەرچاوەی ناسەقامگیرییەکە.

گومانی تێدا نییە کە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر هەموو دەوڵەتەکان جێبەجێ دەبێت و پابەندکارن، بەڵام کێشەی سەرەکی دەرکردنی بڕیار لەو ئەنجوومەنە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە قورسایی دەنگی وڵاتان لە کاتی بڕیاردان. ڕوونتر بڵێین، ئەو ئەنجوومەنە لە ١٥ ئەندام پێکهاتووە کە دەیان کاتین و پێنجەکەی تریش ئەندامی هەمیشەیین، لە نێویشیاندا ڕووسیا. بۆ ئەوەی بڕیارەکانی ئەو ئەنجوومەنە (جگە لە بڕیارە ئیجرائییەکان) پەسەند بکرێن، پێویستە بە لایەنی کەم نۆ ئەندام بە ئەرێنی دەنگ بدەن، وە نابێت هیچ ئەندامێکی هەمیشەیی مافی ڤیتۆ بەکاربهێنێت.

مێژووی ئەو ڕێکخراوە سەلماندوویەتی، هەر بڕیارێک دژی بەرژەوەندییەکانی ئەندامێکی هەمیشەیی بێت، ئەو ئەنجوومەنە پەکی دەکەوێت. باشترین نموونەش، سەردەمی جەنگی سارد بوو، کاتێک ئەو ئەنجوومەنە بەهۆی زۆری بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نەیتوانی هیچ بڕیارێکی گرینگ دەربکات. دەتوانین بڵێین، مافی ڤیتۆ زیاتر زیانی هەبووە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی وەک لە سوود.

دوای لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا بۆ سەر

ئەو لەشکرکێشییەی سەر ئۆکرانیا سەرەتایەکی گرینگە بۆ چاوخشاندنەوە بە چۆنییەتی دەرکردنی بڕیار لە ئەنجوومەنی ئاسایش، وڵاتان بە شێوەیەکی گشتی ڕەخنەی توند لە بەکارهێنانی بێ شوماری مافی ڤیتۆ دەگرن

ئۆکرانیا، ئەلبانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەسەر بنەمای بەندی حەوتی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرۆژە بڕیارێکیان پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایش کرد. ئامانجی سەرەکی لێی شەرمەزارکردنی ئەو دوژمنکارییە، ناچارکردنی ڕووسیا بە وەستاندنی دەست بەجێی هێرشەکانی و کشانەوەی هێزەکانی لە ئۆکرانیا بوو. بەڵام هەر وەکو چاوەڕوان دەکرا، بەهۆی ڤیتۆی ڕووسیا، ئەو پرۆژە بڕیارە شکستی هێنا. زۆرینەی دەوڵەتانی ئەندام پشتگیری ئەو پرۆژە بڕیارەیان دەکرد کە یازدە دەوڵەت بوون و سێ دەوڵەتیش دەنگیان نەدا کە بریتی بوون لە چین و ئیمارات و هیند. خاڵێکی جیاکاری ئەو پرۆژە بڕیارە، کە زیاتر وەکو نەرمی نواندنێک دەبینرێت، بەکارهێنانی دەستەواژەی شەرمەزارکردن بوو لە جیاتی ئیدانەکردن، کەچی لەو حاڵەتانەدا ئەمەی دوایی زیاتر بەکار دێت.

لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش یەکەمجاری نییە بکەوێتە حاڵەتی بنبەستەوە، بۆیە هەر لە سەرەتای جەنگی سارد و لە کاتی جەنگی کۆریا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەستا بە دەرکردنی بڕیاری (ق)٣٧٧ ی ١٩٥٠ بە ناونیشانی «یەکێتی لە پێناو پاراستنی ئاشتی» کە زیاتر ناسراوە بە بڕیاری «ئەیچسن»(وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا)، ئامانجی سەرەکی لەو بڕیارە پڕکردنەوەی ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو لە کاتی هەبوونی هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئاسایش. واتە کاتێک ئەو ئەنجوومەنە ناتوانێت بڕیارێك دەربکات بەهۆی ئەوەی لایەنێکی قەیرانەکە یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، کۆمەڵەی گشتی دەتوانێت شوێنی بگرێتەوە و هەڵبستێت بە تاوتوێکردنی دەستبەجێی کێشەکە و پێدانی ڕاسپاردەی پێویست بۆ وڵاتەکان، وەکو بەکارهێنانی هێز یان سەپاندنی سزا. بەپێی ئەو دۆکترینە، دروستە کە ئەنجوومەنی ئاسایش دەسەڵاتی سەرەکی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە، بەڵام تاکە دەسەڵات نییە.

لەسەر ئەو بنەمایە، لە ٢٧ی شوبات، ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری ئیجرائی (٢٠٢٢)٢٦٢٣ پەسەند کرد. لەو بڕیارەدا کە تەنانەت بەکارهێنانی مافی ڤیتۆش پێشی پێ نەگرت، ئەنجوومەنی ئاسایش ددانی بەوە نا کە نەیتوانیوە بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت، هەر بۆیە داوای کۆبوونەیەکی بەپەلە و نائاسایی کۆمەڵەی گشتی کرد. لە ٢ی مارس، کۆمەڵەی گشتی هەستا بە دەرکردنی بڕیارێک کە ١٤١ وڵات بە ئەرێنی دەنگیان بۆ دا، ئەو بڕیارە لەشکرکێشییەکەی ڕووسیای شەرمەزار

کرد و بە دوژمنکاری لە قەڵەمیدا. هەروەها داوای لە ڕووسیا کرد دەست بەجێ کۆتایی بە هێرشەکانی بهێنێت، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بە سەپاندنی سزاکان یان بژاردەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی ڕووسیا نەکرد، واتە وڵاتانی سەرپشک کرد.

ئەو لەشکرکێشییەی سەر ئۆکرانیا سەرەتایەکی گرینگە بۆ چاوخشاندنەوە بە چۆنییەتی دەرکردنی بڕیار لە ئەنجوومەنی ئاسایش، وڵاتان بە شێوەیەکی گشتی ڕەخنەی توند لە بەکارهێنانی بێ شوماری مافی ڤیتۆ دەگرن. بۆیە لە ٢٤ی ئەپریل، کۆمەڵەی گشتی لە بڕیارێکی گرینگدا، پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ناچار کرد کە لە داهاتوودا پێویستە پاساو بۆ بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ بهێننەوە. هەر لەو بڕیارە، بەتوندی ئیدانەی پێشێلکارییەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی کرد. لە بڕیارێکی هاوشێوەدا لە ٧ی ئەپریل و بەهۆی پابەند نەبوونی بە یاساکانی جەنگ، ئەو کۆمەڵەیە هەستا بە دەرکردنی ڕووسیا لە ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەلایەکی ترەوە، ڕێکخراوە هەرێمایەتییەکان بەتایبەتی یەکێتی ئەورووپا ڕۆڵ و کاریگەرییان لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەهێز تر بوو، ئەمەش بەهۆی ئەو هەڕەشە جددییەی کە ئەو لەشکرکێشییە لەسەر ئاسایشی وڵاتانی ئەورووپا دروستی دەکات. ئەم هێرشە وای کرد کە وڵاتانی یەکێتییەکە یەکگرتووتر بن و یەک سیاسەتی ئابووری و سەربازی لەگەڵ ڕووسیا پەیڕەو بکەن.

کاریگەری ئەو جەنگە بە جۆرێک بوو، بۆ یەکەمین جار لەوەتەی مێژووی دروست بوونی، یەکێتی ئەورووپا بڕیاریدا بە ناردنی چەک و یارمەتی سەربازی بۆ ئۆکرانیا. هەروەها، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی داگیرکارییەکە، یەکێتی ئەورووپا زنجیرە سزایەکی زیرەکی ئابووری بەسەر بەرپرسانی ڕووسیا و کەسە نزیکەکانی پۆتین سەپاند. بە شێوەیەکی گشتی، ئەو سزایانە وەکو ئامرازی فشارن بۆ ناچارکردنی ڕووسیا بە ڕاگرتنی هێرشەکانی.

ئەو سزایانە هەموو سێکتەرە گرینگەکانیان کردە ئامانج. بۆ نموونە، سزا دارایی و ئابوورییەکان بانکە ڕووسییەکان و کۆمپانیا گشتییەکانی بواری بەرگرییان خستە لیستی سزاکانەوە. هەروەها سێکتەری وزەش کە بڕبڕەی پشتی پەیوەندی ئابووری ڕووسیایە لەگەڵ ئەورووپا، بێبەش نەبوو لە سزاکان و گەمارۆی خرایە سەر. هەروا کۆمپانیاکانی بوارەکانی فڕۆکەوانی و تەکنۆلۆژیاش خرانە لیستی سزاکانەوە. گرینگە ئاماژە بەوە بدەین کە هەندێک لەو سزایانە

مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ٢٠١٤ و ناکۆکییەکانی پەیوەست بە لکاندنی کریمیا لەلایەن ڕووسیاوە، بەڵام لە ٢٠٢٢ توندترکران و کۆمەڵێک سزای نوێش سەپێنران.

بەشی سێیەم: ئۆکرانیا، چ چارەیەکی یاسایی هەیە؟

ئۆکرانیا، بەمەبەستی نیشاندانی نیازپاکی خۆی لە پێش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی بە چارەسەری ئاشتییانەی ناکۆکییەکان، جگە لەو بەرگرییە سەربازییەی کە دەیکات، هەر لە سەرەتای جەنگەکەشەوە دەستی کرد بە جەنگێکی یاسایی دژی ڕووسیا لە پێش دادگا نێودەوڵەتییەکان. ئامانجی سەرەکی لەو جەنگە یاساییە جێگیرکردنی ئەو ڕاستییەیە کە ئۆکرانیا لە ڕووی یاساییەوە دەوڵەتێکی هێرش بۆ کراوە، وە بەرپرسیاریەتی یاسایی بخاتە ئەستۆی ڕووسیا و ناچاری بکات بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکان.

ئێستاکانێ هەر یەکە لە دادگای دادی نێودەوڵەتی و دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لەو جەنگە دەکەن. ئەوەی یەکەمیان، بەرزترین دەستەی دادوەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و تایبەتمەندە بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی نێوان وڵاتان، لەسەر بنەمای چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوەی دووەمیان بە هەمان شێوە دادگایەکی هەمیشەییە، بەڵام تایبەتمەندە بە دادگەییکردنی تاکەکان بۆ ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی ئەنجامیان داوە.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە لەدوای ناکۆکییەکانی نیمچە دوورگەی کریمیا، ئۆکرانیا لە ٢٠١٧وە سکاڵایەکی دژی ڕووسیا لە پێش دادگای لاهای تۆمار کردووە. سکاڵاکە لەسەر بنەمای هەر دوو ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی پاڵپشتی دارایی بۆ تیرۆر و بنبڕکردنی هەموو جۆرە جیاکارییە ڕەگەزییەکانە. بڕیاری کۆتایی لەو کێشەیە لە ٢٠٢٣ دەردەچێت. هەر وەکو تێبینی دەکەین کە بڕیارەکانی ئەو دادگایە بە خێرایی دەرناچن.

سکاڵای دووەمیش کە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٧ شوباتی ئەمساڵ، لەسەر بنەمای ڕیککەوتننامەی جنێڤی ١٩٤٨ تایبەت بە نەهێشتن و بنبڕکردنی تاوانی جینۆسایدە، کە هەر دوو دەوڵەت واژوویان کردووە. سکاڵاکە ئامانج لێی بە ناڕەوا دانانی پاساوی سەرەکی داگیرکارییەکەی ڕووسیایە کە بریتییە لە جینۆسایدکردنی ڕووسەکانی دۆنباس. بە پێچەوانەوە، ئۆکرانیا ڕووسیا تۆمەتبار دەکات بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لە ئۆکرانیا.

هەر لەو سکاڵایەدا، ئۆکرانیا، داوای چالاککردنی بەپەلەی ڕێوشوێنە کاتییەکانی ماددە ٤١ی سیستەمی بنەڕەتی ئەو دادگایەی کرد. ئەو ڕێوشوێنانە کە بەپەلە و پێش دەرچوونی بڕیاری کۆتایی دەردەچن. ئامانج لێیان پێشگرتنە لە خراپتربوونی دۆخی کێشەکە. هەر بۆیە دادگای لاهای لە ١٦ی ئادار، لە بڕیارێکیدا داوای لە ڕووسیا کرد دەست بەجێ کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی لە ناو خاکی ئۆکرانیا بهێنێت.

ئایا ئەو ڕێوشوێنانە پێ بەندن بۆ ڕووسیا؟

سەرەڕای ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی جێبەجێکردن بوونی نییە بۆ ناچارکردنی دەوڵەتان بە پابەند بوون بە بڕیارەکانی ئەو دادگایە. بەڵام، بەگوێرەی بڕیاری ئەو دادگایە لە کێشەی لاگراند (٢٠٠١) جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانە پێ بەندن بۆ دەوڵەتان، واتە بە جێبەجێ نەکردنیان، بەرپرسیاریەتی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ و پێگەیان لاواز دەکات لە قۆناخەکانی دواتری ئەو سکاڵایە.

ڕووسیا بە بەردەوامیدان بە لەشکرکێشییەکەی دەری دەخات کە هیچ ڕێزێک لە بڕیارەکانی ئەو دادگایە ناگرێت، بەڵام ئەوە جێی سەرسووڕمان نیە، چونکە لە کێشیەی نێوان ڕووسیای فیدراڵ و جۆرجیا (٢٠٠٨)، بە هەمان شێوە پابەند نەبوو بە ڕێوشوێنە کاتییەکان. ئەو سکاڵایە تەنیا لە سەرەتاکانیەتی و تاوەکو ئێستا ڕووسیا ئامادەی هیچ دانیشتنێکی نەبووە، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو بۆ دادگا کە بە شێوەیەکی سەرەتایی خۆی لەو کێشەیە وەکو دادگای تایبەتمەند بناسێنێت و بڕیار دەربکات.

بە هەمان شێوە، دادگای ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە یەکی ئاداردا، لە سکاڵایەکی هاوشێوەدا، چەند ڕێوشوێنێکی کاتی ڕاگەیاند کە تێیدا داوای لە ڕووسیا کرد کە خۆی بە دوور بگرێت لە بە ئامانج گرتنی کەسانی سڤیل و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان.

پرسی بەرپرسیاریەتی لە یاسای نێودەوڵەتی تەنیا تایبەت نییە بە دەوڵەتەکان، بەڵکو تاکەکانیش دەگرێتەوە جا لە هەر پۆستێک دابن، تەنانەت ئەگەر پارێزبەندی یاساییشیان هەبێت. ئەوەی لێرە لامان گرینگە،

زۆربەی بەڵگەکانی پەیوەندیدار بە جەنگی ئۆکرانیا پشتڕاستی ئەو تاوانە دەکەنەوە کە پێشێلکارییەکی زەقی یاسای نێودەوڵەتی مرۆییە

بەرپرسیاریەتی تاوانکارییە بۆ کەیسی تاوانە نێـــــودەوڵەتییەکانی جەنـــگی ئۆکرانیا. ئەو دامەزراوە دادوەرییەی کە تایبەتمەندە بەو پرسەوە، دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتییە کە بەگوێرەی پەیماننامەی ڕۆما (پەیڕەوی ناوخۆیی) ١٩٩٨دروست بووە و بنکەکەی لە شاری لاهایە.

بەگوێرەی مادده پێنجی هەمان پەیڕەوی ناوخۆیی، تەنیا چوار تاوانی نێودەوڵەتی هەن کە دەچنە ناو تایبەتمەندی بابەتی ئەو دادگایە، ئەوانیش: تـــاوانی کۆمەڵکوژی، تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکاری.

هەرچـی تایبەتمەندی کەسیشە، بەگوێرەی مادده ١٢ی هەمـــــان پەیڕەو، ئەو دادگایە دەتوانێت لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی سەرەوە بکات لە یەکێـــک لەم حاڵەتانە: ئەنجامدەری تاوانەکان هاووڵاتی یەکێک لە وڵاتانی ئەندامی دادگاکە بێت، هاووڵاتی وڵاتێک بێت کە تایبەتمەندییەکانی ئەو دادگایەی قبووڵ کردووە، تاوانەکان لەســـــەر خاکی وڵاتێکی ئەندام لەو دادگایە ڕوویان دابێت یان لەسەر خاکی وڵاتێکی نائەندام کە تایبەتمەندییەکانی ئەو دادگایەی قبووڵ کردبێت.

سەرەڕای ئەوەی، نە ڕووسیا نە ئۆکرانیا ئەندامی ئەو دادگایە نین، کەچی لە ٢ی ئادار، داواکاری گشتی دادگاکە کەریم خان لەسەر داوا و بە پاڵپشتی ٤٤ دەوڵەتی ئەندام هەستا بە دروستکردنی تیمێک بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا

هەر لە ســـەرەتای جەنگی ئۆکرانیاوە سێ بژاردەی یاسایی هەبوون بۆ کردنەوەی دۆسیەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە ئۆکرانیا، لەسەر داوای یەک یان چەند وڵاتێکی ئەندام لەو دادگایە، بە فەرمانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، یان بە دەست پێشخەری داواکاری گشتی ئەو دادگایە.

سەرەڕای ئەوەی، نە ڕووسیا نە ئۆکرانیا ئەندامی ئەو دادگایە نین، کەچی لە ٢ی ئادار، داواکاری گشتی دادگاکە کەریم خان لەسەر داوا و بە پاڵپشتی ٤٤ دەوڵەتی ئەندام هەستا بە دروستکردنی تیمێک بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانـــەکانی جـــەنگ لە ئۆکرانیا. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئۆکراینا، لە ساڵەکانی ٢٠١٤م ٢٠١٥ بە دوو بەیاننامە دەسەڵاتی ئەو دادگایەی

قبووڵ کرد بۆ لێپێچینەوە لەو تاوانانەی کە لە ٢٠١٣ تاوەکو ئەمڕۆ لەسەر خاکەکەی ڕوویان داوە.

ڕوون و ئاشـــکرایـــــە کە مادده چوار ئاماژە بە چوار تاوان دەدات، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک بەربەستی یاسایی و دارایی ئەو دادگایە ناتوانێت لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ هەموویان بکات. بۆ نموونە ئەو دادگایە ناتوانێت لێکۆڵینەوە لە تاوانی دوژمنکاری بکات تەنیا بە یەکێک لەو دوو مەرجە نەبێت، یەکەمیان بە ئەندام بوونی ئۆکرانیایە لەو دادگایە و دووەمیان ئەنجوومەنی ئاسایش فەرمان بکات بە کردنەوەی دۆسیەیەک لەســـەر ئەو تاوانە. هەرچی تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتین، سەلماندنیان قورســـــترە و بابەتیـــکی هەستیارترە.

ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکانی ئەو تیمە زیاتر بەرەو جێگیرکردنی تاوانەکانی جەنگ دەچن، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە زۆربەی بەڵگەکانی پەیوەندیدار بە جەنگی ئۆکرانیا پشتڕاستی ئەو تاوانە دەکەنەوە کە پێشێلکارییەکی زەقی یاسای نێودەوڵەتی مرۆییە. مادده هەشتی پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆما خەسڵەتەکانی ئەو تاوانەی ژماردووە. بە شێوەیەکی وردتر، دەبێت سێ مەرج هەبن بۆ ئەوەی مادده هەشت جێبەجێ ببێت: یەکەم، تاوانەکە لە مادده هەشت باسی لێوە کرابێت و یاساخ بێت. بۆ نموونە، کوشتنی بە ئەنقەست، ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نا مرۆڤانە، بۆمبارانکردن و بە ئامانج گرتنی خەڵکی سڤیل و شوێنی نیشتەجێبوون، هتد. دووەم، پێویستە تاوانەکە لە کاتی جەنگ ڕویدابێت. سێیەم، دەبێت تاوانبار بە ئەنقەست تاوانەکەی ئەنجام دابێت. بەگوێرەی چەندین ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، هێزەکانی ڕووسیا تاوانی جەنگییان لە ئۆکرانیا ئەنجام داوە. نموونەی زیندووش، کوشتاری خەڵکی شارۆچکەی بۆچایە لە ئەپریلی ئەمساڵ لە لایەن هێزەکانی ڕووسیا دوای کشانەوەیان لەو ناوچەیە.

جەنگی ئۆکرانیـــــا بـــەو ئاڵۆزییەوە کۆمەڵێک ئاڵنگاری قورسی یاسایی ڕووبەڕوی کارەکانی ئەو دادگایە دەکاتەوە. سەرەتا نابێت لە بیر بکەین کە لایەنێکی جەنگەکە وڵاتێکی زلهێزی وەکو ڕووسیایە کە جگە لەوەی هیچ هاوکارییەکی ئەو دادگایە ناکات لە کۆکردنەوەی بەڵگەکان و ڕادەستکردنی تۆمەتباران، بەردەوامیشە لە تاوانکارییەکانی لە ئۆکرانیا. هەروەها ئەو دادگایە پێویـــــستی بە هاوکاری دارایی و مرۆیی دەوڵەتان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانە بـــــۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگەکان و دەستنیشانکردنی کەسانی تاوانبار.

کۆتایی:

ئەو جەنگە نێودەوڵەتییە بۆمانی دەرخست کە تا چ ڕاددەیەک یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ دەبێت کاتێک ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش لەو جەنگە تێوە دەگلێت. سەرەڕای ڕێزنەگرتنی یاسای نێودەوڵەتی لەلایەن ڕووسیاوە کە توانی ئەنجوومەنی ئاسایش پەکبخات، بەڵام هەموو هەوڵەکان لەوە چڕبوونەوە کە ڕووسیا ناچار بکەن ڕێز لە یاساکانی مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بگرێت.

ڕوون و ئاشکرایە کە ئۆکرانیا ناتوانێت بە جەنگە یاساییەکەی زیانە مرۆییەکان کەم بکاتەوە یان لەشکرکێشییەکەی ڕووسیا بوەستێنێت، بەڵکوو ئەوە ڕێکەوتنە سیاسییەکانن کە جەنگ ڕادەگرن. بەڵام هەوڵەکانی وا دەکەن کە زیان بە ناوبانگی یاسایی ڕووسیا بگەیەنن لە پێش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێگەی خۆشی قایمتر بکات. کۆمەڵێک پرسی یاسایی تری پەیوەست بەو جەنگە هەن کە ڕوونیان بکەینەوە بەتایبەتیش یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاساکانی جەنگ، بەڵام لەبەر کەمی دەرفەت ناتوانین لێرە باسیان بکەن.

سەرچاوەکان:

1-AFP /Le Monde, «Guerre en Ukraine : les Nations unies adoptent l'obligation de justifier tout veto, sur fond de blocage .russe sur l'Ukraine », 26 avril 2022

2-Bannelier-Christakis K., « Military Interventions against ISIL in Iraq, Syria and Libya, and the Legal Basis of Consent », Leiden Journal of International .Law, septembre 2016, vol. 29, nº 3, p. 750

3-Bellinger III John B., « How Russia's Invasion of Ukraine Violates International Law», International Institutions and global governance program- Crf, 28 feb-.ruary 2022

4-Burgorgue-Larsen Laurence, «La réaction des organisations internationales face à l'agression de l'Ukraine par la Russie : entre impuissance onusienne et renaissance européenne», Le Club des .Juristes, 27 février 2022

5-Chassin Catherine-Amélie, « La guerre en Ukraine : une analyse de droit international», Institut international des droits .de l'Homme et de la paix, 3 mars 2022

6-GRIGNON Julia, «Le droit international face à la guerre en Ukraine», Institut .Montaigne, 27 avril 2022

7-HANUUM Hurst, «International law says Putin's war against Ukraine is illegal. Does that matter?», The Conversation, 25 .february 2022

8-JANIK Ralph, «Putin's War against Ukraine: Mocking International Law», Blog of the European Journal of Interna-.tional Law, 28 february 2022

9-KERR Victoria, « Debunking the Role of International Law in the Ukrainian Con-.flict», OpinioJuris, 8 march 2022

10-LE FLOCH Guillaume , «Le principe de l'interdiction du recours à la force a-t-il encore valeur positive ?», Droit et Cul-.ture, 2009-1, n°57 p.49-76

11-MAIA Catherine, « Quel rôle pour la Cour pénale internationale face aux allé-gations de crimes en Ukraine ?», revuedlf, .chron. n°17, 2022

12-MAUREL Raphaël, «Ukraine c. Fédéra-tion de Russie : la CIJ ordonne à la Russie de « suspendre immédiatement » ses opérations militaires en Ukraine», Dal-.loz-actualité, 18 mars 2022

13-Maurel Raphaël, « L'intervention russe en Ukraine est-elle justifiée par la «légitime défense» et pour protéger des .populations ?», DeFacto, 8mars 2022

14-MAUREL Raphaël, «l'Assemblée générale de l'ONU au secours de l'Ukraine», Les .Surligneurs, 3 mars 2022

15-MAUREL Raphaël, « En saisissant la cour internationale de justice contre la Russie, l'Ukraine se place résolument du « bon côté » aux yeux de la communauté internationale», Les Surligneurs, 28 févri-.er 2022

16-MILANOVIC Marko, « Ukraine Files ICJ Claim against Russia», Blog of the European Journal of International Law, .27 february 2022

17-NDIOR Valère, «Quels enjeux et conséquences de l'agression de l'Ukraine par la Russie ?», Le Club des .juristes, 28 février 2022

17-NOOTEN Carrie, «L'ONU impuissante à voter une résolution contre l'« agres-.sion » russe», Le Monde, 26 février 2022

18-Pervinquière Amaury Coutainsais, «Ukraine : qu›est-ce que l›article 51 de l›ONU, invoqué par Poutine pour justifier son offensive ?», Le Figaro, 24 février .2022

19-Rezagui Insaf, « Guerre en Ukraine : quel rôle pour la Cour pénale internationale ?», The Conversation, 20 mars 2022



پڕۆفایل:

* لەدایکبووی ١٩٩٤/ هەولێر.

* بەکالۆریۆس لە یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

* ماستەری لە فەڕەنسا بەدەستهێناوە.

* ئێستا قوتابی دکتۆرایە لە فەڕەنسا.

جەنگی ئۆكرانیا و ڕووسیا.. سەرج و تێبینی

د. ئیبراهیم موحەممەد عەزیز/لەندەن

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس بۆ مامۆستایانی ئازیز بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، هەڵبەتە بابەتێكی وا گرنگ و بەو كاتە كەمە ناتوانرێت بەتەواوەتی هەموو ڕەهەندەكانی بخرێتەڕوو، هەروەها ئەستەمە بتوانرێت دیراسەیەكی تەواوی لێكەوتە وكاریگەرییەكانی لەسەر ئاستی نێودەڵەتی، جیهانی ئیسلامی، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و كوردستان لەم بابەتەدا ئەنجام بدرێت. بەڵام ئەوەندەی كە پێمان دەكرێت هەوڵ دەدەم بە كورتی ڕاو سەرنج و بیروبۆچوونی خۆم بخەمە ڕوو پاشان ڕەهەندەكانی تر لەكاتێكی تر یان بۆ كەسانی شارەزای بوارەكە بەجێ دەهێڵین.

ئەوەی كە دروستە ئەوەیە كە جەنگی ئۆكرانیا و ڕووسیا یەكێكە لەو جەنگانەی كە كاریگەرییەكی تەواوی دروست كردووە لەسەر ئاستی جیهان ونێودەوڵەتی وڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتان. هەرچەندە ئەم جەنگە (لۆكاڵیە) كە لە ئەوروپادایە بەڵام پەڕیوەتەوە بۆ ئاستە جیاوازەكانی جیهان.

بەر لەوەی بچمە سەر جەنگەكە دەمەوێت بەكورتی بگەڕێمەوە دواوە بەتایبەت لەباسی سیستمی نوێی جیهانی، چونكە یەكێ لەو هەوڵانەی ڕووسیا دەی دا بریتیە لە گۆڕینی سیستمی نوێی جیهانی.

لە دوای ساڵەكانی ١٩٩٠ وە سیستمێكی تاك جەمسەری هاتە بوون بە تایبەت دوای شەری كەنداو و هاتنی هێزێكی زۆری ئەمریكا بۆ دەركردنی سەدام لە كوەیت، كاتێك كە (جۆرج بۆشی باوك) وتی سیستمێكی نوێی جیهانی دادەمەزرێنین ئەمەش دوای هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت وكۆتاییهاتنی جەنگی ساردبوو لە نێوان بەرەی ڕۆژهەڵات و بەرەی ڕۆژئاوا، بەرەی رۆژهەلات بە سەرۆكایەتی ڕووسیا وە بەرەی ڕۆژئاواش بە سەرۆكایەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.

سیستمی نوێ جیهانی كۆمەڵێك بنەمای لە خۆ گرتبوو ئەو بنەمایانەی دوای كۆتایی مێژووی (فۆكۆیاما) و پێكداكێشانی ژیارەكانی گەلاڵەبوو. گرنگترینیان بریتی بوون لە شەرعیەتی نێودەوڵەتی، پێدانی زیاتری ڕۆڵ بە

نەتەوە یەکگرتووەکان، سەروەری دەوڵەتان، دەستوەرنەدان لەکاروباری نێودەوڵەتی و پراکتیزەکردنی دەستوەردانی مرۆیی وەك لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دا بینیمان بە پێی ماددەی ٦٨٨ ی ئەنجومەنی یاسایشی نێودەولەتی. هەروەها ئاشتی و ئاسایشی نێودەولەتی و پەیوەست بوون بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان، ئەمانەش پشت بەستووبوون بە کۆمەڵێك ڕەهەندی ئایدۆلۆجی بەدەر نەبووە ئەوەی ئەمەی بەڕێوە دەبرد سەرۆکایەتیەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو بەهاوبەشی دەوڵەتانی تری رۆژئاوایی. واتە لەسەر ئاستی نێودەولەتی کۆمەڵێك بنەما و کۆمەڵێك ڕێسا و ڕێوشوێنی نوێ هاتنەبوون کە بە سەردەمی هەژموونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناسرا.

لە دوای ١١ ی سێپتەمبەرەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی نوێی هێنایە کایەوە کە پێی دەوترا (الإستباقية الوقائية) بۆ لێدانی دوژمنەکانی و لەجەنگی دژی تیرۆر ئەوەی پەیڕەو کرد (ئەوەی لەگەڵم نیە دوژمنمە) ئەمەش زیاتر لەجەنگی ئەفغانستان و عێراق لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پەیڕەو کرا.

بەو شێوازە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە چوار چێوەی سیستمی تاکجەمسەری جیهانی مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخی جیهان دەکرد تا ئەو کاتەی کە هێزەکانی بەشێوەیەکی فەرمی لە عێراق کشایەوە و سەرەتای بەهاری عەرەبی دەستی پێکرد.

سیاسەتی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێ دەنگی بوو لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و لە هەندێک کەیسیشدا هاوکاری ناڕاستەوخۆی بارودۆخەکە بوو یان لەڕێگەی هاوپەیمانەکانی لەناوچەکە وەک سعودیە و ئیمارات.

لەم سیستمە جیهانیەدا ئەمریکا بۆشایی کەمی بۆ هاوبەشە ئەوڕوپاییەکانیش دەستەبەر دەکرد بەڵکو دەبوایە هاوشێوەی ئەو مامەڵە بکەن لەگەڵ ڕووداوەکان یان بزانن مەیلی ئەمریکا بەلای چ جۆرە هەڵوێستێکدایە تا ئەوانیش هەنگاوێک بنێن هاوتای ئەمریکا بێت.

بۆ نموونە ئەگەر باس بکەین کە دەوڵەتانی ئەوروپا نەیان دەتوانی هەنگاوی جودا لە دەرەوەی ئەمریکا بنێن بەبێ رەزامەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کیشەی وزەی ئەتۆمی ئێران. تاوەکو ئێستاش ئەوروپییەکان نەیاتوانی هەنگاو لە دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگرنەبەر و

ڕووسیا گەیشتووە بەو قەناعەتەی ئەگەر بێت و ساڕوخەکانی ئەمریکا بگەنە سەر سنوورەکانی وڵاتەکەی ئەوا ئاسایشی ڕووسیاش دەکەوێتە مەترسیەوە و ئەندام بوونی ئۆکرانیا لە ناتۆ بۆ ڕووسیا قبوڵ کرا و نەبووە

مامەڵەی سەربەخۆ بکەن لەگەڵ کۆریای باکوور، هەروەها بۆ ڕووداو بارودۆخەکانی تری جیهانیش بەهەمان شێوە ئەمریکا پێشڕەوی سیاسەتی ڕۆژئاوایی کردووە تەنانەت نەیانتوانی هەنگاوێکی گەورە لە دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بگرنە بەر لەسەر ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان و ڕێگریکردن لەو هێرشەی کە حکومەتی ناوەند کردیە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوەبوو کاتێك هەرێمی کوردستان تووشی دابڕان و داخران بوو بەهۆی ڕیفراندۆمەوە بۆ ماوەیەکی کەم وڵاتانی ئەوروپا هەموو پەیوەندییەکانیان هاوشێوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لە پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان تا ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕێگەی وەزیری دەرەوەی بەیاننامەیەکی دەرکرد وتی ئێمە پشتگیری حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی دەکەین ئەو کاتە وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت فەڕەنسا هاتنە سەرخەت و پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە.

ڕووسیا و قۆناغەکانی پەرەسەندنی سیاسەتەکانی

لەسەر دەمی سیستمی نوێی جیهانیدا ڕووسیا بە دوو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕی لە ١٩٩٠تا ٢٠٠٠ پاشان لە ٢٠٠٠ وە تا ئێستا.

ئەگەر سەیری بکەین لەسەرەتای سیستمی نوێی جیهانیدا یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، ڕووسیاش وەک میراتگری ئەو یەکێتییە دەوڵەتێکی بەهێز بوو لەسەر ئاستی جیهان. لەم قۆناغەدا ڕووسیا ویستی ئەوەی هەبوو لەگەڵ بنەما و پێوەرەکانی سیستمی نوێی جیهانی خۆی بگونجێنێت، بەتایبەت لەچواچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵ ببینێت.

ڕووسەکان چوونە ناو هێزی ئاشتی پارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر ڕێبەرایەتی ئەواندا کاری دەکرد.

بۆ نموونە لە ١٩٩٢ موبادەرەی ئاشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریان کرد، لە جۆرجیا لە ١٩٩٨ وە لە تاجیکستان و لە سربیا هێزی سەربازی هەبوو، وە لە کۆنگۆ بوونی هەبوو لە

چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها توانی هێزەکانی خۆی لە ئەوروپا بخاتە ژێر سەرکردایەتی ناتۆ هەرچەندە ڕووسیا ئەندامیش نەبوو لە ناتۆ، ئەمەش جۆرێك بوو لە هەماهەنگی ڕووسیا بۆ ناتۆ و سیستمی نوێی جیهانی، ویستی لەگەڵ ئەو بنەمایانە بێت لەقۆناغی نوێدا بوونی هەبوو بەڵام ڕۆژئاوا نەیانتوانی یان نەیانویست ڕووسیا ببێتە شەریکیان و لەو مەیدانەدا بەڵکو ویستی ئەوەیان هەبوو کە ڕووسیا پەراوێز بخەن چونکە دروستبوونی ناتۆ لە ١٩٤٩ بۆ دژایەتی سۆڤیەت بوو.

ناتۆ دروست بوو لە چوارچێوەی بیردۆزێکدا کە پێی دەوترێ (بیردۆزی دەورەدان) کە (جۆرج کینان) دانا جۆرج کینان کە دیبلۆماسییەکی ئەمریکی بوو ئەم بیردۆزەی دانا لە ساڵی ١٩٤٧ بەمەبەستی ڕێگری کردن لە پەلکێشانەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.

لە دوای ١٩٩٠کانەوە ڕووسەکان کە بەشێوازێکی نوێ هاتنە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی لە ناتۆشدا بوونیان هەبێت، ئیشیان کرد و پێکەوە کاریان کرد لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڵام نەتوانرا بەشێوەیەکی تەواوەتی ڕووسیا لەگەڵ ناتۆدا هاوئاهەنگی بەردەوام بێت.

لە دوای ٢٠٠٠ ـەکانەوە بە تایبەت لە شەڕی چیچانەوە لە ١٩٩٩ بۆ ٢٠٠٣ قۆناغێکی تر دەستی پێ کرد تاکو پێش جەنگی ئۆکرانیا. کێشەیەکی قووڵ دروست بوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ سیستمی جیهانی ئەویش ئەوەبوو کە ڕووسیا لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی کە ڕۆژئاوا هەیبوو بۆ بۆ کێشەکانی جیهان ڕووسیا دەیویست جۆرێکی تر لە سیاسەت پیشان بدات. بۆ نموونە لە جۆرجیا کاتێك سەحبی هێزی خۆی کرد وە هەروەها لە ئۆکرانیا لە قرم لە ٢٠١٤ لە سوریا لە ٢٠١٥ بەڕوونی لە پرۆسەی ئەستانەوە جیاوازی بیروبۆچوونەکانی ڕووسیا لەگەڵ ڕۆژئاوادا دەردەکەوت.

ڕووسیا پێی وابوو هاوبەشیکردنی دەسەڵات و ئەو شێوازەی کە غەرب دەیەوێت ئەم بەلایەوە قبوڵ نییە، بۆیە بەسەرکەوتنی خۆشی دەزانی کە توانی سوریا بەو شێوازە بمێنێتەوە، هەروەها لە لیبیا پشتگیری خەلیفە حەفتەری دەکرد و پشتگیرییەکانی زۆر ڕوون و دیار بوو. لەلایەکی ترەوە لە کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست کە لەلایەنی ئەمنیەوە پارێزگاری لە سەرۆکی ئەو کاتەی وڵات کرد، بینیمان ئەو سەرۆکەی کە خەڵك لێی ڕائەپەڕی خەڵك دژی دەوەستانەوە ڕووسیا پشتگیری کرد بۆ مانەوەی.

هەوڵی ئەوە دەدەن بێنیاز بن لە نەوت و گازی ڕووسیا و بێمنەت بن و واز بێنن لە مامەڵەکردن لەگەڵی، پێم وایە ناتوانن وازی لێ بێنن چونکە کۆی ئەوڕوپا بەتایبەت ئەڵمانیا لەسەر نەوت و گازی ڕووسیا وەستاون

هەروەها لە کەرەباخ ئەمەش لە بەینی جۆرجیا و ئەرمینیادا بوو باس لەوەش دەکرێت کە ڕووسیا لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاڵیبان دا هەبوو لە ٢٠١٤ وە یارمەتی داراییشی داون، هەروەك ڕووسیا هاتە ئەم قۆناغە چووە مەیدانێکی ترەوە کۆمەڵێک بنەمای بۆ دانا بوو کە بریتی بوو لە یەکەم: بەرکاهێنانی هێز لەگەڵ ئەوەشدا هێز بەکاردێنێت دووەم: دانوستان کردن لەگەڵ هێزی تردا بەبێ بەشداری لایەنی سێیەم. بەڵام ڕاستەوخۆ پیشتگیری لایەنێک لەلایەنەکانی دەکرد. بۆ نموونە لەگەڵ تورکیا ئێران قسەی دەکرد و گفتوگۆی دەکرد کاتێک کێشەی دەبوو لەگەڵیان بەبێ نەتەوەیەکگرتووەکان یان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ڕووسیا دەیویست دەوڵەتەکە خۆی سەنتەری کێشەکە بێت نەک ئەوانی تر، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت ڕووسیا پێوەر و بنەمای تایبەت بەخۆی بۆ چارەسەری گرفتەکان بۆ ئیدارەدانی ناکۆکیەکان لەسەر ئاستی نێودەولەتی وەك هێزێکی جیهانی بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوانی تر بووەستێتەوە بەجۆرێك نموونەیەکی نوێ پێشکەش بکات.

جەنگی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا

لەم بارودۆخەدا کە جەنگ دروست بووە و بەردەوامیشی هەیە، هۆکارەکانی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە گوایە ڕووسیا هاتنی ناتۆ بۆ سەر سنوورەکەی خۆی بە مەترسی دەزانێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا. بەدەر لەم هۆکارەش هۆکار گەلێکی تر هەیە لەپشت دروستبوونی ئەم جەنگەوە دیاریترینیان ئەوەیە کە ڕووسیا دەیەوێت سیستمی تاکجەمسەری جیهانی بگۆڕێت.

بۆ باسکردنی ئەم بابەتە پێم خۆشە تۆزێک بگەڕێینەوە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

لە ساڵەکانی ١٩٦٢ قەیرانێک دروستبوو بە ناوی (قەیرانی بەرازەکان) کە بریتی بوو لە جێگیرکردنی کۆمەڵێ مووشەکی ڕووسیا لە کەناراوەکانی کوبا بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەم هەنگاوەی ڕووسیا ئەمریکا بە مەترسی دانا بۆ سەر ئاسایشی ئەمریکا و بۆیە قەیرانەکە گەورە بوو نزیک بوو لە پێکداکێشانی چەکی ناوەکی، بەڵام چارەسەرکرا بەوەی کە ڕووسیا

مووشەکەکانی بکشێنێتەوە و ئەمریکا بە هیچ جۆرێک کوبا داگیر نەکات.

ئێستاش بە هەمانشێوە ڕووسیا گەیشتووە بەو قەناعەتەی ئەگـــەر بێتو ساڕوخەکانی ئەمریکا بگەنە سەر سنوورەکانی وڵاتەکەی ئەوا ئاسایشی ڕووسیاش دەکەوێتە مەترسیەوە و ئەندام بوونی ئۆکرانیا لە ناتۆ بۆ ڕووسیا قبوڵ کرا و نەبووە ئەو جەنگەی لێکەوتەوە کە ئێستا دەیبینین.

گرنگە لێرەدا ئەوە بخەینە ڕوو و بزانین بارودۆخی ئێســـتای جەنگەکە کۆمەڵێك هەنگاوی تیـــا دەبیـــنرێت سەیردەکەین دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بیردۆزەکەی (جۆرج کینان) حەفتا ساڵ پێش ئێستا نووسیوێتی و دایناوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە دەورەدانی یەکێتی سۆڤێتی ئەو کاتە بوو. ئێستاش بەهەمانشێوە دەوڵەتانی ئەوڕوپا دەیانەوێت بەر لە هاتنی ڕووسیا بگرن لە ڕووی ئابووری و دبلۆماسی و ڕاگەیاندنەوە،سەربازییەوە لە بوارەکانی تر تەنانەت دروستکردنی لیســـتی ڕەش بۆ کەسایەتیەکانیان و سزادانیان.

تەنانەت هـــەندێک لە بازرگانە ڕووسەکان لـە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆشیان دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیراوە، بەهەمانشێوە ســـەیر دەکەین لە دوای جەنـــگی جیهانی دووەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکـا مەشروعێکی دانا بەناوی یارمەتیدانی ئابووری دەوڵەتە ئەوڕوپیەکان بۆ ئـــەوەی بینای ئەوڕوپای پێ بکەنەوە، بەهەمانشێوەی ئێستا پارەدار کردنێکی زۆر هاوکاری زۆری ئۆکرانیا دەکرێت و تەنانەت دەوڵەتانی نزیک لە ڕووسیاش لەلایەن ئەمریکاوە هاوکـــاری دەکرێن بۆ بەهێزکردنی لایەنی سەربازییان. هەموو رۆژئاوا وەک نەتەوەیەك لە بەرامبـــەر ڕووسیادا وەستاون بەڕواڵەت جەنگەکە لە نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیادایە بەڵام لە ڕاستیدا هەموو رۆژئاوا بــــەرامبەر ڕووسیا وەستاون و ئۆکـــرانیا وەکو گۆڕەپانی جەنگەکەیە.

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (بۆریس جۆنسن) وەک پلانێك بۆ ڕێگری لە ڕووسیا وسزادانی شەش خاڵی خستەڕوو بۆ ئەوەئ پەیڕەوی لێ بکەن. داوای کرد هاوپەیمانێکی نێودەڵەتی مرۆیی دروست بکریت بۆ ئۆکرانیا، داوای کرد یارمەتیەکی تەواوی سەربازی ئۆکرانیا بدرێت، داوای کرد دەوڵەتان ئیش لەسەر ئەوە بکەن کە سزا ئابووریەکانی سەر ڕووسیا توندتر بکەن، وەك بینیمان کە چۆن پاکێجی چوارەمی سزاکانی ئەمریکـــا بۆ سەر ڕووسیا جێبەجێ دەکرێت، هەوڵی ئەوە دەدەن بێنیاز بن لە نەوت و گازی ڕووسیا و بێمنەت بن و واز بێنن لە مامەڵەکردن لەگەڵی، پێم وایە ناتوانن وازی لێ بێنن چونکە

کۆی ئەوروپا بەتایبەت ئەڵمانیا لەسەر نەوت و گازی ڕووسیا وەستاون، ڕووسیاش خۆی چاك ئەوە دەزانێ بەڵام تاوەکو ئێستا سەرکەوتوو نەبوون لەو هەوڵەیاندا. پۆتین ڕایگەیاند کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا ویستیان سزای ئێمە بدەن لە ڕووی سووتەمەنیەوە بەڵام ئێستا ڕووسیا قازانجی کردووە و کۆمپانیاکانی زیاتر پارە پەیدا دەکەن و لەسوودی ئێمە تەواوە بووە چونکە نەوت و گاز گرانبووە و نەیشیان توانی بێنیاز بن لە سووتەمەنیەکەی ڕووسیا.

یەکێکی تر لە خاڵەکانی جۆنسن ئەوەبوو کە ڕووسیا بووەستێنن و ڕێگری لێ بکەن کە نەتوانێ لەو ناوچانەی دەستی بەسەردا گرتووە لە ئۆکرانیا (تطبیع) نەکات. هەروەها چارەسەری دیبلۆماسی بگرنە بەر بەڵام لەسەر ئەساسی دەوڵەتە شەرعیەکەی ئۆکرانیا. لەسەروئەمانەوە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا داوای کردووە کە دەوڵەتانی ئەوروپا بە گشتی خۆیان پڕ چەک بکەن بۆ پارێزگاری لە ئەمنیەت و ئاسایشی خۆیان.

دوور نییە لە داهاتوودا شەڕەکە بەردەوام بێت ودەوڵەتانی تر بچنە پاڵ ڕووسیا یان دەوڵەتانی تری ئەورووپا ڕاستەوخۆ بچنە ناوجەنگەکەوە.

ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە بۆریس جۆنس پەنای نەبردۆتە بەر نەتەوەیەکگرتووەکان چونکە باش دەزانێت ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لاوازە و لەئاستی پێویستدا نیە.

سیناریۆکانی جەنگەکە

ئەگەرەکان و سیناریۆکانی ئەم جەنگە زۆرن بەڵام لێرەدا سەرەکیەکانی دەخەینە ڕوو:

یەکەم: ئەگەر هاتوو ڕووسیا سەرکەوتوو بێت و خاکی ئۆکرانیا بەتەواوەتی داگیر بکات. دەوڵەتانی ئەوروپا هیچ شتێکیان پێ ناکرێت لەم حاڵەتەدا بەڵکو دەبێتە هۆی گۆڕینی سیستمی نوێی جیهانی و ڕووسیا دەبێتە هێزێکی کاریگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەگەر دوو جەمسەری دروست نەبێت و دەوڵەتان لە چواردەوری ڕووسیا کۆنەبنەوە ئەوا بێ گومان فرەجەمسەری دروست دەبێت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چی دی ناتوانێ هەژموونێکی تەواوەتی و سەرداریێتی دەوڵەتانی جیهان بکات.

دووەم: بریتییە لە شکستی ڕووسیا و سەرکەوتنی بەرەی ڕۆژئاوا و سەرکەوتنی ئۆکرانیا، کە ئەمە لە ئێستادا بە دووری دەزانم بەڵام ئەگەر بیت و جەنگەکە بەردەوام بێت و نەزیفێکی بەردەوام بێت لەوە ئەچێت ڕووسیا

شکست بێنێت، وەك چۆن لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئەڵمانیا شکستی هێنا. لەم بارودۆخەدا سیستمـــــی نوێی جیهانی گۆڕانکارییەکی تر بەخۆیەوە دەبینێت، گۆڕانکاری لەسەر ئاستی تاکجەمسەری نا لەسەری ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

سێیەم: درێژەدان بەجەنگەکە، ئەگەری ئەوە هەیە جەنگەکە بەردەوام بێت لەسەر ئاستی ئۆکرانیا و ڕووسیا نەتوانێت کۆنتڕۆڵی تەواوەتی خاکی ئۆکرانیا بکات. چونکە ئەوڕوپا لە پشتیەتی بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو بنەمایانەی کە ڕووسیا لە دوای ٢٠٠٠وە کاری لەسەر دەکات کە بریتی بوو لە کاری دبلۆماسی و گفتوگۆ لەپاڵ بەکار هێنانی هێز لەم جەنگەشدا پەیڕەوی بکات و هەرچەندە شەڕ بەردەوام بێت بەڵام دەرگای گفتوگۆی ڕاستەوخۆش لەگەڵ ئۆکرانیەکان دانەخات. هەروەها مامەڵە کردن لەگەڵ ڕۆژئاوا وەکو کێشە نەك چارەسەر.

ئەوەی ئێستا دەبینین هەر چەندە جەنگەکە بەردەوامە بەڵام دانوستانی نێوان هەردوو لا بەردەوامە و کۆتا دانوستانیان لەکۆتاییەکانی مانگی تەمووزی ٢٠٢٢ بـــوو کـــاتێک بەنێوەندگیری تورکیا هەردوو لا ڕێکەوتن کە ئۆکرانیا بتوانێت گەنمەکەی بنێرێتە بازاڕەکانی جیهان و ڕووسیاش ڕێگەی بۆ بکاتەوە وڕێگری لێ نەکات.

بە کورتی لێکەوتەکان و کاریگەرییەکانی جەنگەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

ئەم جەنگە چەندین لێکەوتەی دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەڵام ئەوەندەی بوار هەبێت لێرەدا باسی دەکەین.:

- دروستبوونی گـــۆڕانکاری لەسەر ئاستی سیستمی نێوی جیهانی، بەسەرکەوتن یان بە شکستی ڕووسیا جیهان ناگەڕێتەوە پێش جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا.

- ڕووسیا لەلایەك و ئۆکرانیا لەلایەکی تر وەکو بڵێین ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکەن هیچ ئۆمێدێك نییە بۆ وەستانی شەڕ ئەو دانوستانەی ئاماژەم پێکرد زیاتر بۆ تەحقیقکردنی ئەو ئامانجەیە کە ڕووسیا ئیشی بۆ دەکات.

- پەکخســـتن و شکســـتپێهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم (عصبة الامم) هاتە کایەوە بەڵام نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە جەنگی جیهانی دووەم دا دوای جەنگەکە نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە کایەوە و تائێستا کاری کردووە، بەڵام هەڵگیرسانی ئەم جەنگە کارەکان و بوونی خستە ژێر پرسیارەوە، بۆیە ئەم جەنگەش پێم وایە نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانێت بەم شێوازە کارەکانی بکات، بۆیە پێویستی بوونی سەر لەنوێ داڕشتنەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستیەکی قۆناغەکەیە.

- دوور نییە لە داهاتوودا شەڕەکە بەردەوام بێت وەدەوڵەتانی تر بچنە پاڵ ڕووسیا یان دەوڵەتانی تری ئەورووپا ڕاستەوخۆ بچنە ناوجەنگەکەوە.

هەروەك بەبیرهێنانەوەیەك لە جـەنگی جیهانی یەکەمدا ساڵی ١٩١٧ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ۆڵسن) داوای لە کۆنگرێس کـرد کە ڕەزامەندی بدەن بچێتە ناو شەڕەکەوە و ئیعلانی حەربی کرد دژی لایەنی بەرامبە وە هەروەها لە جەنگی جیهانی دووەم دا ڕووسیا بە درەنگ هاتە ناو جەنگی جیهانی دووەمەوە لە ساڵـی ١٩٤٠ بەشداری ڕاستەوخۆی کرد. بەهەمان شێوە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٠ هاتە نێو جەنگەکەوە واتە جەنگەکە بەردەوام بوو ئەوانێش بەدرەنگەوە بەشداری ڕاستەوخۆیان تێدا کرد. بۆیە پێدەچێت لە ئەگەری بەردەوامی ئەم جەنگەدا دەوڵەتانی تر ڕاستەوخۆ بێنە ناوجەنگەکەوە و بەرەی هەردوو لا فراوانتر ببێت.

کاریگەرییەکانی جەنگەکە لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

- خۆرهەڵاتـی ناوەڕاست ناوچەیەکی ستراتیژی گرنـگە بـۆ وڵاتە یەکگرتووەکانیئەمریکا و ڕووسـیا..هتد. بەتایبەت لەدوای شەڕی کەنداوی دووەم لە ساڵی ١٩٩٠ کە ئەمریکا هاتە ناو کەنداو عێراقی لە کوەیت دەرکرد، بۆ یە ئەمریکا بەردەوام لەم ناوچەیەدا بوونی هەبووە و هەیە. ڕووسیاش لە لیبیا و سوریا بوونی هەیە و لە ئێستاشدا کاریگەرە لەسەر ڕووداوەکانی سوریا.

ئەم جەنگەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆیە کاتێک کە باسی پاکێجی چوارەمی سزاکانی سەر ڕووسـیا دەکرێت باس لەڕۆڵی دەوڵەتە نەوتیەکانی کەنداو دەکرێت وەک سعـودیە کـە دەبێت ڕۆڵیان هەبێت لە توندترکردنی سزاکان بە ناڕاستەوخۆ لەسەر ڕووسیا کەوای لێهات کەواتە ئەمانیش بەناڕاستەوخۆ بەشێك دەبن لە شەڕەکە. لە سەردانی جۆبایدن بۆ سعوودیە وبەشداریکردنی لە لوتکەی جددە لە ٢٠٢٢/٧/١٧ دا کە تیایدا ئاماژەی بەڕۆڵی دەوڵەتانی ناوچەکە کرد و ڕایگەیاند کە هیچ بۆشاییەک بەجی ناهێڵێت بۆ ڕووسـیا و چین و ئێران لەناوچەدا کە پڕی بکەنەوە. ئەمەش ئاماژە بوو بەوەی کە سەرەڕای جەنگی ئۆکرانیا ئەم ناوچەیە جێگە گـرنگی ئەمریکایە و لەو لوتکەیەدا سعودیە ڕایگەیاند کە توانای ناردنە دەرەوەی نەوتیان ١٣ ملیۆن بەرمیل زیاتر نابێت لە ڕۆژێکدا ئەمەش وەک ئاماژەیەک بەوەی کە توانای ئەوان نییە بۆ جێگرتنەوەی نەوتی ڕووسیا لەبازارەکانی جیهاندا.

- کاریگەرییەکان لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

له ڕووی ســـــەربازییەوە مەترسیدارە. مادام ڕووسیا بوونی هەیە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا و پێگـــەی سەربازی هەیە، لەبەرامبەریشدا وڵاتـــــە یەکگرتووەکانیش پێگەی سەربازیان هەیە، دوور نییە ئەمە ڕەنگدانەوەی سلـــبی هەبێت لە ڕووی سەربازییەوە، لەکاتێکدا کە ئەوان پشتگیری کۆمەڵێ لایەن دەکەن بۆ نموونە سەیری شەڕی سوریا بکەین بەشار ئەسەد لەلایەن ڕووسیاوە بەهەموو شێوازێکەوە پشتگیری دەکرێت وە کۆمەڵێك خەڵکـــی تریش لەم لاوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پشتگیریان دەکات و چەکداری کردوون لەبەر ئەوەی ئەم شەڕانە گەرمتر و خۆشتر بێت بۆ ناوچەکە، واتە ئەو خەڵکانەی کە ڕووسیا پشتگیریان دەکـــات و بـــەناڕاستەوخۆ دەبێتە جەنگی بەوەکالەت کە لەسەردەمی جەنگی ساردیشدا ئەم جۆرە لەجەنگە بوونی هەبوو.

- داڕشتنی بەرژەوەندیـــیەکان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر ئەساسی تاك جەمسەریە هیچ وجودێکی بەرژەوەندیخوازی گەورەی ڕووسیا لە ناوچەکەدا هاوتای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوونی نیە. ئەم هەوڵەی ڕووسیا بۆ ئەوەیە کە بەرژەوەندی ناوچەکە لەسەر بنەمایەکی تر دابڕێژرێتەوە و بتوانرێت بەرژەوەندیەکانی خۆی مسۆگەر بکات.

ئەم هەوڵەی ڕووسیا بۆ ئەوەیە کە بەرژەوەندی ناوچەکە لەسەر بنەمایەکی تر دابڕێژرێتەوە و بتوانرێت بەرژەوەندیەکانی خۆی مسۆگەر بکات

- ئەگەری ئەوە هەیە لە حاڵەتی سەرکەوتنی ڕووسیا سیستمە دیکتاتۆرییەکان بەشێوازێکی نوێ بێنەوە مەیدان و زیاتر دەست بە دەسەڵاتەوە بگرن. ئەو ئایدۆلۆجیایەی کە ڕووسیا هەڵی گرتووە بۆ پشتگیری کردنی دەسەڵاتە زاڵم و ستەمکارەکانە زیاتر وەک سوریا وحەفتەر، ئەوانەن ستەم لە خەڵکی خۆیان دەکەن.

چونکە ئێمە دەزانـین ئەم ناوچانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتانێکن کە فیعلەن هەموویان کێشەیان هەیە هەموویان ناتوانن ئەگەر بێتو پشتگیرێیکی دەرەکیان نەبێت ناتوانن بەو شێوازەی کە ئێستا هەیە مامەڵە بکەن وبەردەوام بن. لە بەرامبەریش دا ئەگەر بێتو ئەمریکا سەر بکەوێت ئەوکـــاتە بارودۆخی لیبیا دەگۆڕێت بارودۆخی ســـوریا دەگۆڕێت وەبارودۆخی تورکیا دەگۆڕێت لەگـــەڵ دەوڵەتانی تردا ڕەنگدانەوەی لەسەر عێراق دەبێت بەڵام دیار نیە چ ئاراستەیەک دەگرێت.

ئەگەر ئەم سیستمە نوێیەی جیهان گۆڕانکاری بەسەر بێت ئەوا داهاتووی هەرێمی کوردستان بە داهاتوویەکی نادیاردا دەڕوات

ڕەنگدانەوەی جەنگەکە لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت

ئەم جەنگە و بەرئەنجامەکانی کاریگەری دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان وعێراق. یەکێک لەئەگەرەکان ئەوەیە کە ڕووسیا سەرکەوتووبێت، ئەگەر هاتوو ئەم گریمانەیە بەدیهات ئەو کاتە دارشتنەوەی بەرژەوەندییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بۆ ئەوانی تر دەگوازرێتەوە، بەو پێیەی ڕووسیا هاوپەیمانی ئێرانە و ئێرانییەکانیش کاریگەرییەکی تەواویان لە عێراق دا هەیە، وە شیعەیش بەشێکی گەورەی پرۆسەی سیاسین لە عێراقدا تاوەکو ئێستاش سەرەداوەکانی پرۆسەی سیاسی عێراق بەدەستی شیعەوەیە، ئەوا ئەکاتە ئەوان دەتوانن کۆمەڵێك گۆڕانگاری گەورە بکەن کە ببێتە مەترسی بۆسەر هەرێمی کوردستان.

ئێمە دەزانین هەرێمی کوردستان بەم چوارچێوەیەی کە هەیەتی لەبەرئەنجامی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ساڵی ١٩٩١ دەرچووە کە بە کرداری دەستێوەردانی مرۆیی بوو، بەواتایەکی تر هەرێمی کوردستان لەگەڵ دروستبوونی سیستمی نوێی جیهانی هاتە بوون کە سیستمی تاکجەمسەری ئەمریکایە لەسەر ئاستی جیهان، ئەگەر ئەم سیستمە نوێیەی جیهان گۆڕانکاری بەسەر بێت ئەوا داهاتووی هەرێمی کوردستان بە داهاتوویەکی نادیاردا دەڕوات، چونکە کێ پشتگیری لێ دەکات خۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیری لێ ناکات وەکو بینیمان لە دوای ڕیفراندۆم کە لە دوای هاتنی هێزەکانی عێراق بۆسەر ناوچەکانی هەرێم بینیمان چی ڕوویدا. هەرێمی کوردستان وڵاتێکی داخراوە و مەترسیەکان زۆرن لەسەر بوونی ئەم هەرێمە، هێزیکی نیودەوڵەتی نیە بەرگری لێ بکات.

بەڵی ئێمە ئەگەر بێتو خوا نەخواستە وا ڕووبدات ڕووسیا سەر بکەوێت و ئێران وەک هاوپەیمانێکی ڕووسیا ئەگەر بیەوێت ئەوا دەتوانێت هەژموونی خۆی بەسەر کوردستاندا زیاتر بکات.

وەک بینیمان موشەک بارانی هەلێر بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەی هەڵگرتبوو کە ئێران کاریگەرە لەهەرێم و ناوچەکە. ڕاستە هەرێمی کوردستان وجودی هەیە لەناو دەستووردا بەڵام ئەوە لەژێر مەترسیدایە ئەگەر بێتو دەست بۆ دەستور

و هەمواركردنی ببرێت ئەو كات دەتوانرێت بێ دەسەڵاتی بكەن و بێ هێزی بكەن، سەیر كە تەنها بڕیارێكی مەحكەمەی ئیتیحادی دەرچووە كە نابێت نەوتەكەی بفرۆشێت و نایاسابییە، چەند گرفتی یاسایی بۆ هەرێم دروست كردووە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوە دەتوانن كیشەی بۆ دروست بكەن و لایەنە پەیوەندیدارەكان و نەوت كڕەكانیش دەبێت ئیلتزامات بەو یاسا و ڕێسایە بكەن كە حكومەتی عێراق هەیەتی لەبەر ئەوەی هەرێمی كوردستان داهاتوویەكی نادیاری دەبێت ئەگەر بەردەوام لەم ململانێیانەدا بێت.

لە كۆتاییدا چەند خاڵێك دەخەمە ڕوو:

- ڕووسا سەلماندی بۆ ڕۆژئاوا دەتوانێت چوارچێوەی یارییەكان بگۆڕێت و سیستمی یارییەكان بگۆڕێت، ڕێسا و یاساكان بگۆڕێت وەك زلهێزێك لەم قۆناغەدا دەتوانێت ئەوەی بیەوێت كە خۆی باوەڕێ پێیەتی لەسەر ئاستی جیهان بیگۆڕێت.

- لە ڕووی ئابوورییەوە جیهان ڕووبەڕووی كۆمەڵێك كێشە و قەیران بووەتەوە، نەك تەنها ئەوروپا یان ڕووسیا جیهان كاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەم جەنگەی بەسەرەوەیە.

- بەردەوامی ئەم جەنگە وا دەكات ئەوڕوپا زیاتر خۆی پڕچەك بكات.

- وەك بەكارهێنانی هێز لە چوارچێوەیەكی دیاریكراو لەم قۆناغەدا تێپەڕناكات واتە (حرب محدودە) دەبێت و جەنگەكە سنووردار دەبێت لە نێوان ڕووسیا و ئۆكرانیا لە حاڵەتی پەلكێشانی بۆ زیاتر دەوڵەتانی ئەوروپا دەمێنێتەوە سەر هەڵویستی دەوڵەتەكان.

- ئەم جەنگە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتی و دیبلۆماسیەتەوە فەشەلی پێهێنان واتە نەیان توانی بەر لەم جەنگەكە بگرن، ئەمانە دەستەوەسان بوون، نەیانتوانی كاریگەری تەواو دروست بكەن لەبەر ئەوەی بارودۆخەكە بارودۆخێكی نا ئاسایی و لەتوانای نەتەوەیەكگرتووەوكانیشدا نەبوو كە بیوەستێنێت.

تێبینی: ئەم بابەتە لەسەرەتای جەنگی ئۆكرانیا و ڕووسیا پێشكەش كرا بۆ سەكۆی خەمخۆرانی بانگەوازلە بەرواری ٢٠٢٢/٣/١٩وبە دەستكارییەكی كەمەوە لە گۆڤاری ئایندەدا بڵاوكرایەوە.

زۆر سوپاسی ئەو برایە دەكەم كە ئەركی كێشا كە بابەتەكەی لەدەنگەوە گواستەوە بۆ نووسین و دەستەكانی خۆش بێت.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- چەند بابەتێکی قۆناغی چوارەمی زانستە سیاسیەکان سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا و جەمسەر گیری لەپەیوەندییە نێودەولەتیەکاندا، بەندە وەک مامۆستای زانستە سیاسیەکان پێشکەشم کردبوو.

١- John Crace, Boris Johnson's six-point plan for Ukraine turns out to be .six - -vague principles

٢- DAVID LEWIS, Contesting liberal peace: Russia's emerging model of conflict management

٣- چەند سەرچاوەیەکی هەواڵی جیهانی وەک BBC سەبارەت بە جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا.

پڕۆفایل:

د. ابراهیم محمد عزیز

* لەدایکبووی ١٩٧٨.
* دکتۆرا لەسیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.
* مامۆستای زانکۆ.
* دانیشتووی لەندەن/ بەریتانیا.

جەنگی ڕوسیا - ئۆکراینا و کاریگەری لەسەر ئابووری و وزە لەجیهاندا

مێژووی ململانێی نێوان ڕوسیا و ئۆکراینا

د. سەرباز عەزیز وەرتی

ئەمڕۆ پرسی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا پرسێکی هەنووکەییە، بەو پێیەی ئەم دوو دەوڵەتە پەیوەندییەکی مێژوویی دوور و درێژیان هەیە. ئۆکراینا سەرەتا بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا، پاشان لە یەکێتیی سۆڤیەت. جگە لەوەش، بە پێچەوانەی زۆرێک لەو وڵاتانەی کە بەشێک بوون لە یەکێتییەکە، ئەو لەگەڵ بێلاروس، هەمیشە بە کۆمارێکی «برا» هەژمار کراوە لەگەڵ ڕووسیادا. وە ئەمەش تەواو ڕەوایە، بەو پێیەی لێکچوونی کەلتوور و زمان و عەقڵیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و گشتییە نزیکەکان پەیوەندییەکی بەهێزی لە نێوان هەر یەک لە ڕووسیا و ئۆکراینا و بێلاروس دروست کردووە. بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا،

سەرکردایەتی ئۆکراینا بڕیاریدا ڕێڕەوی سیاسیی خۆی بەرەو یەکگرتن لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا ئاراستە بکات، بەمەش پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ ڕووسیا بخاتە مەترسییەوە.

لە ئێستادا بەهۆی پەرەسەندنی ململانێی جیۆپۆلەتیکییەوە، خاکی ئۆکراینا بووەتە جۆرێک لە «بارمتە»ی دابەشکردنی کایەکانی نفوزی ئەمریکا و ڕووسیا. چەندین هۆکاری بەرچاو بەشداربوون لە پەرەسەندنی ئەو ململانێیە. یەکەم: گەشەی قەرزی گشتی ئۆکراینا بۆ غاز بە ڕووسیا؛ دووەم: گۆڕینی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئۆکراینا؛ سێیەم: ڕیفراندۆم بۆ دۆخی کریمیا (دورگەی قرم) لە ساڵی ٢٠١٤ دا.

ناکۆکییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئۆکراینا زۆر پێش ڕووداوەکانی کییێڤ دەستی پێکردووە. هەر لە ساڵی ١٩٩٣ەوە، ناکۆکی لەسەر پرسی «غاز» لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا سەریهەڵداوە. ڕوودانی ئەم ململانێیانە لەژێر ناوی «شۆڕشی پرتەقاڵی» دا، کە ڤێکتەری لایەنگری ئەورووپی سیاسەتی

دەرەوەی ئۆکرانیای نیشان دا. دوای ئەوە، ڕێوشوێنی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە گیرایەبەر، بەڵام ڕیزبەندی ئاستی ڕووسیا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی و وڵاتانی ئەوروپا کە درکیان بە وابەستەیی خۆیان بە «غاز» کرد، دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە ڕێوشوێنی زاڵبوون بەسەریدا. بەم شێوەیە خواستی ئەوروپا بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەتی ئۆکراینا لە هەستەکانی دژە ڕووسیادا سروشتی دەردەکەوێت.

لەڕاستیدا بەریەککەوتنەکانی نێوان ڕووسا و ناتۆ لەسەر خاکی ئۆکراینایە وەک گۆڕەپانێک، کە ئۆکراینا بەوەکالەت لە جیاتی ڕۆژئاوا و ئەمریکا یان ڕاستر بڵێین گواستنەوەی قۆناغێکی تری نوێی ململانێیە لە جەنگی ساردەوە بۆ جەنگێکی گەرم لەسەر خاکی ئەم وڵاتە. هەروەها ئەم بەردەوامی و گواستنەوەیەی (ناتۆ NATO) بۆ خۆرهەڵات واتا بە تەواوەتی نیەت و نیازەکانی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (NATO) بۆ قبوڵکردنی جۆرجیا و ئۆکراینایە بۆ ڕیزەکانیان، هەروەها تەسککردنەوەی فەزای جیۆپۆلەتیکی ڕووسیایە. وە فشار خستنە سەر ڕووسیا لە لایەن ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاوە دەربارەی لکاندنی کریمیا (دورگەی قرم)ە.

گرانی و قەیرانی خۆراک

لە ڕاستیدا توانای پیشەسازی ئۆکراینا بۆ ڕووسیا گرنگ بوو، لەبواری هاوکاری سەربازی-تەکنیکی. ئۆکراینا زۆر گرنگە بۆ ڕووسیا لە پلانی ستراتیژیدا - وەک ناوچەیەکی پارێزەر لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە ئاراستەی باشووری ڕۆژئاوا لەگەڵ بلۆکی ناتۆ جیا دەکاتەوە. جگە لەوەش، ئاشکرایە کە ئۆکراینا بە مێژوویەکی هاوبەش و چارەنووسی خەڵکی ئاسایی لە نزیکەوە لەگەڵ ڕووسیادا تێکەڵ بووە - مەزەندە دەکرێت کە تا یەک لەسەر سێی هاوڵاتیانی ڕووسیا خزمیان لە ئۆکرانیادا هەبێت. بەهۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، بەشداری چالاکانەی ئەم وڵاتە لە ناتۆدا (وەک

دابینکردن و هەناردەکردنی نەوتی ڕووسیا پێش لەشکرکێشی ئۆکراینا لە شوباتی ٢٠٢٢ لە ٢ی ئازاردا، پشکەکانی کۆمپانیاکانی گازپرۆم، ڕۆسنەفت و لوکۆیل کە لیستی لاوەکییان لە لەندەن هەیە، لە سەرەتای ساڵەوە بە ڕێژەی ٩٩،٢٪، ٨٨،١٪ و ٩٩،٦٪ی بەهاکانیان لەدەستدا.

وەزیری ئابووری ئەڵمانیا ڕۆبەرت هابێک هۆشداریدا: «ئەگەر لە زستانی داهاتوودا غازی زیاترمان دەست نەکەوێت و ئەگەر پێداویستییەکان لە ڕووسیاوە ببڕدرێت، ئەوا ئەوەندە غازمان نەدەبوو کە هەموو ماڵەکانمان گەرم بکەینەوە و هەموو پیشەسازییەکەمان بەردەوام بێت».

ئامانجێکی ستراتیژی لە پەیوەندی لەگەڵ جۆرجیا و ئۆکراینا لە لوتکەی ناتۆی نیسانی ٢٠٠٨دا بە ڕوونی دەستنیشانکرا) و هەندێک پەیوەندی ئابووری لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بە ئامانجی جیابوونەوە لە ڕوسیا بەڕاستی پێدەچوو لەلایەن نوخبەی سیاسی ڕووسیا و زۆرینەی دانیشتووانەوە قبوڵ نەکراوبێت.

لە ئەنجامی لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا، پێشبینی دەکرێت پاشەکشەی ئابووری بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ ڕووبدات. هۆکاری کەمبوونەوەی پێداویستییەکانە بۆ هەندێک بازاڕی جیهانی.

نرخی گەنم لە وەڵامی هێرشەکانی ساڵی ٢٠٢٢دا بۆ بەرزترین ئاستی لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە بەرزبووەوە. لە کاتی لەشکرکێشیەکەدا، ئۆکراینا چوارەم وڵاتی هەناردەکاری گەنمەشامی و گەنم بوو، هەروەها گەورەترین هەناردەکاری ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە بوو لە جیهاندا، ڕووسیا و ئۆکراینا پێکەوە ٢٧٪ی هەناردەی گەنمی جیهانیان پێکدەهێنا و ٥٣٪ی گوڵەبەڕۆژەی جیهانیان پێکهێنابوو وەکو تۆو. دەیڤید بیزلی، سەرۆکی بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە مانگی ئازاردا هۆشداریدا لەوەی کە شەڕێک لە ئۆکراینا دەتوانێت ببێتە هۆی قەیرانی خۆراکی جیهانی «تا ئاستێک لە هەموو شتێک زیاتر کە پێشتر بینیومانە.» پچڕانی ئەگەری دابینکردنی گەنمی جیهانی دەتوانێت قەیرانی برسێتی بەردەوام لە یەمەن، ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا توندتر بکات. سەرۆکی کۆمەڵەی نانەواکانی ئەمریکی هۆشداریدا لەوەی کە نرخی هەر شتێک کە لە دانەوێڵە دروست بکرێت دەست دەکات بە بەرزبوونەوە بەهۆی ئەوەی هەموو بازاڕەکانی دانەوێڵە بەیەکەوە گرێدراون. سەرۆکی ئابووری کشتوکاڵی وێلز فارگۆ وتی ئەگەری زۆرە ئۆکراینا لە بەهاری ٢٠٢٢دا لە توانای بەرهەمهێنانی بەرهەمدا بە توندی سنووردار

بێت و ساڵێکی بەرهەم لەدەست بدات، لە کاتێکدا گەمارۆدان لەسەر بەرهەمی ڕووسیا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک. گەڕاندنەوەی توانای بەرهەمهێنانی بەرهەم ڕەنگە ساڵانێک بخایەنێت، تەنانەت دوای وەستانی دوژمنایەتییەکانیشیان.

بەرزبوونەوەی نرخی گەنم لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا گرژی لە وڵاتانی ئەفریقیایی وەک میسر دروستکردووە، کە زۆر پشت بە هەناردەکردنی گەنمی ڕوسیا و ئۆکراینا دەبەستن، هەروەها ترسی نائارامی کۆمەڵایەتی دروستکردووە. بەلایەنی کەمەوە ٢٥ وڵاتی ئەفریقی یەک لەسەر سێی گەنمەکانیان لە ڕووسیا و ئۆکراینا هاوردە دەکەن و ١٥ وڵاتیشیان زیاتر لە نیوەی ئەو دوو وڵاتە هاوردە دەکەن.

سەرەڕای ئەوەش، کێشە شاراوەکانی هەناردەکردن کە لەلایەن ڕووسیاوە ڕووبەڕووی بۆتەوە- گەورەترین هەناردەکاری پۆتاسیۆم، ئامۆنیا، پەینی کیمیایی و خۆراکی تری خاکن، لە ئەنجامی سزا ئابوورییەکانی خراوەتە سەری دەتوانێت ئاسایشی خۆراکی زۆرێک لە وڵاتان بخاتە مەترسیەوە.

هەروەها بەرزبوونەوەی نرخی وزە تێچووی کشتوکاڵ بەرز دەکاتەوە، ئەمەش نرخی خۆراک لە سەرانسەری جیهاندا بەرز دەکاتەوە. کشتوکاڵ و پیشەسازی خۆراک وزە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن. بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی وزە بریتییە لە کارەبا بۆ ئاودێری ئاوی ئۆتۆماتیکی، بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ ئامێرە کشتوکاڵییەکان، و وزەی پێویست بۆ قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسێسکردنی خۆراک، پاکەتکردن، گواستنەوە و دابەشکردن. بەکارهێنانی قڕکەر و پێوانەی کانزا دەبێتە هۆی بەکارهێنانی وزەی ناڕاستەوخۆی بەرچاو، و ئەم تێچوونانە وزەیەکی زۆر چڕن بۆ بەرهەمهێنان. هەرچەندە پشکەکە بەپێی ناوچەکان زۆر جیاوازە – بەپێی هۆکارەکانی وەک بارودۆخی کەشوهەوا و جۆرەکانی بەرهەم – تێچووی وزەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەتوانێت ٤٠٪ بۆ ٥٠٪ی کۆی تێچووی گۆڕاوی گەشەپێدانی بەرهەم لە ئابوورییە پێشکەوتووەکانی وەک ئەمریکا پێکبهێنێت. بەم شێوەیە، بەرزبوونەوەی نرخی وزە بەناچاری دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنان و لە کۆتاییدا بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک لەسەرانسەری جیهاندا.

قەیرانی وزەی جیهانی ٢٠٢١-٢٠٢٢

نۆرد ستریم کە بۆرییەکی غازە، بە درێژایی بنی دەریای باڵتیک دەڕوات و ئۆکراینا تێدەپەڕێنێت بێ ئەوەی پیاییدا ڕەت ببێت. ئەڵمانیا لە نێوان ٥٠٪ بۆ ٧٥٪ی گازی سروشتی خۆی لە ڕووسیا هاوردە دەکات. نۆرد ستریم ٢ توانای ساڵانەی نۆرد ستریم دوو هێندە دەکات بۆ ١١٠ ملیار م٣ (٣.٩ تریلیۆن پێ سێجا) و بەم شێوەیە نرخەکەی دادەبەزێنێت.

لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٢دا ڕووسیا ١١.٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا نەوتی خاو و کۆندێنساتی بـــەرهەمهێناوە کە ١٠ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا نەوتی خاو بووە. ئەمەش وایکردووە ڕووســـیا ببێتە سێیەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا، لە دوای تەنها ئەمریکا و سعودیە (لە هەمان ماوەی ساڵدا ١٧,٦ ملیۆن بەرمیل نەوت و ١٢ ملیۆن بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێناوە). بەڵام ڕووسیا گەورەترین هەناردەکاری بەرهەمی نەوتە بۆ بازاڕەکانی جیهان و دووەم گەورەترین هەناردەکاری نەوتی خاوە لە دوای سعودیە. لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، ڕووسیا ڕۆژانە ٧.٨ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، لەنێویـــاندا ٥ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.

لە ماوەی دوو هـــەفتەی یەکەمی دوای لەشکرکێشییەکە، نرخی نەوتی جیهانی بە ڕێژەی ٨ دۆلار بـــۆ هەر بەرمیلێک بەرزبووەوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٤ەوە نرخی نەوتی برێنت بۆ سەرووی ١٠٠ دۆلار بۆ هەر ملیارێک بەرزبووەوە. لە ٢٧ی شوباتدا، بی پی کە یەکێکە لە حەوت گەورەترین کۆمپانیای نەوت و کۆمپانیای غازی جیهان و تاکە گەورەترین وەبەرهێنەری بیانی لە ڕووسیا، فرۆشتنی ١٩,٧٥٪ی پشکەکانی لە کۆمپانیای ڕۆسنەفت ڕاگەیاند. پشکی کۆمپانیای ڕۆسنەفت نزیکەی نیوەی یەدەگی نەوت و غازی کۆمپانیای بی پی و یەک لەسەر سێی بەرهەمی کۆمپانیاکەیەتی. تەسفیەکردنی کۆمپانیاکە دەتوانێت تا ٢٥ ملیار دۆلار تێچووی کۆمپانیاکە بێت و شیکاران دەڵێن بەدوور نازانرێت بی پی بتوانێت هیچ کام لەو تێچوونانە وەربگرێتەوە. هەر لەو ڕۆژەدا سندوقی خانەنشینی دەوڵەتی نەرویج کە گەورەترین سندوقی سامانی سەروەرییە لە جیهاندا ڕایگەیاند کە وەبەرهێنانەکانی لە ڕووســـیا ســـڕ دەکات و سەروەت و سامانی ڕووسی لێ دەسەنێتەوە. پێش لەشکرکێشییەکە، سندوقەکە خاوەنی پشکی کۆمپانیاکانی ڕووسیا و بۆندەکانی حکومەت بووە بە بەهای نزیکەی ٢٥ ملیار نۆرۆن (٢.٨٣ ملیار دۆلار).

دابینکردن و هەناردەکردنی نەوتی ڕووسیا پێش لەشکرکێشی ئۆکراینا لە شوباتی ٢٠٢٢ لە ٢ی ئازاردا، پشکەکانی کۆمپانیاکانی گازپرۆم، ڕۆسنەفت و لوکۆیل کە لیستی لاوەکییان لە لەندەن هەیە، لە سەرەتای ساڵەوە بە ڕێژەی ٩٩.٢%، ٨٨.١% و ٩٩.٦%ی بەهاکانیان لەدەستدا. لە ئەیلوولی ٢٠٢١دا، سەرمایەی بازاڕی کۆی کۆمپانیای لوکۆیل و ڕۆسنەفت ١٤٠ ملیار دۆلار بووە، تا ٢ی ئازار، سەرمایەی بازاڕی کۆی کۆمپانیاکانیان تەنها ٩.٣ ملیار دۆلار بووە، ئەمەش بەهاکەی بە ڕێژەی ١٣٠ ملیار دۆلار کەمکردووەتەوە. بەهۆی کەمی خواست لەسەر نەوتی ڕووسیا، نەوتی پێوانەکراوی ڕووسیای ئورال بە داشکاندنی ١٨ دۆلار بۆ برێنت مامەڵەی پێوەکرا و هێشتا هەوڵی دۆزینەوەی کڕیاری دەدا، چونکە بازرگانانی نەوت ترسیان لە سزاکان هەبوو. پێش سەپاندنی سزاکان، نزیکەی ٦٠%ی هەناردەی نەوتی ڕووسیا بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕێکخراوی OECD دەچوو. تا مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢١، ڕووسیا لەسەدا ٣٤ی هاوردەی نەوتی ئەورووپای پێکهێناوە. کۆمپانیای ڕاوێژکاری ئینێرجی ئاسپێکتس مەزەندە دەکات، تا ٧٠%ی نەوتی ڕووسیا «لە کێشەی دۆزینەوەی کڕیاردا بووە»، چونکە بازاڕی ئاسایی هەناردەکردنی لە ئەورووپا بەدوای نەوتدا دەگەڕێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. لە کاتێکدا گەمارۆکان و ژەهراویبوونی بازرگانیکردن لە ڕووسیا هۆکاری سەرەکی مەترسی بوون، هۆکارێکی دیکە ئاڵۆزی دۆخی کاتی جەنگ بوو لە دەریای ڕەشدا. ئەمەش وایکردووە کۆمپانیا گەورەکانی کەشتیوانی داوای بیمەی سەربازی بکەن بۆ ئەو تانکەرانەی کە لە ناڤارەسیسکەوە دەگەن کە تێرمیناڵی سەرەکی هەناردەکردنی نەوتی ڕووسیایە. هەروەها کێشەی بیمە کاریگەری لەسەر نەوتی کازاخستان هەبووە کە ناڤارەسیسک بۆ کێڵگەی تەنگیز بەکاردەهێنێت. تا مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢١، نەوتی ڕووسیا لەسەدا ١٧ی کۆی هاوردەی ڕێکخراوی OECD بۆ ئەمریکا (٦٢٥ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا) پێکدەهێنێت. لە ٨ی ئازاردا، سەرۆکی ئەمریکا جۆ بایدن قەدەغەکردنی نەوتی لە ڕووسیا ڕاگەیاند و بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: ئێمە هەموو هاوردەکردنی نەوت و غازی ڕووسیا قەدەغە دەکەین، ئەمەش مانای ئەوەیە کە چیتر نەوتی ڕوسیا لە بەندەرەکانی ئەمریکا قبوڵ ناکرێت، گەلی ئەمریکاش قبوڵ دەکات گورزێکی بەهێزی دیکە لە ئامێری

سەربازی پوتین بدەن.» وەزیری ئابووری ئەڵمانیا ڕۆبــــەرت هابێک هۆشداریدا: «ئەگەر لە زستانی داهاتوودا غازی زیاترمان دەست نەکەوێت و ئەگەر پێداویستییەکان لە ڕووسیاوە ببڕدرێت، ئەوا ئەوەندە غازمان نەدەبوو کە هەموو ماڵەکانمان گەرم بکەینەوە و هەموو پیشەسازییەکەمان بەردەوام بێت».

تا مانگــــی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ نزیکەی لەسەدا ٢٠ی هەناردەی نەوتی ڕووسیا بۆ چین بووە کە گەورەترین تاکە کڕیاری ڕووسیایە. لەو ساڵەدا چین بە تێکڕا ڕۆژانە یەک ملیۆن و ٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاوی ڕووسی کڕیوە. لەسەدا پێنجی کۆی قەبارەی هاوردەی نەوت بۆ ناوچەی ئاسیا و ئۆقیانوسی ڕێکخراوی OECD لە ڕووسیاوە بووە (٤٤٠ هەزار تۆن لە ڕۆژێکدا). لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢ ڕووسیا بووە گەورەترین دابینکەری نەوتی چین، ڕووسیا زیاتر لە نیوەی هاوردەی نەوتی چینی دابین کرد. هەروەها ڕووسیا لە مێژوودا هەناردەکاری سەرەکی نەوت بووە بۆ وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و بلۆکی ڕۆژهەڵات، لەوانە ئۆکراینا، بێلاڕوس، ڕمانیا و بولگاریا.



لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان:

Указ Президента РФ от -١ 31.12.2015 N 683 «О Стратегии национальной безопасности Российской Федерации» // СПС ;КонсультантПлюс

Алиев А.Т., Урумова Ф.М.-٢ Вызовы, проблемы и риски становления современной российской экономики // Вестник Ленинградского университета им. А.С. Пушкина. – 2012. – Т. 6. – № 3. ;– С. 183–190

Н.Работяжев, Э.Соловьев -٣ УКРАИНСКИЙ КРИЗИС: МЕЖДУ ПОЛИТИКОЙ ИДЕНТИЧНОСТИ И ;ГЕОПОЛИТИКОЙ, статья

Уилки, Кристина (14 марта -٤ 2022 года). «Вторжение Путина в Украину лишит российскую экономику 30-летнего прогресса» . CNBC. Архивировано с оригинала 30 марта 2022 года. Проверено 30 ;марта 2022 года

Норвегия заявляет, что ее» -٥ суверенный фонд откажется от России». Reuters. 27 февраля 2022 года. Архивировано с оригинала 28 февраля 2022 года. Проверено 28 ;февраля 2022 года

Международное энергетическое -٦ агентство (2022). «Рынок нефти и российские поставки». Война России против Украины. МЭА. Проверено 14 .апреля 2022 года

Свенсон, Анна (24 февраля -٧ 2022 года). «Вторжение в Украину угрожает мировым

поставкам пшеницы». Нью-Йорк Таймс. Архивировано с оригинала 24 февраля 2022 года. Проверено 25 .февраля 2022 года

По мнению экспертов, война в» -٨ Украине усугубит голод и нищету в Африке». VOA News. 19 марта 2022 года. Архивировано с оригинала 24 марта 2022 года. Проверено 23 .марта 2022 года

Дурисин, Меган; Элкин, -٩ Элизабет; Париджа, Пратик (9 марта 2022 года). «Очередная продовольственная чрезвычайная ситуация в мире назрела, поскольку война усугубляет голодный кризис». Новости Bloomberg. Архивировано с оригинала 13 марта 2022 года. Проверено 10 .марта 2022 года

Тан, Фрэнк (24 февраля -٠١ 2022 года). «Китай снимает все ограничения на импорт пшеницы в Россию на фоне украинского кризиса». South China Morning Post. Архивировано с оригинала 24 февраля 2022 года. Проверено 26 .февраля 2022 года

١١- ئوستینەڤە ناتالیا ڤێچێسلاڤەڤنە، جیۆپۆلەتیکی مۆدێرن، وەرگێرانی د. سەرباز عزیز وەرتی، چ. ڕۆمان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٢١.

پرۆفایل:

سەرباز عزیز علی

- لەدایکبووی ١٩٨٥ خەڵکی ناحیەی وەرتـێ؛

- بکالۆریۆس زانکۆی کۆیە ٢٠١٠ (جوگرافیای گشتی)؛

- ماستەر لە جوگرافیای ئابـووری ڕووسیا ٢٠١٦؛

- دکتۆرا لە جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیک ڕووسیا ٢٠٢٠؛

- خاوەنی زیاتر لە ١٥ ئارتیکەڵی زانستی کە لەگۆڤارە باوەڕپێکراوەکانی دەرەوەی هەرێم بڵاو کراونەتەوە بە زمانی رووسی و ئینگلیزی، بەشداری چەندین سیمینار و کۆنفرانس و سیمپۆزم و وێبیناری زانستی کردووە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا؛

- خاوەنی وەرگێڕی کتـێبی جیۆپۆلەتیکی مۆدێـرن لە رووسییەوە بـۆ کوردی، چەندین بابەتی وەرگێرانی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوەخۆ بڵاوکراونەتەوە بـە زمانی کـوردی، لەبوارەکانی زانستی سیاسی و پسپۆری خۆم و کۆمەڵایەتی و هەنووکەیی و هتد...

- چەندان نووسین و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و رۆژنامەوانی پەیوەست بەپسپۆرییەکەی، هتد...



لێکەوتەکانی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە سەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

بورهان شێخ ڕەئوف

پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتی جەنگی ئۆکرانیا و ڕووسیاوە حەز دەکەم پێشەکیەکی کورتی مێژوویی باس بکەم لە سەر ڕۆڵی ڕووسیا لە ئیستراتیجیەتی خۆرئاواییەکاندا بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەهۆی فاکتەری ڕووسیاوە بوو کە خۆرئاواییەکان ئەو کات بەریتانیای مەزن سەرکردایەتی دەکردن، دەوڵەتی عوسمانیان هێشتبووە و وەکو ئیمبراتۆرییەت و دەوڵەت بە یەکگرتوویی وەکو بەربەستێک لە نێوان ڕووسیا و ئاوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست و نیمچە قارەی هندی، هەر ئەوەش بوو پاڵی بە بەریتانیا و فەرەنساوە نا لە شەڕی قرمی ساڵی ١٨٥٣-١٨٥٦ بچنە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی دژی ڕووسیا، ئەم ئیستراتیجیەتە درێژەی کێشا تا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بابی عالی هاوپەیمانی لە گەڵ ئەڵمانیادا بەست و بووە مەترسی بۆ سەر کۆلۆنیاکانی بەریتانیا، ئیتر ئیستراتیجیەکەیان گۆڕی و دەوڵەتی عوسمانیان ڕووخاند و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان دابەشکرد.

جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاردانەوە و لێکەوتەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنایە ئاراوە، دەرهاویشتەکانی جەنگەکە هەر بە دوولایەنی بە شەڕهاتووی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە نەوەستا، بەڵکو دەنگدانەوەکەی زۆر شوێنی دوورتریشی گرتەوە، **پێدەچێت ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یەکێك لەو ناوچانە بێت کە زۆرترین کاریگەری ئەو جەنگەی بەر کەوتبێت،** ئەوەش هەر لە خۆڕا نەهاتووە و هۆکارگەلێکی فرەی هەیە دیارترینیان فشۆڵی باری سیاسی و ئابووری و دۆخی ئاسایشی زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکەیە.

سەرباری ئەوانەش ئەو پەیوەندی و جۆرێك لەوابەستەییەی کە وڵاتانی ناوچەکە بە کاراکتەری دەرکیەوە هەیانە لە دەرەوەی ناوچەکە، ئەمەش زەمینەیەکی وای هێناوەتە

پێشەوە کە گۆڕانکارییەك لـــە پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکـــاندا ڕوو بدات کاریگەری خێرا و ڕاستەوخۆی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت.

پێمخۆشە سەرەتا پێـــش ئەوەی باسی کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەو جەنگە بکەم لە سەر پرۆســـــەی ئاشتی و ئاڕاستەکانی ململانێی لـــە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، باسی پێگەی ڕووسیـــا لەم ناوچەیە بکـــەم کە ببێتە بنەمایەك بۆ شرۆڤەکانم.

١.ڕووسیا خۆی بە میراتگری یەکێتی سۆڤیەتی جاران دەزانێت، دەخوازێت نمایشی خـــۆی بکات وەکو هێزێکی کاریگەر و خـــاوەن پێگە کە بەرەو ڕووی هەژموونی ئەمریکا و هاوپەیانە ئەوروپیەکانی دەوەستـــــێتەوە، بـــۆ ئەم هەنگـــاوەش ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســــت گونجاوترین و باشترین شانۆیە بۆ نمایشکردنی هێزی خۆی، چونکە ئەم ناوچەیە قەیراناویترن و پڕ کێشەترین شوێنەکانە، بە تایبەتی ئێستا لای ڕوسەکان بۆچوونێك هاتۆتە کایەوە کە دەڵێن کشانەوەیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی سەرۆك میخائیل گورباتشۆف کۆتا سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران سەرەتای پاشەکشە و شکســـتیان بوو وەکو زلهێزێکی جیهانی. لەوەش ڕوونتر سەرۆك پۆتین لە ٢٠٢٢/٦/١٧ لە مونتەدای سان بترسبورگی ئابوری جیهانی لە وتارێکی درێژدا ڕەخنەی توندی بەرەو ڕووی خۆرئاواییەکان بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی کـــــردەوە و وتی ((جیهان بە قۆناغێکی گۆڕانکاری بنەڕەتیدا دەڕوات، قۆناغی دوای جەنگی ئۆکرانیا وەکو قۆناغی پێش جەنگەکە نابێت، سەردەمی یەك جەمسەری کۆتاییهات، ئەمریکا خۆی بە پەیامبەری خوا لە سەر گۆی زەوی دەزانێت، بە تایبەتی لەدوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتن لە جەنگی ساردا.

٢. ناکرێت و نابێـــت گەڕانەوەی مۆسکۆ بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەبەستینەوە بە گەڕانەوەی بۆ دەریای ڕەش و لکاندنەوەی نیمچە دوورگەی قرم بە ڕووسیاوە لە ئـــازاری ٢٠١٤ دوای ڕێکخستنی ڕیفراندۆمێك بـــۆ ئەوەی بە فەرمی بگەڕێتـەوە ژێـــر سەروەری خۆی، دواتر ڕێکخستنەوە و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و وڵاتانی ناوچەکە و ڕاکێشانی وەبەرهێنان لەو وڵاتانەوە و کۆتایی هێنان بە دابڕانی خۆی لەو ناوچە گرنگانە کە بە ئاوە گەرمەکان ناسراوە، بۆیە دەیان وت ورچی ڕووسی جارێکی تر گەیشتەوە ئاوە گەرمەکان بە تایبەتی دوای ڕووداوەکانی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ ڕووسیا ئەو هەڵەیەی دووبارە نەکردەوە

کە بەرگری لە لیبیا و عێراق نەکرد کە دوو هاوپەیمانی گرنگی بوون و سەرچاوەی چەك و چۆڵەکانیان هەموو ڕووسی بوو، بۆیە ئەمێستا ئامانجەکانی ڕووسیا دیارە هەموو ئەو پێشبینی و دەنگۆیانە ڕەت دەکاتەوە کە لە ناوچەکە بکشێتەوە بە هۆی جەنگی ئۆکرانیاوە.

٣. ڕۆڵ و کاریگەری کاراکتەرە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکان، ئەگەر لەم ساڵانەی دواییدا ئەمریکیەکان پاشەکشەیان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردبێت بە تایبەتی دوای ساڵی ٢٠١٢ عێراقیان بە خێرایی بە جێهێشت لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا و بۆشایی گەورەی لێکەوتەوە کە دواتر کاراکتەری ئیقلیمی شوێنەکەی پڕکردنەوە، یەکێتی ئەورووپاش ڕۆڵێکی سنوورداریان هەبوو لە ناوچەکەدا جگە لە لیبیا ئەویش بە هۆکاری جیۆسیاسی و نزیکی جوگرافی، هەروەها ئەورووپیەکان ڕۆڵیان لە پێشکەشکردنی کۆمەك و هاریکاری مرۆیی لەوڵاتانی شوێنی ململانێ و ناکۆکی و قەیرانەکاندا هەبووە، لە بەرئەوە پێناچێت سەرقاڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە جەنگی ئۆکرانیاوە کاریگەری هەبێت لە سەر یەکلاکردنەوە و گۆڕینی ئاڕاستەی ململانێکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو دەتوانین بڵێین کە ڕۆڵی وڵاتانی ئیقلیمی کاریگەرترە لە سەر پێشووە چوون و یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێیانە، بە نموونە ڕۆڵی تورکیا و ئێران لە سوریا، یان ڕۆڵی عەرەبستانی سعودیە و ئێران لە یەمەن .....تد، بۆیە ئەگەر ڕووسیا بتوانێت پەیوەندییەکانی لە گەڵ زۆربەی ئەم کاراکتەرە ئیقلیمیانەدا پەرەپێ بدات و ڕێکیان بخاتەوە، ئەوا مۆسکۆ دەتوانێت فاکتەرێك بێت ئاراستە و ڕێڕەوەی ئەو ململانێیانە بە ئاشتی و شەڕەوە دیاری بکات لە ناوچەکەدا.

٤. سنووری یەکگرتن و یەکتربڕینی بەرژەوەندییەکانی هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیە کاریگەرەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەگەر بەرژەوەندی ئەو هێزانە هەماهەنگ و تەبا بن ئەوا بوار زیاتر دەڕەخسێت بۆ پێکهاتن و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر دژ بەیەك بێت بەرژەوەندییەکانیان ئەوا کێشە و قەیرانەکان قووڵتر دەبنەوە و درێژە دەکێشێت و ئاسان نیە چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە و لە نزیك مەودادا، بە نموونە لێك تێگەیشتنەکانی تورکیا و ڕووسیا و ئێران لە سوریا، یان ڕۆڵی ڕووسیا لە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتننامەی (٥+١) تایبەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران.

ناکۆکی و ئاڵوگۆڕی ململانێ سیاسییەکان

ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی گۆڕەپانێکی ناکۆکیە سیاسیەکانی نێوان هەر پێنج وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی بێت، ئەوا جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا لایەن و کوون و کەلەبەری تری زۆر زیاد کرد بۆ هەڵوێستی ئەو وڵاتانە لە کێشە و ململانێکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش بــــــواریان بــــۆ دەرەخسێنێت بۆ ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی و بە دەستهێنانی دەستەکەوتی نوێ یان فشارکردن لە ســــــر هەندێك لایەن، ئەمەش بە ڕوونی بە دی کرا لە کاتی دینامیکیات و گفتوگۆکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە لیــــبیا و سوریا و شوێنەکانی تریــــش لە چوار مانگی ڕابردوودا.

بۆ نموونە لەسەر کێشەی لیبیا ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی لایەنگری پڕۆژە بڕیارێك بوون کە بەریتانیا پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشی کردبوو بۆ درێژکردنەوەی کاری دەستەی نێرراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پشتیوانی لیبیا بۆ ماوەی ساڵێك، بەڵام ڕووسیا ڕەخنەی لەم پێشنیارە گرت و خوازیار بوو بۆ تەنها ماوەی سێ مانگ درێژ بکرێتەوە و هەر لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی مانگانە تاوەکو ئەنجومەنی ئاسایش بتوانێت هەواڵی نوێی دەست بکەوێت لە سەر دۆخی لیبیا، هەربۆیە ئەنجومەنی ئاســـایش داخـــــــوازییەکەی ڕووسیای پەسەند کرد و بڕیاری ژمارە ٢٦٢٩ دەرکـــــرد، لە گـــــەڵ هێشتنەوەی چوارچێوەی ولایەتی نێردەی نێودەوڵەتی هەروەکو لە بڕیاری ٢٥٤٢ لـــــە ١٥ دیسمبری ٢٠٢٠، ئەم تازەکردنـــەوە کورت مەودایە وەکو ئارەزووی مۆســـکۆ بوو وەکو فشارێك لە سەر وڵاتانی تری ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایــــش بۆ چاککردنی پەیکەری ئەم نێردەیە، لە کاتێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی کە نوێنەری تایبەتـــی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرکردایەتی بکات لە جیاتی ڕاوێژکاری نێونەتەوەیی (ستیفانی ویلیامز) لە کاتێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی لایەنگری مانەوەی ویلیامز بوون، بەڵام ڕووسیا خوازیاری سەرۆکێك بوو بۆ ئەو نێردەیە کە پشتیوانی لایەنە جیاوازەکانی لیبیاو وڵاتە ئیقلیمیەکانی هەبێت.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی هۆشداری توندی دا کە جەنگی ئۆکرانیا دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و خۆراك لە یەمەن کە شەڕ وێرانی کردووە

هەروەها ناکۆکیەکان لە سەر قەیرانی سوریاش لە نێوان وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی بەتایبەت هەمیشەییەکان کەمتر نەبوو لەمەی لیبیا، بەڵام ئەم ململانێیە زیاتر لە جەنگی ڕووسی و ئۆکرانیدا بەدەر دەکەوێت، بەریتانیا و ئەلبانیا پێکەوە ڕووسیا تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە زانیاری و هەواڵی هەڵەی بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ئۆکرانیا، ئەمریکاش دەڵێت جەنگی ئۆکرانیا وای لە ڕووسیا کردووە کە لایەنێکی جێ متمانە نەبێت کە قسە لەسەر چەکی کیمیاوی بکات، لە بەرامبەریشدا مۆسکۆ ڕایگەیاندووە کە کاری ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی سیاسیە و لایەنگرییە و گومان لە ڕاستی و دروستی وتەکانیان هەیە.

لەلایەکی ترەوە ڕووسیا و چین لە گەڵ وڵاتانی تری ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش ناکۆك بوون لە سەر هەڵوێستیان لە هەمبەر ڕێڕەوی پەڕینەوەی کۆمەکی مرۆیی لە وڵاتانی دراوسێوە بۆ سوریا بۆ ئەو ناوچانەی کەلە ژێر دەستەڵاتی ئۆپۆزەسیۆندا بوون، مۆسکۆ پاڵپشتی هەوڵەکانی حکومەتی سوریای دەکرد بۆ کۆت و بەند بۆ گەیشتنی کۆمەکەکان، سەرکەوتو بوو لەوەی کە هەموو ڕێڕەوەکان لە یەك ڕێڕەودا کۆبکاتەوە.

هەربۆیە دەبینین ڕووسیا هەمیشە هەڵوێستی توندی هەیە لە کێشە و قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بخاتە سەر ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی، ئەمەش بەربەست و ئاستەنگی گەورەی بۆ پرۆسەکانی چارەسەرکردن و پێکهاتنی سیاسی دروستکردووە، بە تایبەتی لە لیبیا بە هۆی نزیکی جوگرافیەوە لە ئەوروپاوە مایەی نیگەرانی و هەڕەشەیە بۆیان.

کاردانەوەی سەربازی مرۆیی

ئەوەی زۆرێك لە میدیاکان و ناوەندەکانی هەواڵ لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا باسی دەکەن بە فراوانی کاردانەوە و لێکەوتەکانی جەنگی ئۆکرانیا و ڕووسیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی تر لە سوریا کۆکردنەوە و ناردنی جەنگاوەرانی سوریە بۆ شەڕکردن لە بەرژەوەندی لایەنێکی ئەو جەنگە دژی لایەنەکەی تر، هەندێك لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا حکومەتی سوریا و هاوپەیمانە سەربازییەکانی هەڵدەستن بە کۆکردنەوە و ڕاهێنان و ناردنی ئەو جەنگاوەرانە بۆ ئەوەی پاڵپشتی مۆسکۆ بکەن لە شەڕەکەدا، لە لایەکی تریشەوە ڕاپۆرتگەلێکی تر لە ئاژانسی هەواڵەکانی ڕووسیاوە باس لەوە

دەکەن کە تورکیا جەنگاوەرە سوریەکان کۆدەکاتەوە و ڕایان دەهێنێت لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ئۆپۆزەسیۆنی سوریاوە و ئەو شوێنانەی کە دەکەونە بەر هێرشی ئاسمانی فڕۆکەکانی ڕووسیا دەیان نێرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ سوپای ئۆکرانیادا دژی سوپای ڕووسیا بجەنگن.

دوورنییە ئەگەر ئەو ڕاپۆرتانە ڕاست و دروست بن دەربارەی گواستنەوەی چەکدارە سوریەکان بۆ جەنکی ڕووسی و ئۆکرانی درز بخاتە بەرەکانی بەرگری ڕژێمی ئەسەدەوە، بە تایبەتی ئەو ناوچانە هێشتا مەترسی دەوڵەتی ئیسلامی داعشیان لە سەرە.

ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەی ئەدلبەوە هەیە لە باکوری خۆرئاوای سوریا لە ئازاری ٢٠٢٠ ەوە شەڕ وەستاوە تێیدا، ئەمیش وابەستەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیایە، لە کاتێکدا باس لەوە دەکرێت کە تورکیا فڕۆکەی درۆن بە ئۆکرانیا دەفرۆشێت و یان هەردوو بەندەری دەردەنیل و بوسفۆر دادەخات بە سەر هاتوچۆی کەشتیە جەنگیەکانی ڕووسیادا، هەموو ئەوانە بۆیان هەیە لە هەر ئان و کاتێکدا کێشە و ململانێکان هەڵچوونی نوێ لەلایەن ڕووسیاوە بێنێتە ئاراوە دژ بە بوونی تورکیا لە باکووری سوریا.

بۆیە دەکرێت بڵێین جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا کێشە و قەیران و ململانێ کەڵەکەبووەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هێندەی تر ئاڵۆزتر و قووڵتر کردەوە.

کاردانەوە و کاریگەری ئابووری جەنگەکە

ئۆکرانیا سەرچاوەیەکی گرنگی گەنم و جۆ و گەنمەشامی جاودارە، بەڵام گەنم لە هەموویان گرنگترە چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر ئاسایشی خۆراکی جیهان هەیە، چونکە ئۆکرانیا هەر لە ساڵی ٢٠٢٠دا (١٨) ملیۆن تەنی لە کۆی (٢٤) ملیۆن بەرهەمی ساڵانەی هەناردەی دەرەوە کردووە، ئەمەش ئۆکرانیای کردووەتە پێنجەم وڵات لە ئاستی هەناردەکردنی گەنم بۆ دەرەوە لە سەر ئاستی جیهان.

وڵاتانی تازە پێگەیشتوو کڕیارانی دیاری گەنمی ئۆکرانیان، بە جۆرێك لوبنان ساڵانە ٦٠٪ پێویستی خۆی لە گەنم لە ئۆکرانیا دەکڕێت، هەروەها چین و وڵاتانی ئەوروپاش لە دیارترین کڕیارەکانی گەنمی ئۆکرانین، هەروەها یەمەن و لیبیاش ٢٢٪ پێداویستی خۆیان لە گەنم لە ئۆکرانیا دەکڕن، هەروەها میسریش لە ساڵی ٢٠٢٠ دا زیاتر لە (٣) ملیۆن تەن گەنمی لە ئۆکرانیا هاوردە کردووە واتە ١٤٪ گەنمی ئۆکرانیای بەکار بردووە.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی هۆشداری توندی دا کە جەنگی ئۆکرانیا دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و خۆراك لە یەمـــەن کە شەڕ وێرانی کردووە، ئەمەش زیاتر دانیشتووانەکەی ڕووبەڕووی هـــەژاری و برسێتی دەکاتەوە لە کاتێـــکدا کە یارمەتی و هاریکارییەکانیش پاشەکشەی کردووە.

هــەر بە گـــــوێرەی زانـــیارییەکانی ڕێکخـــراوی خـــۆراك و کشتوکاڵی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان، ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ٢٨٪ داهاتی گەنمی بە مالیزیا فرۆشتووە، ٢٨٪ بە ئەندۆنیسیا، ٢١٪ بە بەنگلادش.

نهێنی مەیلداری وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل بۆ ڕووسیا لە قەیرانی ئۆکرانیادا

یەکێك لــەو کێشە گەورانەی کە بەرەو ڕووی هەوڵەکانی ئەمریکا بووەتەوە بۆ گەمارۆدانی ڕووسیا لە ئێستادا، هاوسۆزی و مەیلـــی هاوپەیمانەکانی ئەمریکایە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مۆسکۆ لەم جەنگەدا دژ بە ئۆکرانیا، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاوانەش نەبێت.

هەر ئـــەم هەڵوێستەی دۆستەکانی ئەمریکا هەفتەی پێشوو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ئەنتۆنی بلنکین)ی ناچار کرد گەشتێکی خێرا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا ئەنجام بدات.

بلینکن هەرلە دوای کۆبوونەوەیەکی خێرا لە وارشۆ لەگــەڵ وەزیری دەروەی ئۆکرانیا، ڕووی کـــردە ئیسرائیل و لەوێندەر لە گەڵ هاوبەشە گرنگەکانی کۆبووە کە پێدەچێت ڕۆڵی کارایان هەبێت لە وێنەکێشانی ئەو ململانێیانەدا کەلە داهاتوودا دێنە پێش، ئەو وڵاتانەش کە ئامادەی کۆبوونەوەی نەقەب بوون کە پێکهاتبوون لە (میسر و ئیمارات و بەحرێن و مەغریب و ئیسرائیل) دواتر سەردانی ڕیباتی پایتەختی مەغریب و کۆشکی موحەمەد بن زایدی حاکمی بەکرداری ئیماراتی کرد.

ئەم گەشتەی بلنکین بۆ خۆرهەڵاتی ناوەراست ئاماژەی کاریگەری دەستوەردان و پەلاماردانەکەی ڕووسیایە بۆ ئۆکرانیا لەسەر سیاسەتەکانی ناوچەکـــە، لە گەڵ ئەوەشدا هـــاوپەیمانەکانی ئەمریکـــا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێچەوانە هاوپەیمانەکانی ئەمـــریکا لە ئەوروپاو ئاسیا، هەڵوێستی بێلایەنییان هەڵبژارد لە جەنگەکە بە رەسمی و بە زارەکی، بەڵام لە ڕاستیدا وەکو سۆزدار و لایەنگری مۆسکۆ دەردەکەون وەکو لە ڕاپۆرتێکی رۆژنامەی (زە تایمی) بەریتانیدا هاتووە.

مەیلداری هاوپەیمانە کانی ئەمریکا بۆ مۆسکۆ لەو جەنگەدا

هیچ کام لە هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پابەند نەبوون بەو سزایانەی کە خرانە سەر ڕووسیا لەلایەن ئەمریکاوە، بەتایبەتی هەڵوێستی دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کە ئێستا ئەندامی ناهەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، دیبلۆماتکارە خۆرئاواییەکانی زۆر تووڕە کرد کاتێك لە مانگی شوباتی ڕابردوو دەنگی نەدا بە سەرکۆنەکردنی پەلاماردانەکەی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا، لەلایەکی ترەوە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی هەناردەکەری نەوت قایل نەبوون بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بکەن بۆ ئەوەی بەر بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بگرن.

هۆکاری ئەم لایەنگرییە بۆ مۆسکۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەوەکو سەرۆك فلادیمێر پۆتین نیگەران بێت لێیان، لە هەمانکاتیشدا پەیامێکە بۆ واشنتۆن کە وڵاتەکەیان هاوپەیمانێك و هاوبەشێکی جێ متمانە نیە، لەگەڵ درێژەدانی قەیرانەکە ئاسانیش نیە مانەوە بە بێلایەنی بۆ ئەو وڵاتانە لەگەڵ فشارەکانی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانەکانی بۆ ئەوەی لایەنگری لێ بکەن، بەڵام پێناچێت ئەو فشارانەش ئەو وڵاتانە ناچار بکات بۆ هاوسۆزی و لایەنگری لەم جەنگەدا.

ئەگەر ئاوڕێك بۆ دواوە بدەینەوە بە دیاریکراوی بۆ سەردەمی جەنگی سارد، ئەوا دەبینین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەکو زۆربەی ناوچەکانی تری جیهان دابەش بوو بوون بە سەر هەردوو جەمسەری ناتۆ بە سەرکردایەتی ئەمریکاو وارشۆ بە سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، بەتایبەتی زۆربەی شانشین و میرنیشینەکانی کەنداو لایەنگری ئەمریکا بوون، وڵاتە کۆماریەکانیش لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت بوون، دواتر لە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩٠ئەمریکا بووە هێزی سەرەکی و تاك جەمسەر لە جیهاندا و بەڵێنی بە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دابوو بیانپارێزێت لە هەر هەڕەشە و دەستدرێژییەك، هەروەها تەواوی پشتیوانی سیاسی و سەربازیشی دەبەخشیە ئیسرائیل.

گلەیی و گازندەی هەردوولا

هەردوو لایەن ئەمریکا لەلایەك و هاوپەیمانەکانی بە عەرەب و ئیسرائیلەوە گلەیی و گازندەی زۆریان لە یەك هەیە،

یەکتری پێ تاوانبار دەکەن، ئەمریکا نیگەران و تووڕەیە لە هاوپەیمانەکانی کە بەرامبەر پەلاماردانی ئۆکرانیا لە لایەن ڕووسیاوە بێدەنگن و کاردانەوە و هەڵوێستیان نیە، هاوپەیمان و هاوبەشەکانی ئەمریکا وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلیش ئەمریکا تۆمەتبار دەکەن بە نەرمی و کارئاسانی ئیدارەی ئۆباما بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە گەڵ ئێران.

دواتریش هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا مژدەیەکی خۆش نەبوو بۆ هاوبەشەکانی ئەمریکا، بە تایبەتی کاتێك حووسیەکانی یەمەن بە درۆن و ڕۆکێت پەلاماری دامەزراوە نەوتیەکانی ئارامکۆی عەرەبستانی سعوودیەیان دا لە ساڵی ٢٠١٩ ئەمریکا بێدەنگ بوو و هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو بۆ بەرگری لێیان.

هەرچەندە وڵاتانی عەرەبی نیگەرانن لە ئەمریکا و هەڵسوکەوتەکانی بەڵام ئەوە باش دەزانن کە ڕووسیا نابێت بە ئەڵتەرناتیفی ئەمریکا

لە سەردەمی ئیدارەی بایدنیش دۆخەکە گۆڕانکاری وای بە سەردا نەهات، تەنانەت سەرۆك بایدن ناخوازێت قسە لە گەڵ پادشای جێنیشین موحەمەد بن سەلمان بکات، لەلایەکی ترەوە ئەو لێدوان و دەنگۆیانەی کە باس لەوە دەکەن ئیدارەی بایدن تەنها گرنگی بە ململانێکانی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیاوی و چین دەدات، ئەمەش وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ناچار کردووە کە خۆیان مشووری خۆیان بخۆن و متمانە بە ئەمریکا نەکەن کە هەرکاتێك بۆی لوا بە جێیان بهێڵێت.

ڕووسیا هەلەکەی بۆ خۆی قۆستووەتەوە

هەموو ئەوانە وای لە ڕووسیا کردووە بۆ خۆی دۆخەکە بقۆزێتەوە و پێگەی خۆی بەهێز بکات، بە تایبەتی ئەوەی لە سوریا کردی توانی حکومەتی سوریا بپارێزێت لە ڕووخان و هەڵوەشانەوە، ئەمەش هەلێك بوو بۆ وڵاتانی نزیك لە خۆرئاوا کە زیاتر لە ڕووسیا نزیك ببنەوە، تەنانەت مەلیك سەلمانی پادشای سعوودیە بۆ یەکەمجار ساڵی ٢٠١٧ سەردانی مۆسکۆی کرد و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەو وڵاتە مایەوە، میسریش کە سێیەم وڵاتە لە سەر ئاستی جیهان بۆ وەرگرتنی کۆمەك و هاریکاری سەربازی ئەمریکا ڕێککەوتننامەی لەگەڵ مۆسکۆ بەستووە بۆ کڕینی فڕۆکە و سیستمی

بەرگری ئاسمانی ڕووســـــی، لە ئیسرائیلیش سەرۆك وەزیرانی پێشوو نەتەنیاهۆ پێش لە کارکەوتنی بۆ هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن دۆستایەتی خۆی لە گەڵ سەرۆك پوتین بەکار دەهێنا.

لە کۆتاییدا دەکرێت بپرسین ئایا ڕووسیا جێگەی ئەمــریکا دەگرێتەوە بۆ وڵاتانی کەنداو؟

هەرچەندە وڵاتانی عەرەبی نیگەرانن لە ئەمریکا و هەڵسوکەوتەکانی بەڵام ئەوە باش دەزانن کـــە ڕووسیا نابێت بە ئەڵتەرناتیفی ئەمریکا، چونکە هەزاران سەربازی سوپای ئەمریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر کراون، هێزی دەریایی ئەمریکا لەناوچەکە چالاکن و دەخوولێنەوە بۆ پاراستن و ئاسایشی هەموو بەنداو و ڕێڕەوە ئاوییەکان، لە کـــــاتێکدا ڕووسیا هەرگیز ناتوانێت ئەو ڕۆڵە گرنگە ببینێت لە ناوچەکە، بە تایبەتی دوای ئەوەی سوپای ڕووسیا لە ئۆکرانیا نەیانتوانی ئامانجەکانیان بە دی بێنن ئەوە سەلما کە ناتوانن ئەو ڕۆڵەی ئەمریکا ببینن.

ئەم سۆز و لایەنگرییە وڵاتانی کەنداوی هاوپەیمانی ئەمریکا بۆ مۆسکۆ تەنها بۆ ئەوەیە بەڵکو ئەمریکا کەمێك مەیلی زیاتریان بداتێ و لایەکیان لێ بکاتەوە بۆ پەرپەرچدانەوەی هێرش و مەترسیەکانی درۆن و مووشەکەکانی حووسیەکانی یەمەن کە ئێران کۆمەکیان دەکات.

سەرچاوەکان:

١- مجلة المـــرصد العــــدد / ٧٦٦٨ في٢٠٢٢/٦/٢١.

٢- مجلة المـــرصد العــــدد / ٧٦٦٤ في٢٠٢٢/٦/١٢.

٣- مركز المـــستقبل للابحاث والدراسات المتقدمه.

٤- مركـــز روابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية.

٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

پڕۆفایل:

بوڕهان شێخ ڕەئوف

* لەدایکبووی ١٩٦٩.

* نووسەرو شرۆڤەکاری سیاسی.

* راوێژکاری راگەیاندن.

* ئەندامی کـارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

* نووسـەری گۆشـــەی هەفتانەی دەرودراوسێ لە ڕۆژنامـــەی کوردستانی نوێ.

* نووسەری کتێــبی دەرودراوســێی کوردستان دووبەرگی تریشی ئامادەیە بۆ چاپ.

* دەرچووی ئـــامۆژگای مامۆستایان.

* پێشکەشکـــاری بەرنامـەی چراکانی شاخ لە تەلەفزیۆنی دێرین.

* شرۆڤەکاری سیاسی بۆ دەیان کەنالی عێراقی و عەرەبی و جیهانی.

گازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە نێو ململانێ جیهانیەکاندا

عەلی حەمە ساڵح

هەرێمی کـــوردستان گازی هەیە ڕەوانەی دەرەوەی بکات! لەشەڕی نێوان ڕووسیاو ئۆکرانیادا، کـــارتی بەهێزی دەستی ڕووسیا، گازی سروشتیە..

لەم نێوەندەدا چـــەند جارێک دوترا هەرێمی کوردستان گازی سروشتی ڕەوانەی تورکیا دەکات! هەندێک زیاتر دەڕۆشتن و دەیان وت: بەدیلی ڕووسیایە!

"هەرێمی کوردستان لە گازی سروشتیدا لە پلەی هەشتەمی جیهاندایە، بەڵام حکومەت لەبری ئەو سامانەی کە ئاییندەی هەرێمی کوردستانە، هێشتا چاوی لەسەر نەوت هەڵنەگرتووە، تاکە سودمەندی گازی سروشتـــی هەرێمی کوردستان تەنها دانەگازە، ســـەرەڕای ئەوەی ئەو کۆمپانیایە هیچ داهاتێکی نەخستووەتە خەزێنەی حکومەتەوە، بەڵام دوو ملیار دۆلاریشی پێ دۆڕاندووە".

بۆ ئایندەی هـــەرێمی کوردستان، بەدیلی بەهـــێز (گازی سروشتی)ە، بەپێـــی وەزارەتـــی ســـامانە سروشتـــیەکـــان، (٣٪) گـــازی سروشتی هـــەموو جیـــهان لە هەرێمی کوردستانە، پلانێکی تۆکمە بۆ وەبەرهێنان لەو بوارەدا کوردستان دەباتە قۆناغێکی ترەوە.. بەڵام ئەگەر سوود لەو هەڵە کوشندانەی دۆسیەی دانەگاز وەرنەگیرێت ئەم ڕەحمەتە دەبێتە نەفرەتێکی گەورە.. تائێستا داهاتی گازی سروشتی سفرە و زیاتر لە (دوو ملیار) دۆلاریش بە دادگا دراوە بە دانەگاز..

مۆتەکەی دانەگاز..

کۆمپانیای دانەگـــاز ساڵی ٢٠٠٥ لە ئیمارات دامەزراوە سەرەتا لە ئیمارات کاریان دەکرد، دواتر هاتنە هـــەرێمی کوردستان..

کۆمپانیای دانەگاز لە کێڵگەی کۆرمۆر



کار دەکات، کە (٤٥)کم لە کەرکوکەوە دوورە، لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، درێژی ئەم کێڵگەیە ٣٥ کم پانیەکەی ٤ کم ە.

ئەم کێڵگەیە ساڵی ١٩٢٩ دۆزراوەتەوە، تاوەکو ئابی ١٩٩٠ پێنج بیر لێدرا، واتە: قادر کەرەم کێڵگەیەکی دۆزراوە بووە، دانەگاز و هاوبەشەکانی تەنیا بە فراوانکردن و ئیدارەدان بوون بە خاوەنی ئەو کێڵگەیە..

دانەگاز بەبێ گرێبەست دەستبەکاربوو!

دانەگـــــاز و هاوبەشەکانی وەك خاوەنی کێڵگەی (قادر کـەرەم) دەردەکەون، ئەوەی ئەم کۆمپانیایە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەیەتی بریتیە لە ڕەشنوسی گرێبەست (Heads of Agreement)، لە هیچ شوێنێکی یاسای نەوت و گازدا شتێك نیە بەناوی ڕەشنوسی گرێبەست؟ لە هەموو جۆرە گرێبەستە نەوتی و گازیەکاندا بە چاك و بەخراپ شتێك نیە بە ناوی ڕەشنوسی گرێبەست!

کەواتە لە پێناو چیدا ئەمە کرا؟

دانەگازیش جگە لەوەی مانگانە (٣٠ ملیۆن) دۆلار قازانجیەتی و لە دادگاش (٢ ملیارو ٢٣٩ ملیۆن) دۆلاری لەحکومەتی هەرێم بردەوەتەوە تاڕادەیەکی زۆریش دەتوانێت هەڵسوکەوت بە بەرهەمی کێڵگەکەوە بکات

کێڵگەی قادر کەرەم سێ جۆر بەرهەمی هەیە:

یەك: LPG (غازی ماڵان) ئەم بەرهەمە دانەگاز خۆی دەیفرۆشـــــێت و کۆی پارەکەی بۆ خۆیەتی، بەرهەمی ڕۆژانەی (هەزارو ٧٠) تەنە و هەر تەنێك بە(٣٠٥) دۆلار دەفرۆشێت و داهاتی مانگانەی (٩ ملیۆن و ٧٩٠ هەزار) دۆلارە!

پار ساڵ دانەگاز تەنی گازی بە (٢٨٥ دۆلار) فرۆشتووە و ئەم ساڵ کردوویەتی بە (٣٠٥) دۆلار، ئـــەم زیادکردنە و بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار بووە بەهۆکار بۆ گرانکردنی غازی ماڵان لەسەر هاوڵاتیان لەم دۆخە قەیراناویەدا ..

هەرچەندە ئەمە موڵـــکی خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئێستا بەراورد بەو گازەی لە کەرکوك

بەرهەمدێت نرخی غازی ماڵانی قادر کەرەم گرانترە، بۆیە ئەرکی حکومەتە سنورێك بۆ ئەم گرانکردنە دابنێ و بیگەڕێتەوە بۆ نرخی پێشوی و سیستمی فرۆشتنی دابنێ.

دوو: کۆندێـن سەیت، بەرهەمی ڕۆژانەی(هەزارو ٧٥٣) تەنە، حکومەتی هەرێم هەمــووی دەکڕێتەوە تەنی بە (٣٧٠) دۆلار و دەیکاتە ناو بۆڕی نەوتی کوردستان بۆ بـــەرزکردنەوەی کوالێتی نەوت.. داهاتی مانگانەی (١٩ ملیۆن و ٤٥٨ هەزار) دۆلارە..

سێ: ئەو گـــازی سروشتیەی بۆ کارەبا بەکاردێت..

بەرهەمی گازی سروشتی (٤٤٥ ملیۆن) پێ سێجایە، لەم بڕەیە (٣٠٥ ملیۆن) پێ سێ جا بێ بەرامبەر دەدەنە حکومەتی هەرێم و ئەوی دیکەی بە پارەیە.

جگە لـەو بڕەی حکومەتی هەرێم کوردستان بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا وەریدەگرێت تاوەکو ئێستا داهاتی حکومەت سفرە، دانەگازیش جگە لەوەی مانگــانە (٣٠ ملیۆن) دۆلار قازانجیەتی و لـە دادگاش (٢ ملیارو ٢٣٩ ملیۆن) دۆلاری لەحکومەتی هەرێم بردەوەتەوە تاڕادەیەکی زۆریش دەتوانێت هەڵسوکەوت بە بەرهـــەمی کێڵگەکەوە بکات، بەشێوەیەك ئەوەندە داناگاز وەك خاوەنی ئەم کێڵگە هەڵسوکەوت دەکات، حکومەتی هەرێم نایکات...

هێزی گەورەی ئابووری کوردستان گازی سروشتییە نەك نەوت

دادگای واشنتۆن و بەڵایەکی تر

لە ١/٥/٢٠١٧ دانەگـــاز و هاوبەشەکانی لە دادگای واشنتۆن سکاڵایەکی دیکەیان لەسەر حکومەتی هەرێم تۆمارکرد، داوای (٢٦ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن) دۆلاریان لە حکومەتی هەرێم کرد.. دانەگاز و هاوبەشەکانی سکاڵاکەیان کشاندەوە لە بەرامبەر چەند دەستکەوتێکی دیکە بۆ دانەگاز..

یەك: ماوەی گرێبەستی دانەگاز (١٧)ساڵی دیکە درێژبکرێتەوە تاوکو ٢٠٤٩ .

دوو: فـراوانکردنی ناوچەی گرێبەستەکە بە زیادکردنی هەردوو بلۆکی (١٩و ٢٠) بۆ سەر ناوچەی ٢٠٠٧ .

سێ: جگە لە LPG و کــۆندێــن سەیت کە داناگاز بۆ خۆی دەفرۆشێت، حکومەتی هەرێم هەڵدەستێت بە کڕینی ٥٠٪ ئەو گازە زیادەی بەرهەم دەهێندرێت بۆ وێستگەکانی

ئەو لێدوانانەی کە باس لە هەناردەکردنی گازی سروشتی هەرێم دەکەن وەك جێگرەوەی گازی ڕووسیا بۆ ئەوڕوپا، جگە لە دروستکردنی نەیار بۆ هەرێم و توندکردنی حکومەتی عێراق بەرامبەر هەرێمی کوردستان هیچ خزمەتێک ناکات!

کارەبا، ئەو (٥٠٪)دەمێنێتەوە دانەگاز و هاوبەشەکانی بە بازاڕی دەکەن...

لە ڕووی دارایی و ئیداری و حوکمڕانییەوە دانەگاز خراپترین گرێبەستە کە لە خزمەتی کۆمپانیادایە، بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی داناگاز، گرنگ و پێویستە وەبەرهێنان لە کێڵگە گەورەکانی گاز دەستپێبکات.. هێزی گەورەی ئابووری کوردستان گازی سروشتییە نەك نەوت.

ئێستا وەبەرهێنان لە خورمەڵە دەستی پێکردووە، چەندین کێڵگەی گەورەهەن بۆ وەبەرهێنان..لەوانە: (میران و چەمچەماڵ و بنەباوی، عەربەت، تۆپخانە، کوردەمیر، شاکەل ...)

کوردەمیر و تۆپخانە دوو هێندەی کۆرمۆر غازی پاکیان هەیە و تۆپخانە ئامادەیە بۆ کارکردن..

یەدەگی گازی سروشتی کوردستان جێگای سەرنجە!

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەرێمی کوردستان خاوەنی یەدەگی (٢٠٠ تریلیۆن) پێ سێجا یان بە واتایەکی تر (٥ تریلیۆن و ٧٠٠ ملیار) مەتر سێجا یەدەگی گازی سروشتییە، ئەمەش ٣٪ی یەدەگی گازی دنیا پێك دەهێنێت.

ئەگەر ئەم ئامارە وەك پێوەر وەربگرین، هەرێمی کوردستان لە دوای ڕووسیا و ئێران و قەتەر و ئەمریکا و سعودیە و تورکمانستان و ئیمارات هەشتەم دەوڵەمەندی دونیایە بە سامانی گازی سروشتی، ئەگەر ڕێژەی یەدەك بەراورد بە دانیشتوان دابنێین، هەرێمی کوردستان لە لوتکەدایە..

دەزگای پشکنینی جیۆلۆجی ئەمریکا (USGS) بۆی دەرکەوتووە کە سەرچاوە نەسەلمێنراوەکانی گازی سروشتی تەنها لە ناوچەی زاگرۆس کە دەکەوێتە هەرێمی کوردستان بڕەکەی دەگاتە (٥٤) ترلیۆن پێ

سێجا، ئەوەش پاڵپشت بەوەی سەرجەمی گێڵگە سەلمێنراوەکان لەو ناوچەیە کەمترە لە (١٠) ترلیۆن پێ سێجـــا گازی سروشتی بەبەراورد بە کێڵگە نەسەلمێنراوەکان کە (٣٠) ترلیۆن پێ سێجایە، ئەوەش جگە لە بونی یەدەگێکی زۆر زیاتر لە کێڵگەکانی (بنەباوی، خورمەڵە، چەمچەماڵ و میرانو تۆپخانە و شاکەل و عەربەت.)

ئەنجام:

تاوەکو ٢٠٣٠ هەرێمی کوردستان توانای ئەوەی نییە هیچ بڕێک هەناردەی دەرەوە بکات، بۆیە ئەو لێدوانانەی کە باس لە هەناردەکردنی گازی سروشتی هەرێم دەکەن وەك جێگرەوەی گازی ڕووسیا بۆ ئەوڕوپا، جگە لە دروستکردنی نەیار بۆ هەرێم و توندکردنی حکومەتی عێراق بەرامبەر هەرێمی کوردستان هیچ خزمەتێک ناکات! بە تایبەت عێراق ئێستا لە دەرەوە گازی سروشتی هاوردە دەکات..

پرۆفایل:

عەلی حەمە ساڵح

* لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٤ دەربەندیخان.

* بڕوانامـــە: بەکـــالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی سەلاحەددین. بە کالۆریۆس لە دارایی و بانک- زانکۆی نۆلیج.

* لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەستی بە کاری ڕۆژنامەوانی کردووە

* ساڵی ٢٠٠٨ یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەی ڕووداو بـــووە - بەرپرسی هەواڵ.

* لەگەڵ دروستبوونی گۆڕان پشتیوانی بزوتنەوەی گۆڕانی کردووە.

* لە ســـاڵی ٢٠١٠ لە کەناڵی KNN بەرنامەی زمانی ژمارەکانی هەبووە.

* لە ســـاڵی ٢٠١١ بووە بە ڕێکخەری ژوری لێکۆڵینەوەی ئابووری بزوتنەوەی گۆڕان.

* لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ هەڵبژرادنی پەرلەمانی کوردستان ١٤٠ هـەزار و ٢٤٧ دەنگی بەدەست هێناو بووە ئەندامی پەرلەمان.

* ساڵی ٢٠١٨ سەرۆکـــی لیســـتی گۆڕان بووە و ٩٣ هەزار و ٨٧٦ دەنگی بەدەستهێنا.

* هـــەتاوەکو ٢/٧/٢٠٢٠ سـەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بووە. بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ بڕیار بەدەستانی گۆڕان لەسەر مانەوە لە حکومەت چەندین دۆسیەی گەندەڵی دەستی لە سەرۆکی فراکسیۆن کێشایەوە و لـــە بزوتنەوەی گۆڕان دوورکەوتەوە.

* ساڵی ٢٠١٢ پەرتوکێکی نووسیوە لەسەر بەفیڕۆدان لە دارایی گشتی.

* چەندین لێکۆڵینەوەی هەیە لە بوارەکانی گەندەڵی و وزە و دارایی.

* بەشداری چەندین خول و سیمیناری کردووە.

* ساڵـــی ٢٠١٥ بەشدار بووە لە خولی IVLP لـــە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

شەڕ لە ناو یەکماڵدا

لەتیف فاتیح فەرەج

سەرەتا:

شەڕی ڕووســیا و ئۆکرانیا درێژەی کێشا و لە ئاکامی شەڕەکەشدا خەریکە جەمسەر بەندیەکی نوێ دروست دەبێت، ڕووسەکان و ئۆکرانیەکان یەك بەرەبابن و هەردوولا سلاڤین «هەروەها ڕووسەکان بە ئۆکرانیا دەڵێن ڕووسیای بچوك» ، جگە لەوەش لە خەیاڵدانی ڕووســەکاندا ئۆکرانیا خاکی پیرۆزی ئەوانە، کێشە ئەوەیە لەم ئاڵۆزیەدا کە لە ئاڵۆزی نێو یەك ماڵ دەچێت، ئەمەریکا و بە ریتانیا بە تایبەتی و ناتۆش بە گشتی قسەیەکی تریان هەیە، ئەگەر شەڕەکە هێشتا لە ناو ماڵی ڕووس و ئۆکرانیەکاندایە، بەڵام بەرامە و کاریگەریەکەی لە دەرەوە زیاترە و هەموو ئەوروپا لە ناو گیروگازی شەڕەکەدان، لەملاشەوە ڕەنگدانەوەی شەڕەکە وا کەوتوەتەوە کــە هاوشانی ڕووسیا چین و هند و ئێران و وڵاتگەلی رۆژهەڵات هەن و لە بەرانبەریشدا زۆربەی رۆژئاوا وا دەردەکەون پێکەوە بن، یان راستتر ئەوەیە بڵێین لە بن چەتری ئەمەریکادا بن، شەڕی ڕووســـیا و ئۆکراین، تا رادەیەکی زۆر وڵاتی بــێلایەنی نەهێشتوەتەوە، تەنانەت لە ئەمەریکای لاتینیش جۆرێك دابەشکاری بە پێی حەزی ڕووسەکان و ئەمەریکیەکان دروستکردووە، ئەگـــەر ئەمەریکا ئامانجی لە مەنگەنەدان و بازنەبەند کردنی ڕووسیا بێت وەك ئەوەی ئۆکرانیا بوو بە بیانووی ئەوەی سوید و فنلاند داوای چونە نێو پەیمانی ناتۆ بکەن، ئەوە ڕووسیا هەزار و یەك بیانووی هەیە بۆ ئەوەی لە ناو ماڵەکەی خۆیدا منالە لاسارەکان تەمبێ بکات، با شەڕەکە بە وێرانکردنی وڵاتێکی وەك ئۆکرانیا کە بۆ ڕووسەکان « روسیا کێف

بۆ ڕووسیاش ئۆکرانیا جگە لەوەی وەك ماڵی خۆی سەیری دەکات، باخچەی پێشەوەی ماڵەکەشە، کە ڕووسیا نایەوێت کەس ئەو باخچەیەی لێ تێکبدات

« زیاتر نیە کۆتایشی بێت، ڕووسەکان وەك چۆن ئەمەریکا ئەمەریکای لاتین و کۆڵەمبیا و وڵاتانی ئەوێندەر بە باخچەی پێشەوەی ئەمەریکا ناودەبات، بایدن وتی» ئەمەریکای لاتین باخچەی پشتەوەی ئەمەریکا نین، باخچەی پێشەوەن « بۆ ڕووسیاش ئۆکرانیا جگە لەوەی وەك ماڵی خۆی سەیری دەکات، باخچەی پێشەوەی ماڵەکەشە، کە ڕووسیا نایەوێت کەس ئەو باخچەیەی لێ تێکبدات .

لەم وتارە کورتەی خوارەوەدا بە خوێندنەوەی چەندین بابەت و وتاری جیا جیا دەمانەوێ ئەوە بزانین ئایە ئەنجامی ئەم شەڕە بە چی دەگات، ئایە وەك هەندێك ڕۆژئاوایی و نووسەرانی نزیك لە ئەمەریکا دەڵێن، شەڕەکە بە کەوتنی ڕووسیا کۆتایی دێت، یان هەر لە ئێستاوە ڕووسیا براوەی شەڕەکەیە، ئەمە ئەگەر ڕووسەکان لەوەدا سەرکەوتوو بن کە شەڕەکە نەبەنە دەرەوەی ئۆکرانیا، وەك ئەوەی ئەمەریکا و بەریتانیا دەیانەوێت .

بۆچی گەیشتینە ئێرە؟

گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی ئۆکرانیا و هاتنە سەر کاری زێلنسکی و نزیکبوونەوە لە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا و گوێ نەدان بە هەڵوێست و لێدوانەکانی پۆتین و ڕووسیا لەو هاتنەناوەوەیە، ڕووسیای نیگەران و هەروەها توڕەش کرد، زێلنسکی بێگوێدانە ئامۆژگاریەکانی ڕووسیا و پۆتین پشتی کردە ڕووسیا و ڕووی کردە ئەمەریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا، بۆ ئەمەش هەر جارە و بە جۆرێك ڕووسیای توڕە کردووە، ئێمە لە سەرەتای دەستپێکی شەڕەکەدا لە بەرنامەیەکدا وتمان زوو کۆتایی هاتنی شەڕەکە لە دەستی ئۆکرانیادایە نەك ڕووسیا، ڕووسیا پەلامار دەدات، دەشێت هەمان سیناریۆی کریما « قرم « دووبارە بکاتەوە، بەڵام ئامانجەکانی بە دینەیەن دناساکێ، لە ڕاستیدا ڕووسیا هیچ گوێیی لەوەش نیە ئەمەریکا و بەریتانیا کاردانەوەیان چی دەبێت، ئەو دەیەوێت سنورێك بۆ زێلنسکی و سیاسەتە ناجۆرەکەی دابنێت، زێلنسکی لە بیرکردنەوە لە ڕووسەکان وەك

هەموو ئەم کارانە و بێمنەتی ئۆکرانیا لە ڕووسیا و تێکدانی پەیوەندی هەزاران ساڵەی ئەو دوو نەتەوە یەك ڕیشە و ڕەگەزە، دۆخەکەی گەیاندە ئەم شوێنە، کە جارێ دیار نیە کەی ئەم شەڕە کۆتایی دێت، یان ئاخۆ سەردەکێشێت بۆ لە شەڕی نێو یەك ماڵ گەورەتر

پۆتین ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی ئەوە دەکات ئەو کێش و سەنگەی جاران بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە، بە تایبەت کێش و سەنگی ڕۆژگاری شەڕی سارد و دوو جەمسەری دنیا.

بەریتانیا و ئەوروپای ڕۆژئاوا بیر دەکاتەوە، یانی بە ڕوونی رقی لە ڕووسە، لە کاتێکا خۆی زمانی ڕووسیـــــە و پەروەردەی کەش و هەوای سیاسی و هونەری ڕووسیاشە، رقی ئەوروپا لە ڕووسەکان زۆر جار لە فیلم و ئەدەبیشدا دەبینرێ، چ جای سیاسەت، هەندێك لەو فیلمانەی هۆلیۆد کە لە سەر ڕووسیا دەرکراون هەمیشە مرۆڤی ڕووسی قەبیح و بکوژ و خیانەتکار و ناشرین نیشاندەدەن، هۆلیود ئەمەریکیە، لێ ئەوروپیەکان و جولەکەش رۆڵیان لە جوڵاندنیا هەیە، ئەگەر بەوردی مرۆڤ دەیان فیلمی ئەو دەزگایە بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە ئەوەی بۆ ڕوونتر دەبێتەوە .

ڕاستە هـــۆلیود هەمیشە مرۆڤی ئەمەریکی گەورە نیشاندەدات و زۆر جار ئەمەریکیەك دەکاتە فریادڕەسی وڵاتێك، بەڵام دواجار سینەماش زۆر پرس و بابەت دەوروژێنێ و یەکلاشیان دەکاتەوە، ئەمـــــەیان بابەتێکی ترە، زێلنسکی هیچ هۆیەك نیە بۆ ئەوەی بڵێت ئۆکرانیا جێی ئەو ڕووسانەی تیا نابێتەوە کە بە ڕووسی قسە دەکەن، لە چەند ساڵی رابردودا ژیانی ڕووسەکان بە دەست ئەو سیاسەتەوە لە ئۆکرانیا زۆر باش نەبووە، تەنانەت قسە لەوە دەکرێت کە « بە تالیۆنی نازۆف « هەزاران ڕووسی زمانیان لە دۆنیاسك کوشت و بڕ کردووە، هەموو ئەم کارانە و بێمنەتی ئۆکرانیا لە ڕووسیا و تێکدانی پەیوەندی هەزاران ساڵەی ئەو دوو نەتەوە یەك ڕیشە و ڕەگەزە، دۆخەکەی گەیاندە ئەم شوێنە، کە جارێ دیار نیە کەی ئەم شەڕە کۆتایی دێت، یان ئاخۆ سەردەکێشێت بۆ لە شەڕی نێو یەك ماڵ گەورەتر، ئەگەر پێشتر شەڕەکە وەستاندنی لە دەستی زێلنسکی و ئۆکرایندا بوو، ئێستا ئیدی شەڕەکە لە دەستی خەڵکی تر دایە، هەموو بیرمانە بۆریس جۆنسۆنی سەرۆك وەزیری ئێستا لە کار خراوی بەریتانیا دەیگوت « دەترسین ئۆکرانیا ملبدات بۆ ئاشتی لە گەڵ ڕووسیا " قسەکە ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرە بوو، هەروەها ئەمەریکاش بە لێدوانەکانی، بەردەوام باسکردنی هاوکاری ئۆکرانیا بە چەك و چۆڵ و پارە وای کردووە کە بیر لە ئاشتی نەکرێتەوە .

ئێ خۆ ورچە سپیەکەش هەر دانانیشێ و سەیری ڕووداوەکان بکات تا دەستی ئەمەریکا و بەریتانیا دەگەنە بینەقاقای، بۆیە ڕۆژەکە گەیشە ئێرە.

پۆتین چی دەوێت؟

بەر لـــــەوەی وەڵامــی ئەو پرسیارە بدەینەوە کەپۆتین چی دەوێت، پێویستە هەڵوەستە لە سەر ئەو بەرهەڵستکاریەی بۆریس جۆنسن بکەین، کە بۆچی ئەوەندە سوور بوو لە سەر بەردەوامی شەڕ، لە راستیدا ئەمە گومانی زۆر لە سەر ئەو پیاوە دروستدەکات، ئایە هەر بەڕاست ئەو داشێکی راسپێردراوە یان شتی تر، جارێ ئەمە ڕووننابێتەوە، رەنگە ئەم شەڕەی ڕووسیا شوناسی زۆر سەرکردە و بەرپرسی تریش بخاتە ژێر میکرۆسکۆبی ئابڕوچوونەوە، جارێ کاتەکە زووە، دەشێت لێرە و لەوێ ناوی ترەمپ و ئەردۆگان و خەڵکی تریش بێنە پێشەوە.

پۆتین یەکێکە لــە سەرکردە دیارەکانی ئێستا و ئەو ســـەرۆکی یەکێك لە وڵاتە هەرە گرنگەکانی ســـەر گـــۆی زەویە، بۆخۆیشی کەسێـــــکی پەروەردەکراوی نێو کایەی هەواڵگـــــری و تەناهیە و کەسێتیەکی بەهێز و گورج و گۆڵی هەیە، بە گوێرەی ئەم سیاسەتـــی

ئەم سەردەمی پۆتین یەکێکە لە شـــەقاوە سیاسیەکان و دەستی راستـەوخۆی خۆی هەیە لە یەکلاکردنەوەی کێشـــــەکاندا، پۆتین ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی ئەوە دەکات ئەو کێش و سەنگەی جاران بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە، بە تایبەت کێش و سەنگی رۆژگاری شەڕی سارد و دوو جەمسەری دنیا، راستە ڕووسیای ئێستا یەکێتی سۆڤیەتی جاران نیە، بەڵام چەند ساڵێکە ڕووسیا لە گەشـــــە و پێشکەوتنێکی بەردەوامدایە، ڕووسەکان بەرەو پێشەوە دەچن و کەمتر ئاوڕ لە رۆمانی دایك و ئەو سەردەمە دەدەنەوە، ئەو هێز و تاقەتە نوێیەی ڕووسیا، پێویستی ئەوروپا بە ڕووسیا، پەیوەندیە بە هێزەکانی ڕووسیا لە گەڵ چین و وڵاتانی هاوپەیمانی خۆی لە ئەمەریکای لاتین و ئاسیا، لە بەرانبەریشدا بەردەوام تەنگپێهەڵچنینەکانی ئەمەریکا پۆتنی خستە ســـــەر کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ رۆژگاری جەمســـەربەندی، دەشێت پۆتن بۆ ئەمە پاڵنەرە سەرەکیەکەی

ئەمەریکا و فشارەکانی ئەمەریکا بێت، بەڵام ئەوەشیان بیر نەچێت ڕووسیا خۆی یەکێك لە وڵاتە زەبەلاحەکانی دنیایە. بۆیە نایەوێت نەخۆی نە دۆست و هاوپەیمانەکانی نمونەی سوریا، ئێران، هەندێ جار عیراقیش بکەونە بەر فشار و چاو زەقکردنەوەی ئەمەریکا.

ڕێگریەکانی ئەمەریکا لە گەشەی ئابووری ڕووسیا، نەهێشتنی بەستنی گرێبەستی بازرگانی گرنگ و دۆزینەوەی کێشە بۆی، بەربەستەکانی ئەمەریکا لە بەردەم پەیوەندی بازرگانی ڕووسیا و ئەوانی تر، ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ تورە بوونی پۆتن، بۆیە ئیدی دیارە کە پۆتن چی دەوێت، پۆتن دەیەوێ بە ئەمەریکا بڵێت تۆ تاقە پۆلیسی دنیا نیت، چیت بوێت بیکەی، ئێمەش هەین، هەروەها دەیەوێت بە ئەمەریکا بڵێت دەتوانیت بە ئاسانی گرێبەستی نێوان فەڕەنسا و شوێنانی تر، یان چین و شوێنگەلی دیکە هەڵوەشێنیتەوە، یاخود خاوبکەیتەوە، بەڵام ئێمە نا.

بەم جۆرە پۆتین ئامانجی لە شەڕ لە ئۆکرانیا هەر ئەوە نیە منالە لاسارەکەی خۆی سەرکێشی کردووە، بگرە نامەشە بۆ ئەمەریکا چونکە ئەمەریکا هەر نەهاتووە لە ئۆکرانیاوە دەستبخاتە بینە قاقای ئەو لە تورکیاش ڕێگری دەکات لەوەی ئێس چوار سەتی ڕووسی دابنرێت، لە شوێنانی دیکەش ڕێگری لە فرۆشتنی چەکی ڕووسی دەکات.

زیانەکانی شەڕ:

شەڕ لایەنە وێرانی و کوشت و بڕەکەی لێ لادە بەشێکە لە بازرگانی، یانی چەند زیانی بۆ زۆر کەس هەیە ئەوەندە زیاتر قازانج بە گروپگەلی دیکە دەگەیەنێت، ئێمە لێرەدا هەڵوەستە لە سەر شیکردنەوەی ئەم قازانج و زەرەرە ناکەین، تەنها هەڵوەستە لە سەر زیانەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکەین و هەڵوەستە لە سەر کاریگەریەکانی دەکەین، ئێستا کە ئیتر شەڕەکە تاوی سەندووە و لەلایەکەوە ڕۆژ نیە شارێك و شوێنێکی ئۆکرانیا نەکەوێت و زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس جێ و ڕێیان لێتێکچووە و سەدان هەزار ئۆکرانی گەیشتوونەتە وڵاتانی ئەوروپا و لەملاشەوە کێشەی نەمانی نەوت و گاز و کەمبوونەوەی لە ئەوروپا، ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی تەنگەتا و کردووە و لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا نرخی بەنزین و کەل و پەلی تر بەرز بوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەڵمانیەکان لە هەموولایەك زیاتر بەر ئەو زیانە کەوتون، لە ئەگەری درێژە کێشانی شەڕ و نزیکبوونەوەی پایز و زستانی دادێ ئەوە زیانەکان زۆر زیاتر دەبن، لە کاتێکا لە گەڵ سەرهەڵدانی شەڕەکەدا ئەڵمانیا بودجەی شەڕی زۆر زیاد کرد.

..بەرهەمی کشتوکاڵی ئۆکرانیا ٤٥٪ی کۆی هەناردە پێکدێنێت، هەڵبەت بە هۆی بوونی شەڕەوە ئەمە ئەگەر بەتەواوەتیش نەوەستێ زۆر کەم دەبێتەوە

بە پێی هــــەندێ سەرچاوە ئۆکرانیا ١٤٪ی پێداویستی گەنمی جیهان و ١٦٪ی برنجی جیهان دابین دەکات، ئێستا ئەم دابینکردنە وەك جاران نامێنێت، ئەوە جگە لەوەی ڕووسیا خۆیشی دەتوانێت هەناردەی دانەوێڵە و خۆراك رابگرێت، بەمەش پێویستی خۆراك لە دنیادا رووبەڕووی کەم و کــورتی دەبێتەوە و وڵاتان توشی قەیران و برسێتی دەبنەوە، لەوەتەی شەڕەکە دەستی پێکردووە، بەردەوام ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی و نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتان زەنگی مەترسی لێدەدەن.

بەرهەمی کشتوکاڵی ئۆکرانیا ٤٥٪ی کۆی هەناردە پێکدێنێت، هەڵبەت بە هۆی بوونی شەڕەوە ئەمە ئەگەر بەتەواوەتیش نەوەستێ زۆر کەم دەبێتەوە، ئەمە هەر زیان نیە بۆ ئابووری ئۆکرانیا و زەرەری گەورەیە لەوانەی پشت بە دانەوێڵە و گەنم و برنجی ئۆکرانیا دەبەستن، ڕووسەکان زۆر باش ئەمە دەزانن، بۆیە هەوڵی بەردەوامی ئەوان بۆ ئەوەیە ئەو رێگایانە بگرن، کــــە بەروبومی ئۆکرانیایان لێدەڕواتە دەرەوە، ڕووسیا زۆر بە وردی شیکاری ئەم دەرهاویشتانەی کردووە، بۆیە هەندێ جار زۆر بێباکانە دەردەکەوێت، تەنانەت کاتێك ئەمەریکا و ئەوروپا سەر قاڵی ئابڵوقە خستنە سەر ڕووسیا بوون، ئەویش لە بەرانبەردا بڕیاری دا ئیدی گازی خۆی بە رۆبڵ بفرۆشێت، ئێمە دەزانین لە ناو خۆی ڕووسیادا جۆرێك لە نائارامی و قەیران دروست بووە، داخستنی بازاڕە ئابووریەکان بە ڕووی ڕووسیادا کێشە بۆ هاوڵاتیش دروست دەکات نەك هەر خاوەن سامانەکان، بەڵام ڕووسەکانیش لە بەرانبەردا بیر لەوە دەکەنەوە چ کاردانەوەیەکیان هەبێت، ئێمە هێشتا لە ناو شەڕەکەداین نازانین داخوا سبەینێ چی دەگوزەرێت، لێ هەر یەکەو لای خۆیەوە بە شێوەیەك باجی ئەو شەڕە دەدات چونکە لە شەڕدا داد پەروەری پاشە کشە دەکات و زیان جێگەی دەگرێتەوە، لە شەڕدا دادپەروەری نیە.

سەرچاوە و یەك دوو سەرنجی کورت:

بۆ نووســــینی ئەم بابەتە جگە لە کۆکردنەوەی زانیاری و باری سەرنجی خۆم سودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە بینیوە:

وتارێکی ئیدریس مستەفا مامۆستای زانکۆ لە کەنەدا وتارەکە لە ٤-٤-٢٠٢٢ لە ماڵپەڕی دەنگەکان بڵاو کراوەتەوە و ئیدریس خۆیشی لە ڕێی ماسنجەرەوە بۆی ناردووم لە سەر داوای خۆم، ناونیشانی وتارەکە «ڕووسیا و ئۆکراین کامیان هەڕەشەن بۆ سەر یەکتر».

هەروەها ژمـــارە ١٤ی گۆڤاری وەرزنامەی فۆکس نیسانی ٢٠٢٢ ئەم ژمارەیە تایبەتە بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و تەواوی بابەتەکانی قسە کردنن لە سەر ئەو شەڕە و لێکەوتەکانی و مەترسیەکانی بۆ سەر جیهان.

چاوپێکەوتنێکی تایبەت لە سەر شەڕەکە لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکەدا، لەوێدا بە وردی هـــەڵوەستەم لە سەر شێوازی شەڕەکـــە و چۆنێتی کۆتایی پێهێنانی کردووە.

لە ڕاستیدا من بۆیە سەرچاوەکانم بە خاڵ و نیشانە و بە شێوەی ریزبەندی و زانستی دانەنا لە بەر ئەوەی هەڕەمەکی سودم لە زانیاریەکان بینیوە و زیاتر پشتم بە لێکدانەوەی خۆم بەستووە، پێموایە ئەمەش ڕێگەیەکی ناتەندروست و ناجۆر نیە و یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە پێویستە بیرکەرەوەی کـــوردیش قسەی خۆی هەبێت، مەرجیش نیە هەمیشە قسەکان وا بن کە سەرچاوەی دەرەکیان زیاتر بێت وەك جۆرێك لە دەوڵەمەندی، یان بەڕاست بگەڕێن، بە تایبـــەت لە شیکردنەوەی سیاسیانەی بابەتەکاندا، بیرمان نەچێت لە سەرەتای شەڕەکەدا یۆڤاڵ نەوا حەراری نوقڵانەی شکستی پۆتینی لێدا، بەڵام تا ئێستا ئەوە هەر قسەی ڕووتە و قسەش ناچێتە نێو گیرفانەوە.

پڕۆفایل:

لەتیف فاتیح فەرەج ڕەشید

* لەدایك بووی ١٩٧٠ کەرکوك.

* کار: نووسەر و ڕۆژنامەنووس.

* تا شەشەمی وێژەیی خوێندووە.

* زیاتر لە (٥٠) کتێب و نامیلکەی لەبوارەکانی(پێکەوەژیانی ئاشتیانە، مافی مرۆڤ، کێشەی کەرکوك، ئەنفال، ڕاگەیاندن و بواری ئەدەبدا هەیە، جگە لە چەندین دیوانە شیعر.

* سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و دەستەی نووسەرانی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بووە لە وانە (ئاران، ئەنفال، گزنگ، هەشتا و هەشت، کەرکوکی ئەمڕۆ، دۆز).

* ٤ ساڵ بەرپرسی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان – لقی کەرکوك بووە.

* لە سەدان وۆرك شۆپ و خولی کۆمەڵگای مەدەنی بەشداری کردووە.

* وەك میوان لە دوو دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکان بۆ دۆسیەی ئەنفال لە بەغدا ئامادە بووە .

* جگە لەکوردی بابەتەکانی بۆ عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و تورکی وەرگێڕدراون.

* بە چەندین ناوی جیا جیا بابەتی نووسیوە وەك « لەتیف فاتیح، لەتیف بێباك، هەردە کەرکوکی، بەهرۆز جەلال، حەمەتاڵ و ناوگەلی تر.

پرسگەکانی ئایندەناسی:

پیشەسازی چەکسازی ونەخشەی خۆپڕچەککردن لەداهاتوودا:

پرسگەی دووەم

ئا: موحەممەد عەزیز لۆتەری

کۆمپانیاکانی چەک دروستکردن هەوڵ دەدەن کە چەکی داهاتوو وابێ کە گیانی سەربازی تێدا پارێزراوبێ، وە بە وردترین شێوە و بەخێراترین کات ئامانج بپێکێ.

کۆمەڵێک شارەزا لە دیمانەیەک بۆ ڕۆژنامەی «ديلي ميل»ی بەریتانی دەڵێن چەک و جەنگ لە داهاتوودا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێ و ئەمەش گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەن کە ڕوو دەدەن:

- کامیرای چەکەکان:

ئەم شارەزایانە دەڵێن کە لە ئایندەدا کامیرا لەسەر چەکەکان جێگیر دەکرێ، ئەم کامیرایە وێنەی گۆڕەپانی جەنگەکە دەگوازێتەوە بۆ شاشەی جێگیرکراوی بەردەم سەربازەکە، ئەو شاشە لە کوڵاوخودەیەکی زیرەک کە سەربازەکە لەسەری دەکا، ئەم شاشە توانای پێکانی ئامانجیشی هەیە وە ماوە ودووری نێوان سەربازەکە و ئامانجەکەی لەسەرشاشەکە دەردەکەوێ کە بەتیشکی لێزەر ئاڕاستە دەکرێ.

- ڕووکەشی دەرەوەی پەیکەری سەربازەکان:

هەموولاشەی سەربازەکان بە قەڵغان و زرێپۆش دەپارێزرێ، ئەم زرێپۆشە پەیکەریانە هەرخۆیان هەڵدەستن بە چاکردنەوەی خۆیان لە کاتی تووش بوونیان بەهەر تێک چوونێک، وە هەموو پێکانێک لە سەربازەکە دووردەخاتەوە، وە وا لە سەربازەکە دەکا کە توانای هەڵگرتنی کۆڵی گرانی هەبێ، وە لە کەرەستەی زیرەکی پشتگیری کراو بە دەزگای هەستیار دروست دەکرێ کە دەتوانێ هەستێ بەچاودێری پلەی گەرمی لەش وگرتنی لێدانی دڵ و وپێوانی ڕێژەی ئاو لەلاشەی سەربازەکەدا.

- بەکارهێنانی شلەیەکی سیحری کە ناهێڵێ گولە زیان بە لاشە بگەیەنێ:

ئەمە داهێنراوی توێژەرانی پەیمانگای «موراتیکس» ی پۆڵەندیە، شلەمەنیەکی لیجە وەک ئاو ڕوونەکە دەتوانێ گولە ڕاگرێ و

له کەمتر له چرکەیەک دەبێته مادەیەکی ڕەق وناهێڵێ گوله‌که لاشه بسمێ..

لێکۆڵەران پێیان وایه که ئەم شلەمەنیه گرێنتی و پاراستنەکەی زۆر مسۆگەرتره لەو کەرەستانەی ئێستا بەکار دەهێنرێن.

- له ئایندەدا فیشەک ڕێڕەو و ئاڕاستەی دەگۆڕێ و بەدوای ئامانجەکەی دەکەوێ:

سوپای ئەمـــــریکا بەکردەوه دەستی به پەرەدان بەم جۆره فیشەکه کردووه، کۆمپانیای پیشەسازی ئەمریکی «تیلدین تیکنولوجیز» لەسەرەتاکانی ئەم ساڵ فیشەکێکی بەرهەم هێنا کەناوی ناوه «تەقەمەنی ئەوپەڕی وردەکاری- الذخيرة ذات الدقة المتناهية»، که به ووشەی «إكزاكتو» کورت دەکرێتەوه واته زۆر ورد، ئەم بەرهەمەش بۆ دامەزراوی توێژینەوه سەربازیەکانی سەربه سوپای ئەمریکا بەرهەم هێنراوه.

- بەکارهێنانی microdrones:

ئەمانه چەند فڕۆکـــەیەکی بێ فڕۆکەوانی زۆر بچوکی سەربەخۆن، یارمەتی سەربازەکان دەدا له پشکنین و ئاشکراکردنی گۆڕەپانەکانی جەنگ له دووریەکی زۆرەوه و هــــاوکاریان دەکا له وێنەگرتنی ئاسمانی و چاودێریکردنی ئامانجەکان .

- پێنج جۆره چەکی ترسناکی داهاتوو که بۆ هەمیشه ڕووی جیهان دەگۆڕێ:

هەمــــــوو پێنوێن و خۆ ئاماداکردن وداهێنان و ئاماژەکان دڵنیامان دەکەن که دیاردەی جەنگ له داهاتووی گۆی زەوی دا پایەیەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام ئایا ئەو چـــــەکه سامناکانه چین کەله داهاتوودا دادەهێنرێن؟ لـــــەم دواییانه گۆڤاری «ناشیونال إنترست» ی ئەمریکی ڕاپۆرتێکی لەبارەی پێنج لەو چەکه ترسناکانه بڵاو کردۆتەوه، که دەگونجێ ئەم چەکانه نەخشەی جەنگەکان له جیهاندا به تەواوی بگۆڕن بەشێوەیەک که ئێستا بەخەیاڵیشماندا

بۆ خێراکردنی ڕۆکێتەکان ئێستا بەرنامەی لێدانی جیهانی یەکسەر پیاده دەکرێ که سوپای ئەمریکی لەساڵی ٢٠٠١ دەستی پێ کردووه، بەڵام هەر یەک له هندستان وچین و ڕووسیا قۆناغی خێرایان لەم تەکنەلۆژیایه بڕیوه، ئەمەش بۆته مایەی مەترسی کێ بەرکێی خۆ پڕچەک کردنی جیهانی

نایەت، ئەم ڕاپۆرتە کە ج. مایکل کول نووسیویەتی کە دەرچووی کۆلێژی مەلەکی سەربازی لە کەنەدا و ژژشرۆڤەکـــاری سیاسی بەڕێوەبەرایەتی هـەواڵگری ئاسایشی پێشوی کەنەدایە.

ئەم شارەزایـــە پـــێی وایە کە پێشبینی کردنی گۆڕینی نەخشەی جەنگەکانی داهاتوو بەتەنیا پێنج چەک کارێکی ئاسان نیە، چونکە سروشتی جەنگەکان هەربۆخۆی لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە، وە لە بەرامبەر ئەمەشدا، ئەو پێی وایە کە دانانی لیستێک بۆ ئەو چەکانەی کە زۆربەیان لە ئێستادا کاریان لەسەردەکرێ و پەرەیان پێ دەدرێ کە سروشتی جەنگ دەگۆڕن، هەرچەندە کە ئەو لیستە دەگونجێ هەموو بوارەکانی جەنگ نەگرێتە خۆی ولەوانە چەند جۆرێکی تری نوێ لە جەنگ دابهێنرێن لە داهاتوودا، ئەو چەکانەی ئەم پیاوە دەست نیشانی کردوون ئەمانەن:

١- تەکنەلۆژیای عەبا و چارۆکە کێش سوکەکان:

ئایا هیچ سوپایەک هەیە لەسەر زەوی کـــە حەزنەکا بتوانێ عەبایەکی وابۆ سەربازەکانی دروست کـــا کە لە چاوی دوژمنیان وەشێرێ؟ هەرچەندە زۆرکەس گومانیان لە بوونی ئەوجۆرە تەکنەلۆژیایە هەیە وپێیان وایە کە ئەم کوڵاوی سحری جنە تەنیا لە حیکایەتە ئەفسانەییەکانی داپیرە دا هەیە، بەڵام دەگونجێ ئەم جۆرە تەکنەلۆژیا و چەکەش لە چوارچێوەی ئەو خەونانەبێ کەلە داهاتوودا لە دایک ببێ، ئەم دیاردە لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ دەکرێ وسحروئەفسانە نیە.

ئەم عەبـــا لەبەرچاو ون کەرە ئەو شەپۆلە تیشکیانە ڕەت دەکاتەوە کە دەبنە هۆی بینینی شتەکان، جا کاتێ ئەو کەسە ئەم عەبایە لە خۆی دەپێچێ، شەپۆلە تیشکیەکان کە لەو دەدەن ڕەت دەکرێنەوە، بەمەش چاو ناتوانێ تەنێک ببینێ کە تیشکی لەسەر نەبێ و نەینێرێ بۆ چاوەکان، وەک ئەو لاشە هەر بوونی نەبێ لەبەرچاوی سەیرکەر.

بەم جۆرە تەکنە لۆژیایە هەر سەربازێک دەتوانێ ئەم چارۆکە لەخۆی بپێچێ و لە ناو جەرگەی دوژمندا کارەکانی بە ڕێوەبەرێ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، بە پێی گوتاری «ناشیونال إنترست»، کۆمپانیایەکی کەنەدی توانیویەتی ئەو کەرەستە دابهێنێ کە ئەم چارۆکانەی لێ دروست دەکرێ، بۆ دوو دەستە لە سەرکردایەتی سوپای ئەمریکی و دوو دەستە لە سوپای کەنەدی وچەند دەستەیەکی دژە تیرۆری فیدراڵی دەست کراوە بە بەرهەم هێنان و پەرە پێدانی ئەم چەکە.

٢- چەکەکانی کارۆ موگناتیسی:

وەک سادە کردنەوەیەک بۆ بیرۆکەی ئەم جۆرە تەکنەلۆژیایە ئەوەیە کە ئەم چەکە پشت دەبەستێ بە وزەی کارۆ موگناتیسی، واتە هیچ تەقەمەنیەکی ماددی وەک باروت و فیشەک و ڕۆکێت ئاڕاستەی دوژمن ناکرێ، بەڵکو چەند شەپۆلێکی کارۆ موگناتیسی کە لە بنچینەدا خۆیان لەبووندا هەن و ئەم بوونەوەرەیان تەنیوە زیاد یان کەم دەکرێن یان ئاڕاستەیان دەگۆڕدرێ یان تێکەڵ دەکرێن، ئەم چەکە دەتوانێ هەموو تەقەمەنی و کەرەستە و چەکەکانی ناو گەنجینە و مەشجەب و کۆگاکانی تەقەمەنی ئاسایی دوژمن بتەقێنێتەوە.

نووسەری بابەت ئاماژەی بەوە نەکردووە کە دەتوانرێ گۆڕین و کەم و زیادکردن و تێکەڵ کردن و نەهێشتنی ئەو تیشکە کارۆ موگناتیسیانە ببێتە هۆی تێکچوونی تایبەتمەندی و دیاردە ئاساییەکان و تێکدانی باری هەستەوەری وەدەروونی و تەنانەت لاشەیی و فسیۆلۆجیش، چونکە ئەو تیشک و شەپۆلانە بەشدارن لە هەموو دیاردە و تایبەتمەندیەکان لە پێکهاتنەکان و لاشە و کەرەستە و کارلێکە کیمیایی وفیزیاییەکان..

٣- چەکەکانی بۆشایی:

هەر چەندە فشاری نێودەوڵەتی زۆرە بۆ قەدەغەکردنی ئەو چەکانە، بەڵام دەوڵەتە گەورەکان هەوڵی زۆر دەدەن بۆ دەستخستنی ئەو چەکانە، ئەو چەکانە دەتوانن ئاسمان و بۆشایی بکەنە گۆڕەپانی جەنگ، هەرچەندە ئەوە هەواڵێکی نامۆیە بەڵام کـــردنی مەحاڵ نیە، بۆ نموونە دانانی چەند ڕۆکێتێک کە لەسەر مانگ بنکەیان بۆ دابمەزرێنرێ، یان داهێنانی چەند تەکنەلۆژیایەک کە بتوانێ ئەو نەیزەکانەی ڕۆژانە و ســاڵانە بەرزەوی دەکەون، ئەو دەوڵەتە بەو تەکنەلۆژیایە بتوانێ ئەو نەیزەکانە ئاڕاستەی هەر وڵات و شارێک بکا کە بیەوێ.

لەوانەیــە هـــەر ئەو دوو چـــەکەی لە مەوپێش باس کران، عەبای تیشک ڕەتکەرەوە و گۆڕانکاری لە تیشک و شەپۆلی کارۆ موگناتیسی کە لە بۆشایی دا دەبنە هۆی لادانی تیشک لەهەندێ ناوچە و بە چڕی ئاڕاستەکردنی بۆ هەندێ ناوچەی تـــر و لەهەردوو حاڵدا کارەساتی گەورەی سروشتی وژینگەیی و کەش وهەوا دروست دەبن...

ئەم بـــوارە هەندێ لە سیناریۆکانی هەتا ئێستا هـــەر خەیاڵی زانستین، بەڵام مەحاڵیش نین، وەک بەکارهێنانی لێزەری زۆر بەهێزکراو

لە بۆشایی دا، یان دروستکردنی مەکۆکی وا کەبە چەکی کارۆ موگناتیسی کار بکا.

٤- ڕۆکێتی کرۆزی زۆر خێراکراو:

بێ گـومان تا ئێستاش ڕۆکێتەکان ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن لە جەنگەکانی سەردەمدا، بەڵام لە داهاتوودا پێدەچێ ڕۆکێتەکان لایەنی سەرکەوتوو و بەزیو دیاری بکەن، بۆ نموونە ئەو ڕۆکێتە وشکانیە کرۆزانەی (LACM) کەلە دوای تەقاندنەوەی باڵوێزخانەکانی ئەمریکا لەتەنزانیا و کینیا کەشتیەکانی ئەمریکا لە دەریای سوور لەساڵی ١٩٩٨ ئاڕاستەی بنکەکانی قاعدە لە ئەفغانستان کران، بە ماوەی ٨٠ خولەک گەیشتنە ئامانجەکانیان.

بەڵام پاش خێراکردن و داهێنانی ڕۆکێت کوەک دەنگ خێرابێ دەتوانرێ ڕۆکێتەکە تەنیا بە١٢خولەک ئەو ماوە ببڕێ و بگاتە ئامانجەکەی.

بۆ خێراکـردنی ڕۆکێتەکان ئێستا بەرنامەی لێدانی جیهانی یەکسەر پیادە دەکرێ کـــــە سوپای ئەمریکی لەساڵی ٢٠٠١ دەستی پێ کردووە، بەڵام هەر یەک لە هندستان وچین و ڕووسیا قۆناغی خێرایان لەم تەکنەلۆژیایە بڕیوە، ئەمەش بۆتە مایەی مەترسی کێ بەرکێی خۆ پڕچەک کردنی جیهانی..

٥- مەرکەبەی بێ شوفێر:

ئەو لێـــکدراوانەی بەبێ شوفێر کار دەکەن وەک فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان یەکێک بوو لەگرنگترین پیشەسازیەکانی بەرگری لەم ساڵانەی ڕابردوو، گفتوگۆی زۆری وروژاند کە تاچەند ئەم چەکە ئەخلاقیە و کارەساتی گەورە نانێتەوە، وە ئەو کۆمپانیایانەی لەو بوارە داهێنان دەکەن تاچەند کارەکانیان یاساییە؟.

بەڵام ئەم هەموو ڕێگرانە نەبوونە هۆی پەرەنەسەندنی ئەو چەکە، ئەم چەکانە زۆربەیان زیرەک نین و پێویستە مرۆڤ ئاڕاستەیان بکا، ،بەڵام ئەم بابەتە وەک گۆڤارە ئەمریکیەکە دەڵێ دەبێ بگۆڕێ، وە لە داهاتوودا فڕۆکە درۆنەکان، بڕیاری سەربەخۆ دەدەن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم لێکدراوانە زیرەک نین، بەڵام بەرنامەڕێژێکی ورد کراون کە

توانای خۆگونجاندن و هەڵکردنیان لەگەڵ زۆر بارودۆخی جیاواز پێدراوە.

گۆڤارەکە ئاماژە بۆ ئەوهۆکارانە دەکا کە هەندێ لە سوپاکان بۆ حەز دەکەن ڕۆڵی کوشتاری بدەنە ئامێرەکان، وە دەزگاکان وا لێ بکەن کە بڕیاری ژیان و مردن بدەن؟، یەکێ لەهۆکارەکان ئەوەیە کە فێرکردن و مانۆڕی سەربازەکان لەسەر ئەو ڕۆڵانە خەرجیەکی زۆری دەوێ، وە سەربازەکان پێویستیان بە مۆڵەت و گەڕانەوە ناو خێزانەکانیان و خۆشەویستانیان هەیە لەگەرمەی جەنگەکاندا.

ڕیزبەندی بەهێزترین سوپا لە جیهاندا بە پێی گۆڤاری ناوبراو بەم شێوەیەیە:

سوپای ئەمریکا، پاشان ڕووسیا، پاشان فەڕەنسا، پاشان هندستان، پاشان چین.

پێنج لە پێشکەوتووترین چەکەکانی ئەمریکا لە داهاتوودا:

ئاژانسی «سبوتنيك» پێنج پرۆژەی چەکسازی ئەمریکی پێشکەوتووی نمایش کردن بۆ داهاتوو ئەوانیش ئەمانە بوون:

١- فڕۆکەی ڕێدێری شەبەح

لە مانگی سێبتەمبەر، ئەمریکیەکان نموونەی یەکەمی فڕۆکەیەکی ڕۆکێت هاوێژی ستراتیژیان بە ناوی **Raider ٢١-B** ، دەست پێکرد کە کۆمپانیای نورثروب جرومان، پەرەی پێ دەدا و بڕیارە تا ساڵی ٢٠٢٥بیخاتە بواری بەکارهێنان.

ئەم فڕۆکە ڕووکەشی دەرەوەی وەک ڕووکەشی فڕۆکەی شەبەح **٢-B Spirit** وایە، بنچینەی هەردوو پرۆژەکە هەر دروستکردنی فڕۆکەیەکی شەبەحی خێرایە وەک دەنگ کە بتوانێ بۆمبا لە ناو هەناوی دا هەڵگرێ، مەبەست لە دروستکردنیشی لەناوبردنی بەنهێنی و خێرای ئەو سەکۆیانەیە کە ڕۆکێتی دوژمنیان لێ دەهاوێژرێ، یان تێکشکاندنی دامەزراوە توانا بەرگریە ئاسمانیەکانی دوژمن.

ئەم تێکشکاندنە دەبێتە هۆی ڕووخانی بەرگری دوژمن و فڕۆکەی **٢١-B** وادەکا کە هێزی ئاسمانی بە ئەمینی و بێ ترس ئامانجەکانی دوژمن تێکبشکێنن .

زۆربەی ئەرکەکانی ئەم جۆرە فڕۆکە نهێنین، نیوەی ڕووبەری کوشتار کە ٣٨٠٠ کیلومترە ئەم فڕۆکە بێ ئەوەی پێویستی بە پڕکردنەوەی سوتەمەنی بێ کار دەکا، بەڵام کە سوتەمەنی پێ بدرێ ئەوە نۆ هەزار کیلومتر کار دەکا.

ئەم فڕۆکەیە ١٢،٥ طن لە چەک و تەقەمەنی

هەڵ دەگــــرێ، هێزی ئاسمانی ئەمریكا پێویستی بە ٨٠ تا ١٨٠ لەم فڕۆكانە هەیە .

پەرەسەندنی هێزی ئاسمانی ئەمریكی دڵ خۆشكەر نیە بۆ ئەمریكا، چونكە تاكە چەكی ستراتیژی ئەمریكی كە ڕۆكێتی كرۆزە كە دەتوانرێ هەڵ بگیرێ بۆ ئاسمان ئەم ڕۆكێتە كڵاوەیەكی ناوەكی تەواو هەڵدەگرێ ئەویش ٨٦B-AGM كە لە هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو دروستكراوە بە كڵاوەیەكی جەنگی بەهێزی ٢٠٠ كیلو طن، مـــاوەی فڕینی ٢,٥ هەزار كیلومترە.

ئەمەش زۆر كەمترە لە توانای هێزی ئاسمانی ڕووسی نوێ لەم جۆرە كە X-١٠٢ ی باڵداری ڕووسیە، ئەم چەكە كە ساڵی ٢٠١٣ دەستی بە بەكارهێنان كراوە، ماوەكەی ٣هەزار كیلۆمەترە توانای هێزی كڵاوە جەنگیەكەی لەنێوان ٢٥٠ و ٥٠٠ كیلو طنە.

٢- ژێر دەریایی»كۆڵۆمبیا«ی هێمن.

ئەمە بوو كــــە ترامپ پێی دەگوتن ژێر دەریای سەرنج ڕاكێش، ئەو پرۆژە ژێر دەریاییە ناوەكیە ستراتیژیە پەرە پێدراوەی ناوی كۆڵۆمبیایە، كە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢١ دەست بكرێ بە بنیاتنانی.

دەبـــێ كۆڵۆمـــبیا جێگـــای ژێر دەرییایەكانی ئۆهایۆ بگرێتەوە كە دەبێ لە ساڵی ٢٠٢٧ هەموو ژێردەریاییەكانی ئۆهایۆ لە خزمەت دانەمابن بۆ هەر ساڵێک دەبێ ژێر دەرییایەک دروست بكرێ.

دۆناڵد ترامپ هیچ باسی ئەو ژێردەریاییە نوێیەی نەكرد، بەڵام گوتی هیوادارم پێویستمان بە بەكارهێنانی نەبێ.

درێژایی ژێردەریایی كولومبیا دەگاتە ١٧٠ مەتر، وە تیرەی پەیكەرەكەی ١٣ مەترە ، وە پانی فراوانیەكەی ٢٠٨٠٠ طنە. چەكدار دەكرێ بە ١٦ ڕۆكێـــــتی بالیستي Trident II D5(لە ژێردەریایی ئۆهایۆ-٢٤).

ئەم ژێـــردەریایـــــیە ڕەوڕەوەی دواوەی هاوچەرخی ئاڕاستەكراو لەسەر شێوەی X بۆ دەستەبەردەكرێ، سەرەڕای دابینكردنی ڕەوڕەوەی ئاڕاستەی ئاسۆیی لە ژووری سەركردایەتی لەجیاتی پانكەی پاڵنانی ئاو، وە ڕژێمی پاڵنانی موگناتیسی هەمیشەیی كـــارەبایی تـەواو كەبە موەلیدەی تۆربینی

زۆرێک لە شارەزایان دەڵێن کە جەنگی چەکە ئاساییە تەقلیدیەکان و بۆمبە ئەتۆمیەکان خەریکە دەبێتە بەشێک لە ڕابردوو

دامەزراوەی ناوەکی کاردەکەن، کە وادەکەن ئەم ژێردەرياييە زۆر هێمن تربێ لە ژێردەريای ئۆهايۆ.

نەخشە کێشراوە کـــە ١٢ ژێردەريايـــی دروست بـکرێ، کـە بۆ ٤٢ ساڵ لە خزمەتکـردن دا دەمێـــــننەوە، وە کورەی کارلێکيی وا بەرهەمهێنراوە کە پێويستی بە دووبارە بارگاوی کردنەوە نەبێ لەکاتی ئيشکردندا..

٣- جێگرەوەی فڕۆکەی ئەباچی:

لە سـەرەتای مانـگی ئۆکتۆبەر کۆمپانيای Bell ی ئەمريکی پرۆژەی هەليکۆپتەری جەنـگی جۆری Invict ٣٦٠ Bell، کەبەشداری فڕۆکەی FARAی سەربەبکـــايشي Future Attack Reconnaissance Aircraft. ئوستولی گەورەی جەنگاوەرە کۆنەکانی " AH-٦٤ ی ئەباچی دەگۆڕدرێ بە Invictus کە تا ئێستا تەنيا وێنەی سەر کاغەزە.

ئەم هەليکۆپتەرە وەک پەيکەری فڕۆکەی مەدەنی جۆری Relentles ٥٢٥ Bell کە زۆر خێرايە لە کاتژمێرێکدا٣٠٦ کيلۆ مەتر دەفڕێ.

Invictus دوو باڵـــی هەيەو چەک وتەقەمەنيەکەی لەناو هەناوی هەڵدەگرێ، ئەوەش وادەکا کە ڕادارەکان نەتوانن بە ئاسانی هەستی پێ بکەن.

٤- تانکی سوک:

لە ساڵی ٢٠١٥وە ئەمريکا دەستی بە دروستکردنـــی تانکێکی زرێپۆشی زنجيردار و چەکدار بە ناپاڵم کردووە بە نـــاوی MPF (Mobile Protected Firepower).

مەبەست ئەوەيە کە تانکێکی کێش سوک بۆ هێزەکانی پشکنين، چونکە تانکی ئبرامز گەورەيە و سستە، وە پێويستە تانکەکە سەکۆکەی بچوکتر و جوڵانەوەی ئاسانتر بێ.

لە مانـــــگی سبتمـــبر، کۆمپانيای General Dynamics لـــە چوارچێوەی بەرنامەی MPF – نموونەی يەکەمی لە تانکی کـــێش سـوک Griffin II خستە ڕوو.

کێشی ئەم تانکە ٣٥-٣٨ طنە. چەکدار دەبێ بـــە "Griffin" بە لولەی ١٢٠ ملم دوو لولەی تۆپ هاوێژ، و بەشێوەيەکی نوێ کۆنترۆڵی تەقەکردنی ڕێک دەخرێ.

هاوبڕکێی سەرەکی ئەم تانکەيـ Griffin II بريتيە لە ڕێـکخراوی M8 Armored Gun System لـــە کۆمپانيای BAE Systems ، ئـــەويش نوێکردنەوەيەکی ڕيشەييە بۆ تانـــکی هێرشبەری M8. بڕيارە بەراوردێکـــــی ورد بۆ هەردوو تانکەکە بکرێ لەساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١.

٥- چەکەکانی میکروویف:

لە کــــۆتایی سبتمبر بنتاگۆن گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای، Raytheon Corporation بـۆ بەرهەمهێنانی نموونەی کارۆ موگناتیسی (PHASER) ئەزموونی.

ئەم نمونە ئەزموونیەی «میکروویف جەنگی»، بە ســـەرکەوتوویی لـــــە ٣٣ فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی پێکاوە، بە تێکشکاندنی دووان یان یێ فڕۆکە لە یەک کات دا، پاڵنەری کار و موگناتیسی دەتوانێ توانای ئەلکترۆنی ئەو فڕۆکانە لەناوبەرێ کــــە دەگاتە ٢٥ کیلۆ، بە پێچەوانەی تیشکی لێزەر کە زیاتر پێویستی بە چەخت کردنە سەر ئامانجەکە هەیە.

لەم جـــــۆرە تەکنەلۆژیایە لێدانی کارۆ موگناتیسی بە خێرایی میکرۆ چرکە دەنێردرێ، ئەم بڕەش بەسە بۆ کوژاندنەوە و لەکار خستنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەکە.

هێرشەکانی ١١ی سبتەمبەر بووە پاڵنەر بۆ کردنی ئاڵوگۆڕی زۆر گەورە لە چەکی ئەمریکی، ئەم کردەوانە کلیلی کردنەوەی خێر بوون بۆ کۆمپانیا بچوکەکان، وە پێویستە ڕژێمی هەستیار و ورد پەیڕەو بکرێ بۆ جەنگی پارتیزانی، گرێبەستی چەک کڕین لە دەرەوە کە لە هەردوو سەردەمی بۆش وئۆباما(٢٠٠٠-٢٠١٦) لە١٩٧ ملیار دولار تێپەڕی.

زۆرێک لە شارەزایان دەڵێن کە جەنگی چەکە ئاســــاییە تەقلیدیەکان و بۆمبە ئەتۆمیەکان خەریکە دەبێتە بەشێک لە ڕابردوو، باشەی ئەدی ئەو چەکەی کە بۆ دەست بەسەردا گرتنی جیهان لە داهاتوودا بەکار دەهێنرێ لەلایەن زلهێزەکان چ چەکێکە؟

لەم بارەیەوە لێکۆڵەری فەرەنسی وشارەزای ئاینده جان کریستوف بوني: دەڵێ « ماندیلا لەساڵی ١٩٩٥ نووسی، فێرکردن لە داهاتوودا دەبێتە چەکی بیست و یەک، تا جێی چەکی سەدەی بیست بگرێتەوە کەچەکی کۆکوژ و چەکی ناوەکی بوو...

بەڵام بە بـۆچوونی مـن - بۆنی - دەڵێ: چەکی سەدەی بیست و یەک سیستەمەکانی زیرەکی پیشەیی دەبێ، ئەم سیستەمانە پێویستیان بە یۆڕانیۆم و فابیقەی زەبەلاح و کەرەستە و کانزای دەگمەن نیە، بەڵکو ئەوسیستەمانە تەنیا پێوستیان بە سیلیکۆن وکارەبا هەیە.

وە لـە کاتی قسـەکردن بـــۆ ڕۆژنامەنووسان لـــــە دوای میهرەجانی "Kaspersky Geek Picnic"، کە کۆمپانیای کاسبرسکي لاب ی تایبەتمەند لە ئاسایشی کۆمپیوتەر لەوێ دا گوتی: «ئەم سیستەمانە بەوە لەو چەکە کۆکوژە جیا دەبنەوە کە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی

ناوەکی بە دواداچوونی یورانیوم و بلوتونیوم لە ئێران و کوریای باکوور دەکا، ئەم سیستەمەش سیستەمێکی سەرسام کارە و زۆر زەحمەتە پێشبینی ڕۆڵی لە داهاتوودا بکرێ".

ئەنطون شینغاریف ی جێگری سەرۆکی کۆمپانیـــــای کاسبرسکــــــي لاب دەڵێ :«ئەگەر ئەم جۆرە چەکە ئێستا هەیە بۆ بەکار ناهێنرێ، دەوڵەتانی ناتۆ هێرشە سیبراني ئەلکترۆنییەکان وەک هەر دەستدرێژییەکی ڕاستەوخۆ هەژمار دەکا، وە بە مافی خۆی دەزانێ کە بەرپەرچی ئەو هێرشانەش بداتەوە، هەروەها بەکارهێنانی ئەو جۆرە هێرشە ئەلکترۆنیانە لە ئێستادا هەتککار دەبێ، چونکە دامەزراوە هەواڵگری و ســــــەربازیەکان هەمان تەکنیک و دەزگایان هەیە و دەتوانن هەموو هێرشەکان ئاشکرا بکەن..

لە ڕووسیاش سەرۆکی بەشی زانستی سیاسی وکۆمەڵناسی ئەندریە کوشکین، دەڵێ:

ڕووسیا لە پێش دەوڵەتانی ترەوەیە لە پەرەدان بە چەکی نوێ، زۆر ڕوونە کە ڕۆکێتەکانی «ئافانگارد» و»کینجال» کە لە دەنگیش خێراترن، و شەپۆلی لێزەری «بریسفیت»ی ئەزموونی دەیسەلمێنن ئەگەر دەوڵەتان پەرە بە چەکەکانیان بدەن ئەوە ڕووسیا لە ڕیزی هەرە پێشەوەیانە .

دۆسیەی چەکەکانی ئاینده:

- گولـــــە فیشەکەکانی میکــــــرووویف وچەپکەی پلازما و بروسکەی زانستی

لە هەواڵەکانی داهاتوودا بەم شێوە دەنووسرێ:

فڕۆکە جەنگیەکان وەڵامی هێرشەکانیان دایەوە و چوارهێرشی ئەلکترۆنیان کرد و بیست گولەی مایکروویف و بیست چەپکەی پلازما و سێ شەپۆلی وزەی ئاڕاستەکراویان بەکارهێنا. ئەمەش بووە هۆی لە کارکەوتنی تۆڕەکانی تەلەفون و ئەنتەرنێت و پێنج هەزار ئۆتۆمبێل بزوێنەرەکەیان لەکارکەوت و بەمەش قەرەباڵغی لەسەر شەقامەکان دروست بوو..

ئێستا تاقیگەکان لە هەوڵی بەرهەمهێنانی ئەوجۆرە چەکانەن..چەکێک لەباتی باروت وزە بەکاردێنێ.

- **هەورەبروسکەی زانستی:**

لە یەکەم هێرشی ناتۆ لە ساڵی ١٩٩٩بۆ ســـــەر یوغسلافیا بنتاگۆن چەکێکی نوێی بەکار هێنا بۆ لێخستنی سلوبودان میلوسیفیتش.

ئەم چەکە نەڕۆکێت بوو نە ناپاڵم، بەڵکو بروسکەیەکی کارەبایی بـــوو هەرچی دەزگای ئەلکترۆنی بوو ئیفلیجــی کرد، یەکەکانی سوپا پەیوەندیان ڕاوەستا و لێکهەڵوەشان، کۆمپیوتەری سوپا لەکار کەوت، هەموو پەیوەندیەکان پچڕان .

کۆمپیوتـــەری هێزی ئاسمانی لەکار کەوت کە ئەو فڕۆکەکانی ناتۆی دەکردنە ئامانج.

پاشـــان ناتۆ بۆمبێکی ئەلکترۆنی بەناوی CBU٩، بەکارهێنا کە بەو بۆمبە ئەلکترۆنیە هەموو کارەبای یۆگسلافیای لەکارخست و بەلگرادی خستە تاریکی، ئەم بۆمبە ئەلکترۆنیە فڕۆکەیەکی جۆری F١١٧ ناسراو بە شەبەح بە پێنج وێستگەی کارەبایی دادا و هەموو کارەبای ڕاوەستاند و وێستگەکان سوتان.

لەناو بۆمبی (CBU٩٤) چەند بۆمبێکی ترهەیە، هـــەر یەکەیان پەرەشوتێکی بچوکی پێوەیە، ئەمانە کانزای قورقوشمی کاربۆنییان تێدایە کە لە زەوی نزیک دەبێتەوە و چەند تۆڕێکی ئەلکترۆنی دروست دەکا و کارلێک لەگەڵ زەوی دەکا و هەورە بروسکە دروست دەکا و کارەبای وێستگەکە لە کاردەکەوێ وگڕ دەگرێ و پەیوەندیە تەلەفونیەکانیش ئیفلیج دەبن و لەکار دەکەون..

هەرچـەندە مەبەستی سەرەکی لەکارکەوتنی تۆڕی پەیوەندی سوپا و بەرگری ئاسمانـــــی و دەریایی بوو بەڵام کەرتی مەدەنیش زیانی پێ گەیشت و پەیوەندی و کارەبا لەکار کەوتن، ئەمە تەزووی مایکروویفی نوێی ئاڕاستەکراوە و توانایەکی باڵای هەیە HPM (High Power Microwave Weapons لە گرنگترین چــــەکەکانی جەنگی بواری ئەلکترۆنیە..

دەتوانـــرێ ئەم چەکە بەکاربهێنرێ بۆ تێکشکاندن و بڕینی ئەو ئامانجانەی زۆر پتەون و بـــەزاندنیان سەختە، هەروەها بۆ پەکخستنی ڕادارەکان و بەرگری هێزی ئاسمانی و دەزگاکانی پەیوەندی و کۆمپیوتەرەکانی لەناو ئەم دەزگایانە و لە چوار چێوەیان بەکار دەهێنرێ بۆ ڕێکخستن و ئاڕاستەکردن و کۆنترۆڵ لە ناو سوپا و پاراستن و تۆمار و ئەرشیفی پێزانینەکان.هەروەها بۆ لەناو بردنی کۆگاکانی هەڵگرتن و بەرهەمهێنانی مادەو کانزا و کەرەستە کیمیاییەکان.

ئەم چەکە شەپۆلێکی بەهێز لە ووزە دروست دەکـا و بەوەش دەزگا ئەلکترۆنی و هاردی کۆمپیوتەرەکان لە ناو دەبا و زۆریش وردە لە پێکانی ئامانجەکان دا.

ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (نیوساینتست) بەریتانی دەڵێ: چەکی HPM کەلە ناو تەرسانەی سوپای ئەمریکایە ئامادەیە لەسەرشێوەی بۆمب کە تەنیا بۆ یەک جار بەکار دێ، بە هۆی ڕۆکێتی کرۆز یان فرۆکەی نەفاسە و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەگوازرێتەوە بەڵام بۆ داهاتوو هەوڵ دەدرێ کە دووبارە دروست بکرێتەوە.

لە ئیسکلۆپیدیای Webopedia دا هاتووە کە شەپۆلەکانی مایکروویف شەپۆلی تیشکین و بە ڕەوتێکی کارەبایی دا ڕەت دەبن بە مادەیەکی گەیەنەرکە درێژی شەپۆلەکەی میکۆمەترێک بێ، ئەمە تیشکێکی کارۆ موگناتیسی بێ ئازارە، شەپۆلە کورتەکانی بەخێرایی تیشکدەجولێن، دووبوارهەیە کە شەپۆلەکانی مایکروویفی ووزەی باڵا ی HPM تێدا بەکار دێ، یەکەمیان بەرنامێکە لە ١٩٥٠ وە دۆزراوەتەوە کاتێ گڵۆپی شەقامەکان بەهۆی لێدانەکانی کارۆموگناتیسی تاقیکردنەوە ناوەکیەکان لە کارکەوتن. کە ناویان ناوە بەرهەمهێنانی هەڵدەری فوارە کەر.

بۆ بەرهەمهێنانی ئەو بیرۆکە کۆمەڵێکی بارگەکراوی خەست کەرەوە وزەیەکی زۆر بەردێنێ بە لولەیەکی پێکهاتوو لە مس کە کەرەستەی تەقینەوەی تێدا بێ، لێکدانی ئەم بۆریە مسە و پێچەرە دوای تەقینەوە چەند بازنەیەکی کارەبایی کورت بەرهەم دێنێ کە کایەی موگناتیسی تێک دەشکێنێ، وە تۆڕەکانی کارەبا پەک دەخا، ئەم چەکە بە ڕۆکێتی کرۆزیش دەتوانرێ بهاوێژرێ.

بەڵام بەکارهێنانی دووەم ئاڵۆزترە و نەوەیەکی نوێتر لە خەست کەرەوەکان بەکار دێنێ، کە وزە چڕ دەکاتەوە لە ڕێی بەتاڵکردنەوەی لە سەرشێوەی کەوانێک کە ڕاستەوخۆ لە پێش ڕۆکێتێکە.

چەکـــــی مایکروویف دەتوانرێ وەک چەکێکی سپی و نەکوژ بەکار بێ کە دەتوانێ بۆ ماوەیەک مرۆڤ ئیفلیج بکا کە ئەمەش بۆ دامرکانەوەی خۆپیشاندان و لێککردنەوەی خەڵکی بەشەڕ هاتوو و ڕووبەڕوو بوونەوەی یاخی بوونی تێکدەرانە و توندوتیژی شارەکان بەکار بهێنرێ...

- **تیشکی ئازاردەر:**

ڕاپۆرتەکان باس لە تیشکێک دەکەن بەناوی تیشکی ئازار یان تیشکی دژە تاکە کەس و دەزگایەکی تر بە ناوی زاڵکەری وزە کە پنتاگۆن بەرهەمیان دێنێ بۆ زاڵبوون بەسەر خۆپیشاندانەکان و بڵاوە پێکردنیان، هەروەها زاڵبوون بەسەر هێرشی لەشکری بەو تیشکە ئازاردەرە. ئەم تیشکە ئاوی پێستی دەرەوە گەرم دەکا و بەکوڵی دێنێ و کەسەکە دەسوتێنێ و هیچ جلێکی ئاسایی ڕێ لە ئازاری ئەو تیشکە ناگرێ. ئەم چەکە ئازار و سوتانەکەی کەمە و تەنیا بۆ بڵاوە پێکردنە.

شەپۆلە بەهێزەکانی مایکروویف دەبنە هۆی پەککەوتنی دینەمۆی ئۆتۆمبیلەکان و دەزگای مایکروویفی ٣ تا ٤ میگا دەتوانێ دینەمۆی

تانک و هلیکوبتر و فڕۆکەش لە دووری دوو کم پەک بخا.

دەکرێ ئەم چەکە لە ژێر زەویەوە بەکار بهێنرێ بۆ پەکخستنی هێرشی ئاسمانی، یان بۆ بڕینی تەزووی کارەبا و هەواگۆڕکێ و پەیوەندیەکانی هەر شوێنێکی زۆر پتەو و یاخی بوو.

ئێستا سوپای ئەمریکا مایکروویفی ١,٢ ملیون واتی هەیە، کە دەتوانێ دەیان ملیۆن ئەمپیر بەرهەم بێنێ و دەزگا ئەلکترۆنی و دەزگاکانی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵ و پەیوەندیەکان پەک بخا.

کەم وکوڕی ئەو چەکانە ئەوەیە کە ڕووبەری کارابوونیان کەمە و تەنیا بۆ ئەو ئامانجانەی ١٠٠٠ پێ لێیان دوورن بەکارن، بۆیە شارەزایان بۆ ئاستی درێژخایەن پشت بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەبەستن..

- پلازما..چەکی ئایندە..

ڕاپۆرتی شارەزاکان باس لە ملیارەها دۆلار دەکا کە ئەمریکا خەرجی دەکا بۆ پەرەدان بە چەکی پێشکەوتووی وشکانی و دەریایی و ژێردەریایی و ئاسمانی و بۆشایی کە پشت بە وزەی ئاڕاستەکراو و لێزەر و پلازما دەبەستێ، پلازماکە نوێترینیانە قەبارەی تیشکی هەیە، لەبۆشایی وەک هەورەبروسکە دەڕوا، هەرچەندە لە شەپۆلەکانی لیزر و مایکروویف، سستترە بەڵام زیانەکانی و کایگەری لەوان زۆرترە بۆیە ئەمریکا دەیەوێ لەو بوارە لەپێش دەوڵەتانی ترەوە بێ.

بەشی چوارەمی دۆسیەی چەکی ئایندە:

بە باسی چوار جۆرچەک دەست پێ دەکا کە ئەمانەن:

١- زنجیرەیەک گۆڕانکاری تەکنەلۆژی سەربازیە بەشێوەیەک لێک دەرێ کە گۆڕانێک لە پێکهاتەی مادە دروست بکا، هاوسەنگی و هێواشیەکەی تێکبدا، تایبەتمەندیە کیمیایی و فیزیاییەکانی بگۆڕێ، دەزگاکانی ڕادار و بەرگری زەمینی و ئاسمانی و پەیوەندی و کارەبا پەک بخا.

٢- تێکدانی ئەندامێک یان کارلێکێک لە جەستەی دوژمن، وای لێ دەکا هاوسەنگی تێک بچێ و نەتوانێ بەرگری بکا، یان مەعنەویات و وورەی بڕوخێ، لێدانی دڵی کەم و زیاد بێ، سوڕی خوێنی تێک چێ، بینینی بشێوێ، دەنگی بێزارکەری گوێ لێبێ، سوپاکەی ب ۆماوەیەکی باش بخەوێنرێن، هەڵخەڵەتاندنی بینراو، پێشاندانی پەیکەری سێ دووری هەندێ دڕندە و کەشتیگەل و پۆلی فڕوکە و دەفری

فڕیو و پیشاندانی خۆرێکی سوور لە شەودا و مانگی چواردا لە ڕۆژدا و وروژاندنی زریان و گەردەلول و هەر کارەساتێک کە بارودۆخی دوژمن بشێوێنێ و بەرگریان پەک بخا.

٣- چەکی سایکوترونی وەک ئەوانی پێش خۆیەتی.

٤- چەکی نەکــــوژە و تەکنەلۆژی دژی هێزی کێش کردنە، ئەمە هەوڵ دەدا دیاردە و کاریگەری هێزی کێشکرنی زەوی و کاریگەری ئەسیری گەردوونی لەسەر کەسەکە کەم کاتەوە، وە چەندەش ئەمانەی کەمکردەوە کاریگەری ئەوکەس و دەزگایەی ئەم کارە دەکا لەسەرئەو کەسە زیاد دەبێ و ئاشنایی و گوێ ڕایەڵی کەسەکە لە کاریگەریە شوێنەواری و گەردونیەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو کەس و دەزگایە.

ناونانی ئەم جۆرە تەکنەلۆژیە بە نەکوژەر بۆ چاوبەستەکی و چەواشە کردنی خەڵکە.

- **دڕندەیی زانستی:**

توێژینەوە زانستیە نهێنیەکان هەوڵ دەدەن پەرە بە چەکە سایکوترونیەکان بدەن بە پشت بەستن بەم بوارانە:

- فیزیاء - بایو فیزیا - بایو کیمیاء - بایۆلۆژیا - پزیشکی - بۆشایی دەرەوە.

ئەوبوارانەی وەک لق لەو بوارە سەرەکیانە دەبنەوە ئەمانەن:

أ - پەرەپێدانی هۆکارەکانی تەکنەلۆژی بۆ ئاڕاستەکردن و کــــۆنترۆڵکردنی بیرکرکردنەوەی مرۆڤــایەتی لە دوورەوە.

ب - چاککردنی تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵکردن بە هەڵسوکـەوت و ئەنزیمەکانی ناو لاشەی مرۆڤ لە دوورەوە بەهاوکاری چەند دەزگایەک کە کار دەکەن بەناردنی شەپۆلی کارۆموگناتیی و موگناتیی وشەپۆلی دەنگی.

ج - وەبەرهێنــــــانی توانای "جوڵاندن لە دوورەوە" کـە لەناو ناخــی مرۆڤ شاراوەتەوە، لەگەڵ مـل کەچی بۆ کردارەکانی چالاککردن و کارلێک، لەسەر ڕێکخراوێکی تەکنیکی دیاریکراو وەک پەکخستنی ئەلکترۆنی بە نموونە...

د - گەشە پێکردنی چەند دەزگایەکی دیاریکراو بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوت لە دوورەوە بەڵام دوای چاندنی چەند دەزگایەکی ئەلکترۆنی لە ناو مێشکیان یان لاشەیان.

هـ - کـۆنترۆڵکردنی هەڵسوکــــەوتی مرۆڤ بەهــۆی بەکارهێنانی حەب وداو دەرمانی کیمایی، وەک ڕاهێنانی لاشە لەگەڵ دەرمانێکی دیاریکراو تا ڕادێ لەسەری پاشان لێ بڕینی ئەو

دەرمانە و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی لە دوورەوە بە دەزگاکانی لە دوورەوە سایکوترونیی بۆ هەموارکردنی لاشەی مرۆڤ بە پێی ئارەزوو و خواستی ئەو دەزگایە ئاڕاستەکارە.

و ـ چاککردنی تەکنەلۆژیای گواستنەوە بە مەودادا، کە دەتوانرێ هەر شتێکی ئەندامی یان مادی یان کیمیایی لەو لاشەدا بچێنرێ لە دوورەوە، بێ ئەوەی کەسەکە هەستی پێ بکا.

ز ـ کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ لە دوورەوە بەهۆی بەکارهێنانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و مۆبایل.

حـ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای دروستکردنی ڕۆبۆت و مرۆڤی ئامێری زیندوو. **bio-robot**.

ط ـ چاککردنی تەکنەلۆژیای تایبەت بە سڕینەوەی زانین لە مێشک ومێشک شۆردنەوە.

ي ـ کاریگەری لاشەیی و ئۆرگانی لە دوورەوە لەسەر کەسی زیندوو بە بەکارهێنانی شەپۆلەکانی کارۆموگناتیسی و موگناتیسی و دەنگی.

ك ـ کاریگەری لە دوورەوە لەسەر کەش وهەوا و دەوروبەر و ڕەوتی گەشەی مرۆڤ و ئاژەڵەکان، ئەم بوارە ئەم بەشانەی خوارەوەی لێ دەبێتەوە:

١ـ بایەخە جیوسیاسیەکان: گەشە پێدانی کۆنترۆڵ لەدوورەوە، تایبەت بە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بۆ دروستکردنی چەند ناوچەیەکی جیوسیاسیی گەرم و زیادکردنی توندوتیژی و هێمنی بە پێی پێویستی بازاڕ و هەڵسەنگاندنی بە ئامار بۆ شوێنەوار و لێکەوتەکانی لە ئێستا و دواڕۆژدا.

٢ـ بایەخە بایۆلۆژیەکان: کاریگەری لەدوورەوە لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤ بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی گوێ ڕایەڵ و دۆست و دەستەمۆ بۆ حکومەت و ڕژێمە سیاسیەکەی.

٣ـ بایەخە سەربازیەکان: بەڕێوەبردنی هەڵسەنگاندنێکی ئاماری بۆ لێکەوتەکانی کاریگەری ڕووخێنەری چەکە سایکوترونیەکان لەکاتی بەکارهێنانیدا دژ بە حکومەتە دوژمنەکان و کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی تەکنیکی و سەربازی و مەدەنی لەدەوڵەتی دوژمندا.

هەروا توێژینەوەی بەراورد لەنێوان چەکی سایکوترونی و چەکەکانی تر لە ئەلکترۆنی و ئاسایی و ئەم بەراوردانە هەموو بە ڕێکەوتن لەگەڵ یەکە سەربازیەکان بکرێن.

٤ـ بایەخە ئاسایشیەکان (سەپاندنی قانون): بەڕێوەبردن وکۆنترۆڵکردنی دەستە و تاکە تاوانبارەکان، چالاکیەکانی لێکۆڵینەوە و ئۆپراسیۆن و هەڵکوتانە سەر و بەدواداچوون و گەمارۆدان، سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان و ناڕەزاییەکان و ڕێکخستنی هەموو دەزگا ئەمنیەکان لەم کارانەدا..

٥ـ بایەخە پزیشکیەکان/بایۆلۆژیەکان: چارەسەری تەکنەلۆژی نوێ بۆ نەخۆشیەکان بە بەکارهێنانی دەزگاکانی سایکوترونیی و داودەرمانی دیاریکراو، کۆنترۆڵکردنی لە دوورەوە بە بارودۆخی تەندروستی بۆ کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان، کۆنترۆڵکردنی لە دوورەوە بۆ کەسانی نەخۆش و لاڕێ بوو و نەخۆشە عەقڵی و دەروونیەکان، یاریکردن بە کرۆمۆسۆمەکان و تاکەکان و دەروونەکان و لاشەکان لە دوورەوە ..

٦ـ بایەخە بۆشاییەکان: گواستنەوەی دەزگا و چەکە سایکوترونیەکان بۆ بۆشایی دەرەوە بە مەبەستی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگای مرۆڤ و کۆنترۆڵکردنی ئەوانەی لە بۆشایی کار دەکەن..

٧ ـ بایەخەکانی توێژینەوەی زانستی: پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای چەکی سایکوترونی و دەزگا سایکوترونیەکان، توێژینەوە لە کارلێکەکانیان لەگەڵ دەوروبەر و ناوەندە دەرمانسازیەکان..

٨ ـ بایەخە پەیوەندیدارەکان بە پیشەی کشتوکاڵی: کۆنترۆڵکردنی لە دوورەوە بۆ چالاکیە کیشاوەرزیەکان، بە پەیوەندی و پێکگەیشتن لە نێو شارەکان..

٩ـ بایەخە کشتوکاڵیەکان: زیادکردنی دەرهاویشتەی بەرهەمەکان، بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی کێڵگەی پەلەوەری و ئاژەڵداری..

١٠ ـ بایەخە بایۆلۆژیەکان: گەڕان لە کانزا بەسوودەکان و دیاریکردنی شوێنەکانیان لە مەودای دوورەوە...

١١ ـ بایەخەکانی پەیوەندیدار بە کەش و هەوا: کۆنترۆڵکردنی لە دوورەوە بە بارودۆخەکانی کەش وهەوا و کارەساتە سروشتیەکان..

بەشی یازدەهەم لە دۆسیەی چەکی ئایندە:

مرۆڤایەتی لە دوو هێڵی تەریب دەڕۆن:

١- چاوبرسیەکان بۆ چەکی کۆکوژ بۆ لەناوبردنی گۆی زەوی و مرۆڤایەتی.

٢- بەردەوام بوونی پێشکەوتنی زانستی بەرەو ئاسۆی داهاتوویەکی سەرسامکار لەهەموو

بوارەکانی سەربازی و مەدەنی لەهەمان کات دا، پێشکەوتنی زانستی ئاسۆی نوێی تەکنەلۆژی وادەکاتەوە کە بە خەیاڵی کەسدا نەهاتووە، لەناویشیانا ئایندەی تێگەیشتن لە نهێنیەکانی گەردوون و پێکهاتە دیارو شاراوەکانی، بەتایبەتیش نهێنیەکانی مادده و وزە لە بوونەوەری بینراودا کە پێمان وایە ئێمە دەیناسین چونکە لە باوەشیدا دەژین..

پڕۆژەی بەریەککەوتنی پشکەکانی ئەم زەبەلاحە وێنەیەکی ڕاستەقینەیە، ئێمە کۆکین کە زانیاریمان لەم دوو بوارە کەڵەکەبووە و خێراش گەشە دەکا بەهۆی پەرەسەندنی بەریەککەوتنی پشکەکانی زەبەلاحەکە وپەلەییان، لەسەروو هەمووشیان تەنۆلکەی خێرای بەریەککەوتوو LHC کە سەر بە مەڵبەندی توێژینەوەی ئەوڕوپی سیرن CERN کە دەکەوێتە سەرسنوری نێوان فەڕەنسا و سویسڕا.

ئێستا دەتوانین زۆرێک لەکانزاکان بە

سەرەڕای وردی ئەم تیۆریە بەڵام تا ئێستا بزربوونی دژە مادده لەم بوونەوەرە بینراوە مەتەڵە و نهێنیەکی نەزانراوە

ووردی بناسین، ئەگەر ئاڵۆزیش بن، کە ئەم گەردوونە بینراوە سیخناخە لێیان، سەرەڕای ئەمەش تا ئێستاش چەندان پرسی بێ وەڵام هەیە.

لە ساڵی ١٩٢٨، کە لەو ساڵەدا زانایەکی بەریتانی تیۆری بەڵگەی بوونی دژە ماددەی پێشکەش بە جیهان کرد..

ئەم دژە مادده زانایانی سەرسام کردووە و تا ئێستاش لەنێوان باوەڕکار بە بوونی و نکوڵیکەران لە بوونیدا بە بوون.

یەکێک لە بابەتە یاخیەکان لە زانایان سەلماندنی بوونی دژە مادده و چۆنێتی دەستخستنی بووە لە تاقیگە، ئەمە سەدەیەکە زانست لەبەردەم ئەم ئاستەنگەدا ماوە.

بە پێی تیۆری تەقینەوەی Big Bang دەبێ ئەم بوونەوەرە بینراوە مادده و دژە ماددەی تێدابێ، ئەم دژە مادده دەبێ هاوسەنگ وهێندەی مادده بێ لەم بوونەوەرە بینراوە، لەڕاستیدا مادده بڕێکی زۆر کەمە و بە هەموو دۆخەکانی شلی و ڕەقی وغازی و بڵێسەی پلازمایی ٤٪ی بوونەوەری بینراو دادەگرێ و٩٦٪ی گەردوونی بینراو بە ماددەی نەناسراو یان عەتەمە گیراوە کە لەمەوپێش وادەزانرا ئەم پانتاییە بۆشە بەڵام لە ڕاستیدا خاڵی و

بەتاڵ نیە، بەڵام مرۆڤ ئەو نەناسراوە ناناسێ، کەنەشی ناسێ دەڵێ نیە.

بەڵام دژە مادده ناتوانرێ چاودێری بکرێ و ڕێژەبەند بکرێ، لە ساڵی١٩٥٦زانای فیزیای ئەمریکی (موریس غولدهابیر)تیۆری ئەوەی دانا کە دژە ماددەش لەگەڵ مادده و هاوتەریبی مادده فڕێ دراوەتە ناو بوونەوەری نەبینراو، هەر بۆیە لەم بوونەوەرە بینراوەدا بوونی زۆر ناوازە و دەگمەنە. کەواتە ئەم زانایە باوەڕی بە بوونی بوونەوەرێکی نەبینراو هەیە وەک ئەوبوونەوەرەی ئێمە کە دژە ماددەی تێدایە.

بەڵام تیۆرێکی تر گوتی کە دژە مادده بڕەکەی تۆزێک لە مادده کەمتربوو بۆیە ئەو بەتەقینەوەی گەورە لەناوچوو، بەڵام مادده لەو زیاتر بوو بۆیە ئەم بڕە کەمەی مایەوە، کەواتە ئەم تیۆریەش تەقینەوەی گەورە بەسەرەتای دروست بوونی مادده و وزە دادەنێ و پێی وایە کە مادده ودژە مادده پێش تەقینەوەکە لە دوای تەقینەوەکە زۆرتر بوون. بەڵام ئەم دوو تیۆر و گریمانەیە لە ڕووی زانستی هیچیان نەسەلمێنراون.

ئەوەی ساغ بۆتەوە بە زانستی ئەوەیە کە لە کاتێک لە کاتەکان و شوێنێک لە شوێنەکان دژە مادده بوونی هەیە و دەگونجێ کە لە مادده زیاتر بتوانرێ وزەی لێ وەربگیرێ .

لە ساڵی ٢٠١٠ هەواڵێک بڵاوبۆوە کە زانایان لە ئاژانسی خێرا کاری بەریەک کەوتنی تەنۆلکەکان لەسیرن ی بنکەی بۆشایی ئـــەوروپی توانیویانە دەبیست گەردیلەی دژە هایدرۆجین تێبینی بکەن کە ئەم گەردیلانە تەنیا توانیان دەیەکی چرکەیەک بژین، ئەم ماوەش بەسە کە زانایان بتوانن لێکۆڵینەوە لەسەر دژە مادده بکەن لە دژە هایدرۆجینەوە، وادەردەکەوێ کە دژە مادده لە دوای تەقینەوەی گەورە نەماوە و لەناوچووە، کەواتە پێش تەقینەوەی گەورە دژە مادده هەبووە و مادده ناوازە و دەگمەن بووە و لە حوکمی نەبوو بوو، دوای تەقینەوەکە هاوکێشەکە لە نێوان مادده و دژە مادده پێچەوانە بۆوە.

دۆزینـەوە و پەیبردن بە دژە مادده دەگەڕێتەوە بۆ زانا بول دیريك.

بەڵام کـە تەقینەوەی گەورە لە دەرەنجامی بەیەکگەیشتن و بەرامبەر بە یەک ڕاوەستانی توندوتیژ لە نێوان مادده و دژە مادده، کە بە گریمان دانراوە کە دەبێ یەکێکیان ئەوی تریان لەناوبەرێ، ئەی چۆن ئێستا زانایان توانیان دژە مادده لەتاقیگە دەست بخەن؟ ئایا ئەو تاقیکردنەوەی سێرن تیۆریە فیزیاییەکانی تر پاشەکشە پێ ناکا بۆ گەردوونی بینراو؟ ئایا سەرکەوتنی ئەم تاقیکردنەوە و گشتگیرکردنی

دەرەنجامی چەسپاندنی زانستی نوێ بەدی دێنێ بۆ کۆگا کردنی و بەرەو بەکارهێنانی سەربازی بۆ وزەی کۆگاکراوی دژە مادده؟؟

هەموو شتێک لە بوونەوەری بینراو پێکهاتووە لە گەردیلەکان، گەردیلەش پێکهاتووە لە تەنۆلکەی سالب کە پێیان دەگوترێ ئەلکترۆن و لە دەورەی ناوکی گەردیلە دەخولێنەوە کە هەڵگری بارگەی موجەبە، بەڵام بوونەوەر هەمیشە بەو شێوە نەبووە، چونکە فیزیای هاوچەرخ باسی دژە ماددەی پێکهاتوو لە پێچەوانەی مادده دەکا، ڕێسا بیرکاریەکان باسی ئەو ڕاستیە فیزیاییە دەکەن، ئەم دژە مادەش هەروەک مادەیە و لە بارگەدا دژیەتی، کەواتە دژە مادده وێنەی ماددەیە لە ئاوێنەی بەرامبەردا، کە لە وێنەی ئاوێنەدا لای ڕاست لای چەپتە و لای چەپت لای ڕاستتە، دژە ماددەش پێچەوانەی ماددەیە لە ئاڕاستەدا و لەبارگەدا.

واتە دژە مادده پێکهاتووە لە دژە ئەلکترۆنە موجەبەکان کە پێیان دەگوترێ پۆسترۆنەکان و دژە ناوک کە پرۆتۆنی سالبە.

ئێستا زانایان دەتوانن ئەم تەنۆلکە دژە ماددانە لە تاقیگە و خێراکەرەکان بەرهەم بێنن، بە ووزەیەکی زۆر باڵا بەڵام ئێمە هیچ تەنۆلکەیەکی دژە مادده و دژە جیهان و دژە بینراومان تێبینی نەکردووە کە پێچەوانە و دژی ئەم جیهانە ماددییە بێ لەم گەردوونە بینراوەدا کە لە دژە مادده دروست کرابێ، واتە ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ و هەسارەکانی لە دژە مادده پێکهاتبن، و هاوشێوەی ئەم بونەوەرە بینراوە بێ تەنیا بارگەکانی پێچەوانە بن و ئاڕاستەیان پێچەوانە بێ.

بەڵام ئەوە واتای ئەوە نیە کە ئەم دژەگەردوونە و دژە بوونەوەرە بوونی نیە، بەڵکو تەنیا ئەو جیهان و بوونەوەرە تائێستا نەدۆزراوەتەوە.

زاناکان توانیویانە چەند تەنۆلکەی بێ لایەن لە خێراگە زەبەلاحەکان بەردەست بخەن، ئەم تەنۆلکانە بە تایبەتمەندی لاسەنگی گۆڕانی عەشوائی لە تەنۆلکەی ماددییەوە بۆ تەنۆلکەی دژە مادده .

لە هەر گۆڕانێکدا کە ووزە دەگۆڕێ بۆمادده چەند بڕێکی یەکسان لەتەنۆلکە ماددی و دژە ماددییەکان پەیدا دەبن، وە لە دیاردەی پێچەوانەش هەرکاتێک تەنۆلکەی مادده و دژە مادده بەیەک دەگەن، یەکتر تێک دەشکێنن و لە دەرەنجامی ئەم بەریەککەوتنەی مادده و دژە مادده تیشکی **la lumière** لە دایک

دەبێ، بەڵام دژە مادده کاتێک لە دایک دەبێ کاتێ تیشکە گەردوونیەکان ی les rayons cosmiques لە بەرگە هەوای زەوی دەدەن، دیمەنی نەرێکردنی مادده و دژە مادده بینراوە کاتێ لە خێراگازە زەبەلاحەکان تاقیکردنەوەی بەریەککەوتن کراوە، هەروەک دەزانین کە نموونەی پێوانەیـــی modèle standard بۆ فیزیای تەنۆلکەکان تیۆریەکە کە کارلێکە ناوەکیە بەهێزەکـــان و لاوازەکـــان و کارۆموگناتیسیەکـــان و هـــەموو تەنۆلکە سەرەتاییەکان کە ماددەیان لێ پێک دێ، کە ئەم تیۆریە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دارێژراوە و ڕێک دەکەوێ لە گەڵ تیۆری چەندێتی میکانیکی و کوانتا و لەگەڵ تیۆری ڕێژەیی ئەنیشتاین .

سەرەڕای وردی ئەم تیۆریە بەڵام تا ئێستا بزربوونی دژە مادده لەم بوونەوەرە بینراوە مەتەڵە و نهێنیەکی نەزانراوە و تیۆری پێوانەیی فیزیای تەنۆلکەکان وەسفی وەک یەکـــیەک لە symétrie هەڵسوکەوت دەکـــا کە خەریکە لەسەداسەد وەک یەکە لە نێوان مادده و دژە مادده بە پێی هاوکێشە بیرکاریەکان..

ژێدەرەکان:

* ماڵپەڕی «الشرق الأوسط أونلاين»

* Nation News.

* ماڵپەڕی نوفوستي

* ماڵپەڕی میتافیزیک زنجیرە وتاری دۆسیەی چەکەکانی ئایندە - ملف اسلحة المستقبل - زنجیرەکانی یەکەم و چوارەم و یازدەهەم.

پڕۆفایل:

* محمد عزیز علی رسول لۆتەری،

* لەدایکبووی: ۱-۷-۱۹۷٤ گـونـدی لۆتەر/ ناوچەی بنگرد/ قەزای ڕانیە/ پارێزگای سلێمانی.

* دبلۆم لـــە پەیمانگـای مەڵبەندی مامۆستایـــانی هەولێر/ بەشی زمانی ئینگلیزی/ ۱۹۹۲-۱۹۹۳.

* بەکالۆریۆس لـــە زانکۆی دهۆک/ کۆلێژی شەریعـــە و خوێندنـــی ئیسـلامی/ بـــەشی شەریعە/۱۹۹۷-۱۹۹۸.

* هەوڵـــدان بـــۆ خوێندنی ماستـەر لە پەیمانگای باڵای دادگـــەری ســـەر بە زانکـــۆی محمد سعود لـــە ریـــازی پایتەختی شانشینی سعودی لە ساڵانی ۲۰۰٤-۲۰۰۷ بەڵام لەبـــەر چـــەنـد هۆیەکی تایبەت تەواوی نەکردووە.

* ئێستا لـــە ڕانیە دادەنیشێت.

بابەتی گشتی

پەروەردەی ئیسلامی و شوناسی گەلێك

د. هادی عەلی

هۆکار و پاڵنەری ڕەخنەگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر هەندێ سیاسەت و بڕیاری لایەنەکانی دەسەڵات، تەنها ئەوە نیە وەك لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن و نارازی نیگەرانی و ڕەخنەکانمان ئاراستە بکەین بە مەبەستی لاوازکردنی پێگەی سیاسی و جەماوەری لایەنی دەسەڵات و جۆشدانی ڕای گشتی لەبەرژەوەندی سیاسەت و هەڵوێستی خۆمان وەك لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن. ئەگەرچی ئەوە بۆخۆی مافێکی سیاسی و ڕەوایە لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدا بۆ هەر هێزێکی ئۆپۆزسیۆن. بەڵکوهۆکار و پاڵنەری ڕاستەقینەی ڕەخنە و ناڕەزایەتیەکانمان بە پلەی یەکەم بۆ ئەوەیە کە لایەنی دەسەڵات هەڵوەستە بکات و خۆی بە دوور بگرێت لەبڕیار و سیاسەتی چەوت و نادروست و هەوڵبدات باشتر خزمەتی خەڵك و وڵات بکات.

هەروەك ڕەخنە و ناڕەزایەتیەکانمان بۆ ئەوەیە کە هەندێ لەبڕیار و سیاسەتە نادروستەکانی دەسەڵات، کاریگەری سەلبی و دژواری دەبێت لەسەر ئایندەی گەلەکەمان و ئەزموونە سیاسیەکەی لەم بەشەی کوردستاندا کە بەرهەمی خوێن و خەباتی دەیان ساڵەی ئەم بەشەیە لەکوردستان، ئومێدیش وابوو کە هیوا و ئیلهام بەخشی بەشەکانی تری نیشتیمانە دابەشکراوەکەمان بێت، بەڵام بەداخەوە ئێستا بەهۆی شکست و سیاسەتە نادروستەکانی لایەنەکانی دەسەڵاتەوە تاڕادەیەکی زۆر ئەو ئومێد و هیوایە خەریکە پێچەوانە دەبێتەوە.

پارێزگاریکردن لەشوناس و ناسنامەی ئاینی و مێژوویی خەڵکی کوردستان، یەکێکە لەپایە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و هەوێنی سەقامگیری سیاسی و ئاشتەوایی کۆمەڵگەی کوردستانیە

ئاشکرایە کارکردن بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە یاساییەکانی سیستمی حوکمڕانی و قوڵکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری و خۆشگوزەرانی بۆ تێکڕای خەڵکی هەرێم ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرەکی و لە پێشینەی حکومەت و لایەنەکانی دەسەڵاتە.

هاوکات هێنانەدی ئەزموونێکی سیاسی مۆدێرن و پێشکەوتوو، هیوا و ئامانجی هەمو لایەکە، بەڵام بۆ هێنانەدی ئەو هیوا و ئامانجە، پێویستە لەسەرلایەنەکانی دەسەڵات ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرن کە پارێزگاریکردن لەشوناس و ناسنامەی ئاینی و مێژوویی خەڵکی کوردستان، یەکێکە لەپایە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و هەوێنی سەقامگیری سیاسی و ئاشتەوایی کۆمەڵگەی کوردستانیە و ڕێگەخۆشکەریشە لەبەردەم گەشەپێدان و پێشکەوتنی ڕاستەقینەدا.

لەو بوارەدا باشتر وایە کە سود لەئەزموونە سەرکەوتووەکانی وەك ژاپۆن و کۆریای باشوور و مالیزیا و سەنگافورە وەربگرین کە لەئێستادا گەیشتوون بەئاستی وڵاتانی جیهانی یەکەم و بگرە لەهەندێ ڕووەوە پێش زۆربەی وڵاتانی جیهانی یەکەمیش کەوتوون. لەم وڵاتانەدا ڕاستە زۆر بەچاکی سودیان لەزانست

بەشێوازی جیاجیا و بەرنامە بۆکراو کار دەکرێت بۆگۆڕینی شوناسی ئاینی ڕەسەنی خەڵکی ئەم هەرێمە و پەراوێزخستن و کاڵکردنەوەی هەرچی زیاتری مەنهەجی پەروەردەیی هوڵقوڵاو لە ئایینی ئیسلام

و تەکنۆلۆژیای سەردەم و بەرهەمەکانی مۆدێرنە وەرگرتووە بەڵام هاوکات زۆر بەچاکی توانیویانە پارێزگاریش لە شوناس و کولتور و داب و نەریتی ڕەسەنی مێژوویی خۆیان بکەن.

بەڵام لەم هەرێمەی ئێمەدا مەخابن تا ئەم چرکەساتەش جگە لە هەندێ دیاردە و پرۆژەی ڕواڵەتی، هیچ ستراتیژ و هەنگاوێکی دروست و دوورمەودا بۆهێنانەدی سیستمێکی حوکمڕانی پێشکەوتوو بەدیناکرێت. بەڵکو لەهەندێ ڕووەوە کاری دژ و پێچەوانە دەبینرێت وەك چارەسەرنەکردنی ڕیشەیی گەندەڵیەکان و لاوازکردنی بەردەوامی دامەزراوە سەرەکیەکانی سیستەمی حوکمڕانی و چەندین دیاردەی نەخوازراویتر، بەوەشەوە نەوەستاون ئەوەتا بەشێوازی جیاجیا و بەرنامە بۆکراو کار دەکرێت بۆگۆڕینی شوناسی ئاینی ڕەسەنی خەڵکی ئەم هەرێمە و پەراوێزخستن

و کاڵکردنەوەی هەرچی زیاتری مەنهەجی پەروەردەیی هوڵقوڵاو لەئاینی ئیسلام کە ئاینی زۆرینەی زۆری گەلی کوردە بەگشتی.

خۆ ئەگەر مەبەست لە دوورخستنەوە و کاڵکردنەوەی مەنهەجی پەروەردەی ئیسلامی لەناوەندەکانی خوێندن، بەو پاساوە بێت گوایە زەمینە سازی بکرێت بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە ئاینیە جیاوازەکانی کوردستان، ئەوە لەڕاستیدا پاساوێکی نادروستە، چونکە پرسی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لەپێکهاتە ئاینیە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی وەك هەرکۆمەڵگەیەکی تری موسڵمان، هەڵقوڵاوی بنەما و بەها باڵاکانی ئاینی ئیسلام خۆیەتی کە بەدرێژایی مێژووی چەندین سەدە ڕێزی تەواوی لە ئاینەکانیتر و شوێنکەوتووەکانیان گرتووە و بەردەوام پارێزگاریشیان لێدەکات.

بەرگریکردن لە ناسنامە و شوناسی مێژویی و ئیسلامی گەلەکەمان، هاوشێوەی بەرگریکردن لە مافە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانیتر ئەرك و بەرپرسیارێتی لە پێشینەی خۆمانە و لەسەریشی بەردەوام دەبین.

پرۆفایل:

د. هادی عەلی

* ١٩٥٣، هەڵەبجە.

* دکتۆرا لە فەلسەفەی سیاسی.

* سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو.

* وەزیری داد لە حکومەتی هەرێم، کابینەی چوارەم.

* نووسەر لە بواری فیکری ئیسلامی و فیکری سیاسی

کاریگەری چیرۆکی منداڵان لە سەر پەروەردەیەکی تەندروست

کەمال عەبدوڵڵا گەورە

هەرســـێ کتێبە ئاسمانییەکان (تەورات - ئینجیل- قورئان) بەچیرۆک دەستیان پێکردووە، بەشی زۆری پێکهاتەی هەرسێ کتێبەکە چیرۆکە، کەواتە چیرۆک لە دروستبوونی کەسایەتی مـــرۆڤدا بە گەورە و بچووکەوە دەورێکی گرنگی هەیە. بەڵام بەتایبەت باسکردن و گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵان کاریگەری زیاتری هەیـە لە سـەرهەست ونەستییان بەراورد بە دنیای گەورەکان، چونکە منداڵان خاوەنی هەست و ویژدانێکی خاوێن و پاکن و لەگەڵ نارێکی و خراپییەکانی دنیا کارلێکیان نەکردووە.

پێغـەمـبەری سـەروەرمـان (ﷺ) فەرموویەتی: هەموو منداڵێک بەپاکی لەدایک دەبێت بەڵام دوایـی دایک و باوکی دەیگۆڕن وخراپی دەکـەن. ڕۆسۆش دەڵێ: هەموو منداڵێک بە پاکی لەدایک دەبێت بەڵام دوایی لەناو کۆمەڵدا بۆگەن دەکات.

چیرۆک گێڕانەوە بۆمنداڵانی قۆناغی بنەڕەتی بەتایبەت پۆلەکانی یەک و دوو سێ، زۆر کارێکی پێویست وگرنگە و یەکێکە لەفاکتەرە کاریگەرەکانی ناو پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن. لەبەرئەوەی منداڵ ناتوانێ گوێ لەئامۆژگاری و وتاری لەجۆری مزگەوت و سیاسییەکان بگرێ. دەبێ هەرشتێک بتەوێ بیخەیە ناو دڵ ودەروون و هەست و بیرکردنەوەی منداڵاندا بەشی زۆری دەبێت لەڕێگای چیرۆکەوەبێت!

هەروەها **چیرۆک بیر و خەیاڵـی منداڵ فراوان دەکـات و وای لێدەکـات دنیا بەجۆرێکی جوانتر ببینێت.** دنیای منداڵان دنیایەکی پاک وبێگەرد و جوانە و پڕیەتی لەخەونی ڕەنگاوڕەنگ، وەکو دنیای گەورەکان وشک و برینگ و ڕەق وتەق نییە و دنیایەکی ئەرخەوانی و ڕەنگاڵەیی نایاب وپڕتام وچێژە!! دەبێ ئەوانەی بەئەرکی پەروەردەیی هەڵدەستن کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بن، مەبەستم ئەوە نییە بڵێم دەبێ ئەوکەسانەی دەبنە پەروەردەکار کەسانی ئەکادیمی بن و لەڕێگای نمرەی ئەم

جۆری خوێندنەی لەوڵاتەکەمان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا هەیە بەو پلەیە گەیشتبن، نەخێر بەڕای بەندە دەبێ پەروەردەکاران بەدڵ وناخی دەروونییان لەگەڵ دونیای منداڵان وجۆری پەروەردەکردنەکەیان تێکەڵاو بن و بزانن چۆن هەڵسوکەوت وقسەوباس و ڕەفتاروگوفتار لەگەڵ منداڵان دا دەکەن، چۆن دەتوانن دڵ ومێشک وهزروبیریان بکەنەوە و ئامادەیان بکەن وبتوانن خەونیان بۆدروست بکەن، بیانکەنە مرۆڤگەلی ڕووخۆش ونەرم ونییان و خاوەن ئامانج.

بەڕای بەندە و ئەوەندەی لەسەرئەوبابەتەم خوێندۆتەوە و سەرنجم داوە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەم کردووە و هەروەها بەهۆکاری ئەوئەزموون وشارەزاییەی لەماوەی ساڵانێک لە کاری مامۆستایەتی و وانە وتنەوەدا بەدەستم هێناوە و پێیگەیشتووم، دەرکەم بەهەندێک سەرەداو و نهێنی ئەو بوارەکردووە و گەیشتوومەتە ئەو ڕاستییەی ئەو منداڵانەی چیرۆکییان بۆدەگێڕدرێتەوە یا بۆیان گێڕدراوەتەوە، ئاسۆی بیریان فراوانترەبێت و یادگە و بیرەوەرییان جوانتر و باشتر کاردەکات بەبەراورد بەو منداڵانەی چیرۆکیان بۆنەگێڕدراوەتەوە. چیرۆک دەورێکی گرنگ و باڵا لەدروستکردنی پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤدا دەگێڕێت بەگشتی و بەتایبەت بۆمنداڵانیش.

هەمیشەمنداڵان حەزیان لەو چیرۆکانەیە کە پاڵەوانەکانیان کەسانی ڕاستگۆ و چاونەترس ودەستپاک و خەمخۆری میللەتن و لە خەیاڵی خۆیاندا خۆیان دەخەنە شوێنی ئەوکەسانە

و خۆیان لەچیرۆکەکان دا دەبیننەوە، وەکو پاڵەوان و ئەوانەی مرۆڤی سەرکەوتوون ودەوری سەرەکی دەبینن، بەسەرکەوتنی پاڵەوانەکان دڵخۆش دەبن و بەشکستی مرۆڤە شەڕانگێز و خراپەکان زیاتر متمانەیان بۆدروست دەبێت، کە گوفتار و ڕەفتاریان چاکبکەن و لەداهاتوودا ببنە جێگای ئومێدی کەسانی دیکە و هەوڵی پێشەوایەتی و ڕابەرایەتی وداهێنانکاری دەدەن.

تا ماوەیەکی زۆریش ئەوچیرۆکانە لەبیر و هزر و خەیاڵی منداڵاندا دەمێننەوە و یادەوەرییان ڕووناک وجوان و پڕشنگدارەبێت. یەکێک لەکێشەکانی وڵات ومیللەتی ئێمە ئەوەیە میللەتی ئێمە زاکیرەی لاوازە و کەمتر ڕابردووی بیردەمێنێت، پێموایە هەر بیست و پێنج ساڵ جارێک واتا چارەکی هەر سەدەیەک زاکیرەی مرۆڤی کورد دەسڕێتەوە و دیلێت دەبێت !! هاوڕێیەکم کە سەفەری وڵاتی سینی

پێموایە هەر بیست و پێنج ساڵ جارێک واتا چارەکی هەر سەدەیەک زاکیرەی مرۆڤی کورد دەسڕێتەوە و دیلێت دەبێت !!

کردبوو دەیگووت: هەموو کەناڵە لۆکاڵییەکانی تەلەفزیۆنەکانی سـیـن هـێرشی ژاپۆنییەکان بۆسەر وڵاتەکەیان پەخش دەکەن، بۆئەوەی نەوەی تازەیان بزانن یابانییەکان لە ڕابردوودا چییان بەرامبەر گەلی چین کردووە و نەوەکانی ناوەند و کۆنەکانیش، ئەو داگیرکارییەیان بیرنەچێتەوە! جـا ڕاستی ئـەو کـارانەش هەرلەڕێگای پڕۆسەی پەروەرەکردنەوە دەکرێن. من خۆم کاتێک منداڵبووم، باپیرم بەسەرهاتی سمکۆخانی شکاکی بۆ دەگێڕامەوە، هەروەها کۆمەڵێک چیرۆکی وەکو بزن وگورگ و شێتەکە و ئاقڵەکە و گەلاوێژ و ورچەکە و هتد... بە منداڵی بۆیان گێڕاومـەوە و کاریگەرییان لەسەرم هەبووە.

چیرۆکی باش و پڕ واتا ئەگەر چیرۆکبێژەکە بتوانێ چێژ بە گێڕانەوەکە ببەخشێ زۆر کار لە دڵ و دەروون و هەست وسۆزی منداڵان وقـوتابیانی سەرەتایی جاران و بنەڕەتییەکانی ئێستا دەکات وفێریان دەکات ئەوانیش چێژ بەژیانی خۆیان وکەسانی دەوروبەریان ببەخشن. و بەشەوقەوە ئەرکەکانی خۆیان و کارەکانییان بەرێک وپێکی جێبەجێ و ڕایی بکەن. یەکێک لەگرفتەکانی ناوژیانی ئێمەی کورد بە گشتی و کوردی ئەم هەرێمی باشوورەی لەمەڕخۆمان ئەوەیە چێژوخۆشی نەلەژیانمان و نە لەکارەکانمان ونە لە گوفتار و ڕەفتارماندا وەکـو پێویست نەماوە... بەڕای بەندە زۆرێک لەوانەی لەمڕۆدا دەکرێنە بەرپرس ودەسەڵاتداری وڵات ومیللەت کە ناتوانن ژیانی کەسانی دیکە خۆشبکەن ولێیان نایەت جێگای ئومێدی خەڵکبن، هۆکارەکەی ئەوەیە بەمنداڵی پەروەردەیەکـی تەندروست نەکراون و هەر لەخەمی خۆیاندان و هەموو هەوڵ و تەقەللایەکیان تەنها و تەنها بۆ ئەوەیە، بگەنە چێژی ژیان وئاسوودەیی دەروونی بەدەست بێنن. بەڵام پێی ناگەن لەبەرئەوەی ژیان پێچەوانەیە و دڵی مرۆڤ بۆلای ڕاست دەڕوا و ژیان بۆلای چەپ وهەتا زیاتر دەیانەوێت بگەنە کەناری ئارامی ژیان، زیاتر لێیان دووردەکەوێتەوە و زیاتر هەست بەبچووکبونەوە و دەستەپاچەیی و ڕیسوایی خۆیان دەکەن. مرۆڤگەلێک نەتوانن ژیانێکی جوان بۆخۆیان دابین بکەن، چۆن دەتوانن پەناوپشتیوان وجێی متمانەی کەسانی دیکە بن؟

سەرچاوەکان:

- قورئانی پیرۆز

- تەوڕات (پەیمانی کۆن)

- فەرموودەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت بەگێرانەوەی بوخاری ژمارە٥٨٣١ وموسلیم ٨٥٦٢

- ژانژاک ڕۆسۆ کتێبی ئەمیل وەرگێڕانی ڕێبین ڕەسوڵ.

- پلانی پەروەردە بۆڕاهێنانی کۆمەڵگەی تەندروست لەدەلاقەی ڕوانگەکانی ژانژاک ڕۆسۆوە. نوسینی کیشوەر پیرۆتی_سایتی پێنووس.

پڕۆفایل:

کەمال عەبدوڵڵا حوسێن، ناسراو بە کەمالی عەوڵا گەورە.

* ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی قەرەتەپەی مەرگە لەدایکبووە.

* خوێندنی سەرەتایی هەرلەوێ تەواوکردووە.

* خوێندنی ناوەندی لە ڕانیە و، ئامادەیی لەحاجیاوا تەواوکردووە.

* دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە.

* لەمچەندساڵەی ڕابردوودا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەڕین بەدەستهێناوە.

* مامۆستای بنەڕەتییە، بەشی کوردی.

* لە ساڵی دووهەزارەوە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە.

چەردەیەک لەسەر پێغەمبەرناسیی لای مەحوی

پ. د. سەباح بەرزنجی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

سڵاوی خواتان لێبێت سڵاوێکی پڕ لە مەوەددەت و مەحەبەت .

زۆر سوپاسی ئەم گروپە بەڕێزە خۆشەویستە ئەکەم کە متمانەیان دا بە من بۆ دەستکردن بە وەرزێکی فکری، ڕۆشنبیری، عیرفانی بۆ ئەمساڵ .

دەسپێکی کارەکەیان بریتیە لە مەحەبەت و ئەوینی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەی کە فەیلەسوفان یان موتەکەللیمان ڕەنگە نەتوانن وا بەخێرایی وا بە کاریگەری بیگەیەنن عاریفان و خواناسانی ئێمە بە عیبارەتی کورت ، بە عیبارەتی پوخت بە ئەخلاق و بە ڕەوشتی جوان گەیاندوویانە.

کە ئەوان ئاوێتە بوون لەگەڵ مەحەبەتی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) و بە دڵ و بە گیان ، سیرە و سونەتی سئەو پێغەمبەرەیان بەرجەستە کردووە و بە خەڵکیان گەیاندووە .

لە ڕوانگەی عاریفانەوە پێغەمبەری خوا «مجمع البحرين» ە ، یانی شوێنی بەیەک گەشتنی دەریای شەریعەت و دەریای حەقیقەتە، شوێنی بەیەک گەشتنی عیلمی ظاهیر و عیلمی باطنە، شوێنی بەیەک گەشتنی غەیب و شەهادەیە.

بە تێگەیشتن لە مەقامی پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرهەنگی عاریفان زۆر لە ئیشکالاتی فکری و سیاسی و ئەخلاقی و مە عریفی حەل ئەبێ، بۆیە ئەوانەی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) کۆ ئەبنەوە لەسەر مەحەبەتی ئەو زاتە کۆ ئەبنەوە لەسەر ناسین و مەعریفەتی ئەو زاتە کۆ ئەبنەوە کێشەیان نییە لەگەڵ یەک هەموویان بەرەو یەک مەبەست هەنگاو دەنێن، هەموویان ڕوو لەیەک ئامانج دەکەن هەموویان یەک تینو تاو و یەک وزەو هەنگاویان هەیە.

جا لە ڕوانگەی شاعیر و عاریف و زانایەکی وەکو (مەحوی) ئەمڕۆ چەند ڕاستیەک لەبارەی پێغەمبەر ەوە درودی خوای لێبێت باس دەکەین.

ئێمە چۆن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕوانین؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە چی بزانین؟ پێغەمبەرناسی ئەساسی ئیسلامە ئەگینا خودا ناسی لە دینەکانی تریشدا هەیە هەرکەس ڕەنگە مەعبودی خۆی بە تەعبیری خۆی بەدیدگای خۆی بناسێ بەڵام ناسینی محمد (ﷺ) مرۆڤ ئەخاتە ناو ئیسلام.

بە تەنها ناسینیش کافی نییە، مەحەبەتەکەی توقیر و تعزیم و ڕێزلێگرتن و پەیڕەوکردنی. جێی شانازیە کەوا ئێمە پێغەمبەری خوامان (ﷺ) خۆشبوێ وە پێغەمبەری خوا خۆشویستن بکەین بە بەهانەی ڕزگاربوون وەکو مەحوی ئەفەرموێ :

دووری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانە جۆ

هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشێ بە «بوالوەفا»

بولوەفا مەبەستی پێغەمبەرە (ﷺ)، یانی مادام میللەتی کورد پێغەمبەری خوایان (ﷺ) خۆش دەوێ دووری مەبینە هەر ئەم مەحەبەتی پێغەمبەرەتان بۆ بێتە بەهانە و بەڵگە خوا هەموویان بخاتە بەهەشت ، تەنانەت گەر عەمەلێکی وات نەبێت مەحەبەتی پێغەمبەر (ﷺ) ببێتە بەهانەی ڕزگاربوونی .

عەفوم کە (یا عفو)بە حەققی جاهی ئەو شەهە کەوا

ئایەی عولووی جاهی ئەوە ئایەتی «عفا»

محمودی (فی السما) یە، حەبیبی خودایە ئەو

مەقبولی بارەگاهـ، ئەوە موختار و موستەفا

خوایە بەمەحەبەت و پێگە و مەکانەتی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ)کاتێ خوا فەرمووی عفا الله عنک خوا بت بەخشێ (لم اذنت لهم) خوا عەفوتکا.

ئەوە مەحەبەتە خوا بە مەحەبەتەوە قسە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) ئەکا کەواتە لەبەر مەحەبەتی ئەوپێغەمبەرە خۆشەویستە بمان بەخشە.

مەحەبەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەهانە و حوجەیە بۆ ئیسلام، بۆ پەیوەندی لەگەڵ خەڵک، یانی ئاوا چاو ئەنوقێنم هەرکەس مەحەبەت و ئەوینی هەبێ بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خۆشمەوێ و بەواجبی سەرشانمی ئەزانم خۆشم بوێ، هەرکەس موحیبەت و ئەوینی نەبێ بۆ پێغەمبەر (ﷺ) نزیکترین کەسم بێ نامەوێ و خۆشم ناوێ.

جا تەماشاکە گومڕاییی ئەگاتە جێیەک خەڵکی نەتەوایەتی ئەکا بە معیار هاوشاری، هاومەزەبی، هاو حیزبی ئەکاتە معیار ئەمانە هەمووی ضەلالەتە.

معیار مەحەبەتی ڕەسوڵی ئەکرەمە (ﷺ)، خۆشەویستی ئەو زاتەیە کە خوا بەتەنها بە خۆشەویستی ئەو ئەمان بەخشێ

معیار مەحەبەتی ڕەسوڵی ئەکرەمە (ﷺ)، خۆشەویستی ئـــەو زاتەیە کە خوا بەتەنها بە خۆشەویستی ئـــەو ئەمان بەخشێ، تەبعەن خۆشەویستی داوای ئەوە ئەکات کە پەیڕەوی لێ بکرێت یانی تۆ کەسێکت خۆشبوێ داوای هەرچیت لێ بکا بۆی ئەکەی، ناکرێت تۆ کەسێکت خۆشبوێ و هـیچی بەقسە نەکەی کەوایە یاڕەبی خوایە بۆخاتری گەورەیی ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) ئەو مەحەبەتەمان بۆ بکە بە گەنجینە بۆ مان بکە بە رصید بۆ قیامەت ان شاء الله.

لەشوێنێکی ترا مەحوی بەم شێوە باسی پێغەمبەر (ﷺ) ئەکات:

بەیتی زاتی تۆ لە دیوانی وجوود
مۆری حەق کردە بە نوقتەی ئینتخاب

گەر هەموو بوون تۆ وەک دیوانە شیعرێ حسابی بۆ بکەیت، پێغەمبەر (ﷺ) بەیتی فەرد (دێڕی تاقانە) ی ئەو دیوانەیە.

بەمانایەکی تر ئەڵێ تۆ لە دیوانی وجوودا تاقانەی بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەڵێ دەلیلیشم چیە خوا مۆری قبوڵی ناوە بەسەر شانتەوە یانی مۆری پێغەمبەری.

ناسینی دووەمی مـەحوی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیە کە خوا ناردوویەتی و مۆریشی ناوە بەسەرشانیەوە جا لێرەدا شانازیەکی گەورە ئەکا بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەفەرموێ:

بێ حیسابە گەر گوناهـ باکم چی یە!
حەزرەتی ئەو شافیعە ڕۆژی حیساب

ئەونە گوناهم زۆرە حساب ناکرێ بەلام ترسم نییە چونکە ئەو نازدارە تکام بۆ ئەکا هەرکەسێ پێغەمبەر (ﷺ)تۆماری ئیمانەکەی بۆ ئیمزا بکا ئەوە خوا قبوڵی ئەکا، هەرکەسێ پێغـــەمبەر (ﷺ) قبوڵی نەکا خواش قبوڵی ناکا. مەحوی لە شوێنێکی تردا پێغەمبـەر (ﷺ) بە مەعشوق ئەزانێ، بە مەحبوب ئەزانێ ناوی ئەبا بە جانان عاریف یا عاشق دوو دەستە واژە بەکار ئەهێنێ جان و جانان جان مەبەستی گیانە گیانێک کە پێی ئەژین جانان مەبەستی ژیانی گیانە یانی ژیانی ئەو گیانەی کەپێی ئەژین بۆیە ئەڵێ :

خزر ئەگەر چاوی حەیاتی بڕییە ئاوی حەیات

من لە خاکی دەری جانانەمە هەر چاوی حەیات

حەزرەتی خزر کە توانیویەتی ئاوی حەیات بەدەس بهێنێ و هەرگیز نەمرێ، بەدوای گیانێکا گەڕاوە کە جەستەی پێ بژی، من لەبەر قاپی جانان دا بەتەمای شتێکم کـــــە گیانی پێ بژی کەوایە پێغەمبەر (ﷺ) لە چاوی مەحوی و عاریفاندا گیانی گیانێکە کە پێی ئەژین هەر ئەوەش نا:

مردنێکی لەبەر ئەو قاپییەدا مەردانە بەخوا چاترە ئەمرۆ لە گلاراوی حەیات.

گەر دڵسۆزانە و عاشقانە و بەبێ خەوش لەبەر پێی پێغەمبـــــەرا (ﷺ) بمری ئەو مردنە زۆر خۆشترە لەو ژیانەی کـــە دڵ ببەستی بە دنیایەکەوە کە دنیایەکی هیچ و پووچە.

لە شوێنێکی تردا مەحوی ڕوو دەکاتە پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ:

تۆ نەبی مەلجەئی من بی ،«أبدا» نیمە مەلاز

لەودەرە بێتو دەرم کەی، بە خودا نیمە مەلاز

قاپی یو بابی کەسێکی کە، نیشانم دە، بچم

غەیری قاپی کەرەم و بابی عەتا نیمە مەلاز

من لە دنیادا بۆلای کێ ڕاکەم لەم بەڵا و ناڕەحەتی و کەم و کورتی و نەخۆشی و نەگبەتی و خەفەتە بۆ کوێ ڕاکەم ؟ ئەڵێ قاپی و بابی کەسێکی ترم نیشان بدە.

ئەڵێ نیمە کەســـی تر شک نابەم تەمی غەم عالەمی داگرتووە، بێ مەئوا بووم بەردەری مەیکەدە و بەس، لەوەلا نیمە مەلاز.

بەم هەموە تیرەوە دڵ سینەمی دی، ئەو شێرە

لەرزی هاتێ، وتی ئەم بێشە نەما نیمە مەلاز

بەختە زاهید کە بەهەشتی بووەتە مەئوا، من

غەیری «بيت الحزن » ی دەرد و جەفا نیمە مەلاز

شوکری حەق بەر دەری هەر فەقرە ئیقامەتگاهم

بەر دەروباری نە سوڵتان و نە شا نیمە مەلاز

زاهید لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا نمونەی ئەو کەسانەن بەڕیا عیبادەت ئەکەن بۆ ئەوەی خەڵک پێی بڵێ ماشاء الله. نوێژ کەرە ڕۆژووگرە خواناسە یانی نیەتەکەیان خوایی نییە. ئەڵێ زاهیدێک کە بەهەشت بووە بە مەئوا ئەڵێ من لە بەیت و حەزەنا ئەژیم.

یەکێک لـــەو بەهایانای عاریف زۆر گرنگی پێ ئەدا خەمە هەندێ لە مەقاماتی بەرزی عیرفان لەڕێی حوزنەوە بەدەس دێ بۆ نمونە حوزنی یەعقوب بووە بە زەربول مەسەل ئەو حوزنەی نەبوایە ئەو مەقامە بەرزەی نە ئەبوو، سەبری ئەیوب، حوسنی یوسوف، هەموو ئەمانە وەکو پەیژە وان یانی خوا هەرشتێکی دا بەتۆ تۆ حسابی پەیژەی بۆ بکە کە پێی بخەیتە سەر و بەرز بێتەوە بۆلای خۆی.

بەڵکە لەو ڕێ یەوە من پەی بەمە عیمرانی بەقا

{ مەحویا } غەیری خەراباتی فەنا نیمە مەلاز

ئەمە دەرسە بۆ ئێمە ڕوو لە قاپی کێ کەین؟

جگـــە پێغەمبەر (ﷺ) ڕوو لەقاپی هەرکەس بکەین دوای ماوە یەک شکست دێنین، قاپیەکی تر نیە ڕووی لێ بکەین، ڕوو لەهەر مەدرەسە و فەلـــسەفە و دەسەڵاتێک ئەکەی تەماشا ئەکەی لەو سەرەوە شکست دێنیت.

لە ڕوانگەی بڕواییەوە چۆن باسی پێغەمبەر (ﷺ) ئەکا؟

مەحوی ئەڵێ:

ئەم ئاڵ و گۆڕی دینە لەکارا بووە هەتا

دەوری یەکێ بە دینی ئەوە نەسخی جوملە دین

خوا لە مێژوودا یانی خوا لە مێژووی مرۆڤایەتی دا بــــەردەوام پێغەمبەری هێناوە و پێغەمبەری پێشووی پێ نەسخ کردوەتەوە هەموو پێغەمبەرەکان بۆ قۆناغێکی دیاری کـــراو بوون، بەڵام پێغەمبەرێک هەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بۆ هەموو سەردەمەکانە.

یەعنی پەیامبەری عەرەبی، هاشمی نەسەب

ئەحمەد لە ئاسمان و، محمد لەسەر زەمین (ﷺ)

پێغەمبەر (ﷺ) لە ئاسماندا ناوی ئەحمەدە، لەسەر زەویدا ناوی محمدە. بۆ لە ئاسماندا ناوی ئەحمەدە؟

بمانەوێ و نەمانەوێ شەریعەتی پێغەمبەر درودی خوای لێبێت شەریعەتی مرۆڤایەتیە، قەدەری مرۆڤایەتی ئەوەیە بێنە سەر ئەم شەریعەتە

لەبەر ئەوەی هەموو ئەهلی ئاسمان خەریکی حەمد و ستایشی خوان ڕۆحی پێغەمبەر لە ئاسمانیشدا هەر خەریکی حەمد و ستایشی خوایە لەوان زیاتر ئەهلی ئاسمان شایەتی دەدەن محمد (ﷺ) حەمدی بۆ خوا لە ئێمە زیاترە ئەی لەسەر زەوی بۆ محمدە (ﷺ)؟ ئەوانەی ئەگەن بە فەزیلەتی ئیمان خوای گەورە ڕەحم و بەرەکەتیان بەسەردا ئەڕێژێ، لە عەینی ئەوەدا سوپاسی خـــوا ئەکەن خۆشیان بە قەرزاری پێغـــەمبەر (ﷺ) ئەزانن، کەواتە محمدی سەر زەویشە (ﷺ).

دین و کوتوب نەما ، بووە دین و کیتابی ئەو

باقی دەبێ شەریعەتی ئەو تاکوو یەومی دین

عیسا کە دێتە خوار بۆ کوشتنی جەجاڵ

خۆی و ئەوانە تابیعی ئەوبن، موحەممەدین

تەبعەن ئەمە بـــەو مانایەیە ، بمانەوێ و نەمانەوێ شەریعەتی پێغەمبەر (ﷺ)

شەریعەتی مرۆڤایەتیە، قەدەری مرۆڤایەتی ئەوەیە بێنە سەر ئەم شەریعەتە.

دنیایەک پیلان و فێڵ و موئامەرە بەکار ئەهێنن لەدژی ئەم دینە بە ئەنواعی تۆمەت. هیچ دینێک نیە بەقەد ئیسلام دژایەتی بکرێ. بەڵام لە ئەنجامدا کاتێک عیسا دێتە خوار بۆ کوشتنی جەجاڵ خۆی و ئەوانەی تابیعی ئەون محمدین.

سەرداری ئەنبیایە بە کول، خاتەمی روسول

ساحیب لیوایە، پێشڕەوە، ڕۆژی واپەسین

ئیمامەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئیسراو میعراجا بۆ هەموو پێغەمبەرەکان نیشانەی ئەوەیە ئەبێ ئومەتەکەشی پێشەوای ئومەتەکانی تر بێ.

ئەهمیەتی ئیسراو میعراج لە چی دایە؟

قبووڵی لێ کرا هەرچی رجا بوو، پێی درا هەرچی

عطا بوو، هاتە جێ هەرچی سزای ئیکرامی میهمانە

هەرچی داوای بوو خوا بۆی جێبەجێکرد، هەرچی عطا بوو خوا پێی دا، هەرچیەك پێویست بێ بۆ ڕێزگرتن لە میوانێک بۆی ئەنجام درا.

بەڵام لە هەمووی موهیم تر :

لەگەڵ هەر خەتوەیەک تەحسیلی عیلمێکی «لدنی»ی کرد

لە هی ئەو سەر دەپرسی ڕۆحی حیکمەت نووری عیرفانە «

لەم سەرەوە کە ڕۆی بۆ ئاسمان لەهەر هەنگاوێکیا زانستێکی تایبەتی لەلایەن خواوە وەرگرت، ئەگەر لەخەڵاتی ئەو سەریشی دەپرسی، پوختە و خوڵاسەی تێگەیشتن و خواناسی - ڕۆحی حیکمەت و نوری عیرفان - لەگەڵ خۆی هێنایەوە «.

یەکێ لە عاریفەکان ئەڵێ من بچومایە بۆ میعراج نەدەهاتمەوە محمد ئیقباڵ ئەڵێ ئاخر تۆ نایەیتەوە بەڵام محمد (ﷺ) دەبێ بێتەوە ئەو ڕۆحی حیکمەت و نوری عیرفانە بێنێتەوە بۆ مرۆڤایەتی.

مەحوی قەسیدەیەکی هەیە بەناوی بەحری نور بەحری نور قەسیدەیەکە هەر دێڕێکی کتێبێک شەرحی ئەوێ، هەر کەلیمەیەکی نورێکە.

ئەفەرموێ:

لەتاریکی شەوی کوفرا بەیەک دەم لەمعەیێکی دا

هەزار و سێسەدوبیست و دووە، دنیا چراخانە

خۆی لەمعەی چرا لە تاریکیدا زیاتر دەرەکەوێ و ئەهەمیەتی هەیە دەنا تۆ بەڕۆژی نیوەڕۆ چرات بۆ چیە؟

بەڵام پێغـــەمبەر (ﷺ) لە تاریکی شەوی کوفرا بە یەک لەحزە بە یەک نەفخەی ئیلاهیانە بە بڕیارێکی ئیلاهیانە لەوکاتەوە تا ئێستا دنیا چراخانە.

خوای گەورەش ئەم دینەی بەنور داناوە وە ڕۆژ بە ڕۆژ حەقانیەتی ئەم دینە زیاتر دەرەکەوێ.

«تعالی الله» بە دوو دەم بوو کە هەردوو عالەمی داگرت

بنازم بەم کەماڵی عەزم و حەزم و شەوکەت و شانە

بۆ ئێمەش مایەی شانازیە کەسێک بتوانێت لەماوەی ٢٣ ســـــاڵدا ئەو گۆڕانکاریە عەمیقە ئـــــەو گۆڕانکاریە هەمەلایەنە بکات، خـــــۆی گۆڕانکاری کردن لەناو میلەتێکا کە هیچ پێشینەیەکی کلتوری، ژیاری، فکری، فەرهەنگی، تەشریعیان نەبێت قورسە زۆر، بەڵام تەماشاکە بەچی پێغەمبەر (ﷺ) توانی ئەمە بکا؟ بە عەزم و حەزم و شەوکەت و شان.

خاوەنی ئیرادە بەو حەزم یانی ئیرادە خاوەنی ئیرادە بوو عەزم خاوەنی مەحکەم بوو لەڕووی ئیرادەوە بەهێزبوو شەوکەت و شانی بوو توانی مەجموعەیەکی لەگەڵ بێ وەک ئەو وابن، نوسخەیەک بن لەو ئەو پایەش خوا پێت ئەدا چوون هەموو ئەمانەشت هەبێ و خوا یارمەتیت نەدا نابێ عەزمیشت هەبێ و حەزمیشت هەبێ شەوکەت و شانیشت هەبێ و دەوڵەتیشت هەبێ پاڵپشتی ئیلاهیت نەبێ و تەوفیقت نەبێ نابێ.

ئەوە گرنگە پێغەمبەر (ﷺ) بەم عەزم و شەوکەت و شانەوە چۆن ژیاوە؟

لەگەڵ ئەم ئیحتیشامە زوهدی دنیایی تەماشاکە

کەیەک لەت نانی جۆ بوو قووتی، یا خورما دووسێ دانە

تۆ گرنگە هەموو ئیمکاناتی زەویت لەبەردەستا بێ و بەڵام دەستی بۆ نەبەی. پەیڕەوەکان و ئەتباعەکان و بە هەموو شێوەیەک لەخزمەتتدابن و ئامادەبن بەڵام تۆ بۆ خزمەتی خۆت بەکاریان نەهێنی .

بۆچـی ئـــــەم پێغەمبەرە (ﷺ) وایە؟ کەسێک دەپرسێ مەگەر پێغەمبەر (ﷺ) بەشەر نەبوو؟ هەر مرۆڤێک حەزی لەوە نیە خەڵک لە خزمەتیابێ؟

نا، مەحوی ئەڵێ: ئەم کەسێکی تر بوو:

فەلەک جاهێ سەری خەرمانی تا عەرش، ئەڵبەتە نابێ

تەنەززول کا علووی هیممەتی بۆ دەنکە زیزانە

ئەڵێ ئـــــەم پێغەمبەری خوایە (ﷺ) فەلەک جاهە، ئەڵێ سەری خەرمانەکەی تاعەرش چووە نابێ تەنەزول کا بۆ دەنکە زیزانە.

دیارە پێغەمبەر (ﷺ) لە شوێنێکی تر خوا پڕی کردووە، لە شوێنێکی تر تێرە.

عیرفان ئەوە نییە خواناسی بکەی بۆخۆت و لە گۆشەیەکدا دانیشی و بڵێی خەڵک کەیفی خۆیەتی، من حەقم نییە بەسەر کەسەوە!

کەوایە ئەبێ ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) زۆر موهیم بێ:

موهیممێ غەیری زاتی حەی لە هیممەتیا نیە، ئیللا

لەبەر ئەم ئوممەتە بێ هیممەتە دائیم بە ئەحزانە

پێغەمبەر (ﷺ) یەک خەمی هەبووە خەمی ئومەتەکەی خەمی ئێمە خەمی مرۆڤایەتی.

عیرفانی نەبەوی ئەمەیە، عیرفان ئەوە نییە خواناسی بکەی بۆخۆت و لە گۆشەیەکدا دانیشی و بڵێی خەڵک کەیفی خۆیەتی، من حەقم نییە بەسەر کەسەوە!

عیرفانی نەبەوی عیرفانێکی گۆشەگیر نییە، عـــــیرفانێکی کــــۆمەڵایەتییە، عیرفانێکی بەشدارە لە معاناتی خەڵکدا.

ئێمە بەرامبەر ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) نازدارە چی بکەین ؟

مەحوی جواب ئەداتەوە:

بەزیکر و فیکری شیمەی موستەففا وەقتت

موسەففا کە

کە باسی ئەو سەفابەخشە، تەرەب خێزە، دوڕ ئەفشانە

ئێمە ئێستە کـــاتمان لێڵە مەزاقی ڕۆحمان تێک چووە، بۆ چاکبوونەوە یادی پێغەمبەر (ﷺ) بکە، یادی خەسڵەتەکانی بکە، یادی سیفاتە جوانەکانی بکە، بیری لێبکەرەوە، کە باسی ئەو سەفابەخشە، تەرەب خێزە، دوڕ ئەفشانە.

هەتا تۆ ناوی محمد (ﷺ) ئەبەی چێژی لێ وەر ئەگری..

خودا لەو زیکر و فیکرەم قەت نەکا غافڵ زوبان و دڵ

هەتا غونچە دڵ و، سۆسەن زوبانی باغ و بوستانە «

تا لـــــە باغی ژیاندا دڵ وەک خونچە وایە و زوبانیش وەک گوڵی سۆسەنە، خوا هەرگیز زوبان و دڵم لە باسکردنی پێغەمبەر (ﷺ) و بیـــر لێ کردنەوەی بێ ئاگا نەکا».

تەبعەن زیکر بە زمان ئەکرێ و فیکریش بە دڵ.

لەکن مەحزی خەیاڵی، دڵ بەجارێ بۆتە کێوی توور

لە کن وەسفی جەماڵی ، لێوی واسیف گوڵ بە دامانە

هەر بیری لێ ئەکەمەوە دڵم وەک کێوی توور ئەسووتێ کە خەیاڵی ئەکەم خەیاڵی ئەو کە دوورە لێم کە دوورم لێی دڵم وەک کێوی توور

ئەسوتێ هەرکە وەسفی جەماڵی ئەکا وەک ئەوە وایە لە لێوی گوڵ ببارێ وایە.

یان:

گەهی دانیشتنی، کێوێکی تەمکینت لە بەرچاوە لە وەقتی ڕۆینیدا، هەر دەڵێی سەروە خەرامانە لەڕوخساری لەتیفی: گوڵ، لە جەعدی عەنبەرینی دڵ دەجۆشێت و دەبارێ، ئەو گوڵستان، ئەم دڵستانە

ڕووخساری وەک گـــوڵستان وایە جەعدی عەمبەرینیشی پڕە لەدڵ، ئەم عاریفانە هەموویان دڵیان کەوتوەتە ناوی و بووە بەهێلانەی دڵان، جا ئێمەش گەشتینە ئەوەی بڵێین یاڕەبی خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت ئێمەش بەهرەمەند بکەی لە فەیزی مەحەببەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەهرەمەندمان بکەی لە عیلمەکەی، لەشەریعەتەکەی لـــە سونەتەکەی لە سیرەتەکەی وە لەگەڵ ئەهلی عیلم و عیرفانا حەشرمان بکەی.

ئەمەی سەرەوە پوختەی کۆڕێکی د. سەباح بەرزنجی سەرۆکی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی بوو، لە گرووپی ئاوێزان سەر بە ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابییانی کوردستان، لە قەزای سەیید سادق. ڕۆژی ٣ی نیسانی ٢٠١٩.

پڕۆفایل:

* ناوی تەواو : سەباح محەمەد نەجیب حەسەن بەرزنجی .

* لەدایکبووی ١٩٦٨/٨/١ لە گوندی نەوێی پارێزگای هەڵەبجە، لە بنەماڵەیەکی زانستخوازی ئاینی.
* هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فیقهو بنەماکانی یاسای ئیسلامی لە زانکۆی تاران ساڵی ٢٠٠١، تێزەکەی بەناونیشانی (بزاڤی فیقهی ئیسلامی لـــە گـــوزەری مێژوودا).
* سەرپەرشتیی زۆر نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە لـــە پسپۆرییەکانی فەلسەفەی ئیسلامی و شەریعەت و یـــاســـا و بابەتە مێژووییەکان.
* بەشداریی چەندین لیژنەی تاوتوێی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرابووە لەزانکۆکانی سلیمانی و سەلاحەدین و ئەکادیمیای مرۆیی مالیزی و کۆلیجی ئیمام ئەعزەم و زانکۆی عیراقییە و زانکۆی جینان لە لوبنان.
* چەندین باس و توێژینەوەی زانستی و هزری نووسیوە.

* بەشداریی زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی زانستی کردووە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.
* ئەندامێتـی زۆر سەنتەر و ناوەند و دەستەی نووســەرانی گۆڤــارە زانستییەکــان بووە.
*چەندین دانراوی بە زمانەکـــانی کوردی و عەرەبی و فارسی و چەند وەرگێڕانێکییشی هەیە.

بنەماکانی بەختەوەری خێزان

زانا کاظم حسن

بەختەوەری خێزان واتا چی ؟

واتا ئەندامانی خـــێزان هەریەکــە لەلای خۆیەوە هەوڵی دڵخۆشکردنی ئەوی تر بدات، هەمووان پێکەوە لە پێناو یەك ئامانجی سەرەکی کاربکەن ئەویش هەستکردنە بە ئاسوودەیی..

بنەماکانی بەختەوەری چین؟

١- رێزگرتنی یەکتری:

لە پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزاندا ئەم بنەمایە گرنگترینیانە. کارەکتەری سەرەکی بریتییە لە دایـــــك و باوك، کاتێ ئەم دوو هاوسەرە لە پێش چاوی منداڵەکانیان هەموو خۆشەویستی و رێزێك بۆ یەکتری دەردەبڕن بە جوانترین شێوە ڕەفتار لەگەل یەکتردا دەکەن و زۆرترین وشەی ڕۆمانسی بەرامبەر یەکتری بەکاردەهێنن، ئەمەش دواجار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر منداڵەکانیان جێدەهێڵێت، کاتێ ئەوانیش گەورە دەبن و هاوسەرگیری دەکەن هەمان شێوازی دایك و باوکیان پیادە دەکەنەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بنەمای رێزگـــرتن هەوێنی بەختەوەری خێزانە.

بنەمای رێزگرتن هەوێنی بەختەوەری خێزانە

٢- نەرمی نواندن لە نێوان ئەندامانی خێزان:

زۆر جار دەگونجێ ڕای جیاواز دروست ببێت لەســـــەر بارودۆخێك کە دێتە پێشەوە بەڵام ئەوەی گـــرنگە هەریەکەیان هەستی بەرپرسیارێـــــتی هەڵبگرێت لە بارودۆخێکدا کە پێویستە نەرمی بنوێنێ، گرنگە جیبەجێی بکات لە پیناو بەختەوەری خێزان. ئەمەش پێی دەوترێت قوربانیدان لە پێناو مانەوەی خێزان بە تەندروستی.

٣- وەکو یەك تیم هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدەن:

خێزانی بەختەوەر بەوە ناسراون کە گیانێکن لە ناو چەند جەستەیەکدا بۆیە کاتێ یەکێکیان توشی گرفتێك دەبێت هەموان پێکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن. هەموان ئەو گرفتە بە گرفت و کێشەی خۆیان دەزانن. جا گرفتەکە هەرچیەك بێت گرنگ نییە، ئەوەیان بۆ گرنگە کە کاریگەری نەکاتە سەر پەیوەندییەکەیان .

٤- بوونی پەیوەندییەکی بەردەوام:

بەداخەوە وەك دەبینرێت لە ڕۆژگاری ئێستاماندا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لاواز بوون، بەجۆرێك ئەندامانی خێزان هیچیان ئاگاداری ئەوی تریان نین بە هۆکاری سەرقاڵبوون بە دونیاوە، بەڵام ئەوەی لە خێزانی بەختەوەردا چاوەڕوان دەکرێت ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان ئەندامانی خێزانە کە بە شێوەیەکی بەردەوام ئاگاداری یەکترین. لە ئەگەری زۆر سەرقاڵیشیان لانی کەم هەفتەی جارێك هەموان پێکەوە کۆدەبنەوە تا لە بارودۆخی یەکتری دڵنیا بن. مانەوەی ئەم پەیوەندییە بەم شێوازە بە بەهێزی کاریگەری خۆی دادەنێت لەسەر دڵ و دەروونی ئەندامان و وا دەکات هەموان هەست بە متمانەیەکی بەهێز بکەن بەرامبەر یەکتری .

٥- جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکان:

بەختەوەری ڕاستەقینە بەدەست نایەت تا پەیوەندی خۆت لەگەڵ خوای خۆت چاك نەکەیتەوە، لە خێزانی بەختەوەردا هەموان بە گروتینەوە پەرۆشی جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکانیانن،

دایك و باوك کاتێ جددی بوون لە بە جێهێنانی ئەرکەکانیان، دواجار ڕەنگدانەوەی بەسەر مناڵەکانیان دەبێت. ئەم پەرۆشییە وا دەکات هەموان بە گڕوتینەوە هەوڵی ڕازیکردنی خوای گەورە بدەن، چونکە دەزانن تاکە سەرچاوەی بەختەوەری ڕازیکردنی پەروەردگارە .

له کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەوەی خێزانی بەختەوەر لە جۆرەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی خێزان مافی ڕادەربڕینیان هەیە بە شێوازێکی ڕاستگۆیانە و، هیچ کەس فرمان بەسەر ئەوی تردا ناکات بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە لەگەڵ یەکتردا دەدوێن، هیچ شتێکی شاراوە لە نێوانیاندا نییە، تێگەیشتنیان لە زمانی جەستەی یەکتری یەکێکی ترە لە جیاوازیەکان، بۆ نموونە کاتێ یەك لە ئەندامەکان تووشی بارودۆخێکی نەخوازراو دەبێت هەر بە سەیرکردن دەزانرێت کە تووشی کێشە بووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەندامانی خێزانی بەختەوەر تەواو ئاوێتەی دڵ و دەروونی یەکتری بوون .

لە خێزانی بەختەوەردا باوك و دایك کەسی یەکەمن و ڕێزی تایبەتیان هەیە، هیچ ئەندامێك ناتوانێ بێ فرمانییان بکات. گرنگیەکی زۆر بە کات دەدرێت و هەموو هەنگاوێکیان بە بەرنامەو پلانە ...

